چەتۆی بەڕانەتی

# کەخیانەت
# سنوورەکان دەبەزێنێ



# کەخیانەت
# سنوورەکان دەبەزێنێ

نووووسین و ئامادەکردنی
چەتۆی بەڕانەتی

٢٠١٩

# سوپاسنامە

سوپاسـی تەواوی هاوڕێیـانم دەکەم  لە بەچـاپ گەیانـدنی ئەم پەرتووکە چ ئەو برادەرانەی کە هانیاندام یاخود بە زانیاری وەك بابەت یان بە تەلەفۆن پەرتووکەکەیان دەوڵەمەند کرد .
بە تـایبەتی کـاك (دیـار عزیـز شـریف) کە لە وردبینـی کتێبەکەم ئەرکی کێشا.

# پێشەكی

(قەزیەی مەمـۆ) ئەو دەسـتەواژەیە لەنـاو شـیوعیەكان و بەتـایبەت پێشمەرگەكانی ( حشع ) زۆر باو و ناسراوە و ئاماژەیەكی دیارە بۆ روودانی خیانەتێكی گەورە لەنێو حیزبی شیوعی عێراقی لە سالأنی هەشتایەكانی سەدەی رابردوو كە بەهۆیەوە زەبرێكی كوشندە لە رێكخستن و هێزی پێشمەرگەی ئەو حیزبە درا و لەو پیلانگێرییە پۆلێك پێشمەرگە و ئەندامانی رێكخستنی حیزب لە شاری هەولێر لەناوبردران ,شەهیدبوونی كۆمەلێك كادیری بەتوانای حیزبی و عەسكەری بەتایبەتی كۆمەڵێك فەرماندەی عەسكەری قاتعی هەولێری ئەو حیزبە كە هەتا ماوەیەكی زۆر ( ئەگەر نەڵێم تا ئێستاش ) كاریگەری نەرێنی لەسـەر رێكخسـتن و هێـزی پێشـمەرگەی ئەو حیـزبە دانـا٠

ئەوەی لای من و خەڵكی دیكەش جێی سەرنج و پرسیارە زۆر كەم یان هەر باس لەو كارەساتە گەورەیە نەكراوە، تەنانەت زۆر بەكەمی لە ئەدەبیاتی ئەو حیزبە ئاماژەی پێدراوە، بە شێوەیەك ژیاننامەی شەهیدەكانیش گرنگییەكی ئەوتۆی پێنەدراوە.

جێی ئاماژە پێكردنە شەهیدەكان لە لیستی موچەی شەهیدانە پلەی شیاوی خۆیان پێنەدراوە ٠٠٠٠٠٠هتد.

زۆرجار و لە زۆر شوێن ئەو پرسیارە یان ئەو ئەركە رووبەرووی من كراوەتەوە كە ئەوەندەی بكرێ باس لەلایەنە شاراوە و وردەكارییەكانی (قەزیەی مەمۆ) بكەین، و رۆشنایی بخەینە سەر رۆڵی قارەمانانەی ئەو كۆمەڵە هاورێ و

هاوسەنگەرانەمان كە بەغەدرو خیانەت شەهید كران تاوەكو روحی ئەوان شاد و ویژدانی خۆشمان ئاسودە بكەین.

بەندە كەسێك بووم لەو كات بەحوكمی كاری حیزبیم ونزیكیم وەك برا و ئامۆزا و خزمایەتی لەگەل ئەو هاوڕێیانە، دەتوانم بلێم هەتا رادەیەكی زۆر ورد و درشتی مەسەلەكە و نامەی نهێنی حیزب و بەشداری زۆر كاری ئەو هاوڕێیانە و تێكەلاوی ئەو مەسەلەیە بووم. زۆربەی رووداوەكانم لە بیر ماوە، هەر ئەوەیشە لەلایەن زۆر هاوڕێ و برادەر ئەو داوایەم لێكراوە كە هەرچی دەیزانم بە باش و خراپ تۆماری بكەم بۆ ئەوەی لای هەموان روون و ئاشكرا بێت كە ئەو رووداوە چۆن دەستی پێكرد و بە كوێ گەیشت ، لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەموان وەك خۆی دوور لە تەخوین و تەشهیر باس بكرێن٠

بۆ زانیاری هەموو لایەك رەنگە بەچەند زنجیرەیەك ئەوجا تەواو بێت هەر لە چوونی مەمۆ بۆ پێشمەرگایەتی و وەرنەگیرانەوەی لە حیزب و چوونی بۆ ئێران و دواتر هاتنەوەی بۆ ناو حیزبی سۆسیالیست دواتر هاتنەوەی بۆ ناو شار و پەیوەندی بە هاورێیان و دواتر وەرگیرانەوەی و چۆنیەتی وەرگیرانەوەی و تەكلیف كردنی بۆ كاری تایبەت و چۆنیەتی داو دانانەوە و تەسلیمكردنی هاورێیان و هەموو وردەكارییەكانی دیكە ٠٠٠٠هتد

# مەمۆ کێیە؟(١)



مەمـــۆ نـــاوی ( مامەنـــد ئیســـماعیل ئیبـــراهیم ) ە بە ( مەمۆی سمایل کسێری ) مەشهورە و لە عەشـــیرەتی ( کەلهـــور)ە و دایکـی لە عەشـیرەتی ( زراری ) یە، خەڵکـی دەشـتی هەولێـرە و لە دایـک بـووی سـالی (١٩٥٠) یە، ئاسـتی خوێـندنی شـتێکی ئەوتـۆ نەبـوو لە قۆنـاغی سـەرەتایی یـان لە ناوەندی وازی لە خوێندن هێناوە ٠

بەحـوکی ئەوەی خزمەکـانی سەروکاریان لەگەل ( حشع ) هەبوو، ئەویش خۆی لەناو رێخستنەکانی ئەو حیزبە دەدۆزێتەوە بە هۆکاری تەمەنی گەنجی و تا رادەیەکیش خوێندەواری لە کاری حیزبی بەرەو پێش دەڕوات تا پلەی ئەندامیەتی ( قەزا ) و دواتـر دەنێـردرێتە دەرەو بـۆ دەورەی حیزبـی کە دەگەرێتەوە دەکرێ بە ئەندامی ( محەلی هەولێر ) و وابزانم لە ساڵی ١٩٧٧ بەرپرسیارێتی ( قەزای کۆیە) پێدەسپێردرێ.

# دەرکردنی لە حیزب

دیارە لەو ماوەیەی لە کۆیە بەرپرسیارێتی دەبێت، ژێر بەژێر پەیوەندی بە دەزگا ئەمنییەکانی بەعسەوە دەکات و دەست دەکات بەکارکردن لەگەڵیاندا.

دوای ماوەیەک لەلایەن رێخستنەکانی کۆیە و هاورێیانی ئەوێ گومانی لێ دەکرێ و سەرکردایەتی هەرێمی لێ ئاگادار دەکرێتەوە ، دوای لێکۆلینەوە و بەدواداچوون دەردەکەوێت گومانەکان راستن و بریاری دەرکردنی دەدرێت٠

من ئەو کاتەم لەبیرە لە سالآنی ( ١٩٧٧/ ١٩٧٨) بوو ئەو دەنگۆیە بڵاوبووەوە کە ناوبراو لە حیزب دەرکراوە و لە ناو رێخستنەکان وا بڵاوکرایەوە کە لە هەر شوێنێک بینیتان خۆتانی لێ لادەن و هیچی لا باس مەکەن, بە حوکمی ئەوەی خانەوادەی ئێمە لەناو ئەو حیزبە بووین، هەر زوو ئەو شتەمان زانی.

رۆژێک باوکم ئاگاداری کردینەوە کە (ناو براو )حالّی بەو شێوەیە و لە مالّە شیوعیەکان دەگەرِێ و سەردانیان دەکات ,ئەگەر هاتە ئێرە هیچی لا باس مەکەن.

رێک وابوو مالّی ئێمەش دیارە یەک لەو مالآنە بوو کە لە بەرنامەی خۆی دانابوو سەردانی بکات، ئەوە بوو دوا نیوەرۆی هەینییەک کە باوکیشم لەمالّ بوو، (ناوبراو)هاتە مالّمان، جوان دیقەتم کرد کە چۆن باوکم خۆی لە هەموو پرسیارەکانی ئەو دەدزییەوە.

# دەرچونی بۆ شاخ

وەک خۆی باسی دەکرد سەرەتا دەچێتە بارەگاکانی حیزب لە ( خری ناوزەگ ) زۆرهەوڵ دەدات بۆ ئەوە وەک پێشمەرگە لە ریزەکانی حیزبی

شیوعی وەربگیرێت، بەڵام قبوڵ ناکرێت، بۆیە ناچار روو دەکاتە ئێران و ماوەیەک لەوێ دەست دەکات بەکاری (لەبغکاری)، بەڵام دیارە دەسبەرداری هەوڵەکانی خۆی نابێت تاوەکو بتوانێت لە حیزب وەربگیردرێتەوە.

دواجار هەوڵەکانی بە ئاکام ناگات و وەک خۆی دەیگوت بە پێشنیازی دۆست و برادەرەکانی دەچێتە ناو ریزەکانی ( حسک ) و بە حوکمی ناسراوی و توانای خۆی کاریگەری هەندێک لە خزم و برادەرەکانی بەسەر کەسانی دەست ڕۆیشتووی ناو ( حسک )، دەکرێتە کادیری پێشکەوتووی ئەو حیزبە و لەوێ جێگیر دەبێت. دیارە بە بەردەوامیش هەر هەوڵی خۆ نزیک کردنەوەی داوە لە ( حشع ) .

## ماوەی ناو (حسک)

دیارە ئەو ماوەیەی لە ناو ( حسک ) کاری کردووە ( وەک خۆی باسی دەکرد ) هەرچەندە بەرپرسیارییەتی هەبووە، بەڵام دەورێکی ئەو تۆی نەبووە زیاتر کات کوشتن بووە و زۆر ترسیشی لەخۆی هەبووە بە ( قسەی ئەو ) خەڵکی سەر بە رژێم لەناو ( حسک ) زۆر بووە زیاتر کاتی خۆی لەگەل دەستەی کەسێک بەناوی ( بێکەس ) بەسەر بردووە، ئەو ( بێکەس ناوە ) خۆشیویستووە، زۆر ئاگاداری بووە ( بەقسەی خۆی ) گوایە ( ١٣ ) جار هەوڵی لە ناوبردنی دراوە، بەڵام بە هاوکاری هەندێک خەڵکی باش هەوڵەکان سەریان نەگرتووە.

یەک لەو هەوڵانەش لەلایەن ( مامەند مەنتک ) بووە، چونکە نامەیەک لە دائیرەی ئەمنەوە هاتووە بەناوی ( بۆ مامەند کادیری سۆسیالیست )، دیارە ئەو نامەیە بەهەڵە دەکەوێتە دەست ( مامەند مەنتک )، ئەویش نامەکە دەداتە

سەرووی خۆی و دەڵێت ئەوە بۆ مەمۆ هاتووە و بەهەڵە لەبەر پێک چوونی ناومان كەوتۆتە دەست من. مەمۆ لە ئەسڵدا ناوی ( مامەندە نەک مەمۆ )، بەڵام دیارە بەهۆی نارێک و پێکی ( حسک ) و زۆری بەرپرس و باڵ و دەستە دەستەی ناو ( حسک ) ئاشكرابوونی ئەو پەیوەندییە سیخوڕییەی مەمۆ لەگەڵ بەعس لەنێو حیزبی سۆسیالیست دیزە بە دەرخۆنە دەكرێت. دیارە ( مامەند مەنتک ) هەوڵی زۆ دەدات بۆ بەسزاگەیاندنی مەمۆ، بەڵام بێسود دەبێت تەنانەت( بەقسەی خۆی )جارێكیان ئەو ( مامەند مەنتک ) ە چەكی لێ راكێشاوە، بەڵام هەر ئەو ( بێكەس ) ناوە پاراستویەتی ٠

## بەجێ هێشتنی ( حسک ) و هاتنەوەی بۆ ناو شار

دوای ئەوەی شەری ناوەخۆ هەلدەگیرسێ و هێزەكانی ( بەرەی جود ) هەلدەكشێن بەرەو ( دۆلی سماقولی و بالیسان ) ,(ناوبراو )دیارە ئەوە بە فرسەت دەزانی و لە دۆلی سماقولی خۆی لە هێزەكانی حسک دادەبرێنێ و بەهەر شێوەیەک دەبێت دێتەوە شار( وەک خۆی گوتی ) لە سماقولی لەلایەن هێزێكی ( حسک ) زۆر ئەزیەت دەدرێ و تەنانەت چەكیش دەكرێ كە تەنها دەمانچەیەكی پێ دەبێت ئەویشی لێ دەستێنن ماوەیەكی زۆر لەشار بە شێوەی ئیختیفا دەمێنێتەوە لەو ماوەیە چەند جارێک دەچێتە ماڵی خزم و ناسیاوەكانی كە لەگەل هەندێک پێشمەرگەی ( حشع ) خزم و ناسیاو بوو,ئەوە دەبێتە سەرەتایەک و هەولێكی دیكەی بۆ خۆ نزیک خستنەوەو گەرانەوەی بۆ ناو رێزەكانی ( حشع ) ٠

## خۆ نزیک کردنەوە لە (حشع)

دوای ئەوەی شـەری نـاوەخۆ هەلگیرسـا و هێزەکـانی ( بەرەی جـود ) لە ناوچەکە نەمان و شەری دووەمی ( پشت ئاشان ) کۆتایی هات ٠
هێزەکـانی ( حشـع ) چـوونە ( نـاوچەی بـارزان ) لەوێـوە دەسـت کـرا بە ناردنی مەفرەزە بۆ دەشتی هەولێر و چەند شـەر و پێک دادانێک لە نێوان ئەو مەفرەزانە و ( ی ن ک ) رووی دا زۆر جار بە ناچاری ئەو مەفرەزانە بۆ خۆ وون کردن لە هێزی ( ینـک - رژێم ) دەهـاتنە نـاو شـار و بە شێوەی ئیختیفـا دەمانەوە ، زۆر جار (ناو براو )لەگەل ئەو پێشمەرگانە یەکتریان دەدیت وەک وتم بە حوکمی خزمایەتی و برادەرایەتی کۆن سیقەیان پییێ دەکرد دیارە ناو براویش بە حـوکمی ئەرکـی خـۆی و بـۆ بەرێوەچـونی کارەکـانی زیـاتر لێیـان نزیـک دەکەوتەوە ,بۆ نمونە لەوکات من چەند جارێک ناو براوم لەگەل ئەوان دەدیت لەو مـاڵانەی کە ئیختیفیـان لێدەکرد بەتـایبەت هاورێیـان ( بریـار ، داود ، سـەرباز ...... هتـد ) تەنـانەت هاورێیـانی کـادیرش هەبـوون لەگەل پێشـمەرگەکان ناوبراویان دەدیت وەک هاورێیان ( کۆچەر ، پێشرەو ، ئارام ، رەنگە هی تریش ) ،ئەو یەکتر بینین و بەیەکەوە مانەوە بووە سەرەتای هەولی بەهێزو یەکلاکەرەوەی وەرگرتنەوەی (ناو براو)

## هەنگاوی کردەیی بۆ وەرگرتنەوەی لەحیزب (٢)

وەک لە بەشی پێشوو باسم کرد لەو کاتانەی کە مەفرەزەکـانی حیـزب بۆ شوێنبزری لە هێزەکانی ( ینک -رژێم ) دەهـاتنە نـاو شار دیدارەکانیان لەگەڵ ( نـاوبراو ) و نزیـک کەوتـنەوەی لە هاورێیـان و هەنـدێک جـار بەڵێنـی ئەوەی پێدەدان کە ئەو دەتوانێ لە رێگای ماڵە خاڵوانی کە چەکداری رژێمن و سەر بە

عەشیرەتی (زراری)ین و ناوچەیەکی فراونیان لەبەر دەستە بە هیچ شێوەیەک هێزەکانی ( ینک ) ناتوانن بچنە ناوچەی ( زرارەتی ) کە ناوچەیەکی گرنگ و خالی بەیەک گرێدانی ( دەشی هەولێر بە رەو بارزان بوو ) بۆ هات و چۆی هاورێیان ئاسانکارییەکی باش بوو, هەروەها هۆکاری خزمایەتی و ناسیاوەتی کۆن و رەنگە شتی دیکەش بووە هۆی ئەوەی هەموو هاورێیانی پێشمەرگە و بەشێکی زۆری کادیرانی حیزب لە ناوهەولێر ( بەکردار ) هەوڵی وەرگرتنەوەی بدەن و نامەی پاڵپشتی بۆ سەرکردایەتی ( قاتع) رەوان بکەن و پێداگری بکەن لە وەرگرتنەوەی, هەموو ئەو هاورێیانە تەواو قەناعەتیان هاتبوو کە (ناوبراو) غەدری لێکراوە و هەردەم هەوڵدەدرا دەرکردن و وەرنەگرتنەوەی بکەن بە شتی شەخسی و وەک مونافەسەی شەخسی ناو حیزب پیشان دەدرا، یەک لەو دەنگۆیانە ئەوە بوو ( گوایە ئەوە تەنیا هاورێ فاتیح رەسول-ە لە پشت مەسەلەی وەرنەگرتنەوەی( ناوبراو)ە و هاورێ نەجمەین مامۆش پاڵپشتی بۆچوونەکەی هاورێ فاتیح دەکات, ئەویش هۆکارێکی شەخسیە و هیچی تر ) ئەگەرنا (ناوبراو کەسێکی دڵسۆزە)، بەمەش زۆرێک لەو نامانەی کە لەلایەن ئەو هاورێیانە دەنوسران، موبالەغەی زۆریان تێدا دەکرا وەک ئەوی ( لەناو شار هاوکاری زۆری کردووین یان بوونی (ناوبراو) لەو رۆژگارەی ئێستادا زۆر گرنگە بۆ حیزب دەیان شتی دیکەش کە هەر ئەسڵ و ئەساسیان نەبوو، هەموو ئەمانەش بۆ ئەوە بوو تاوەکو سەرکردایەتی حیزب ناچار بکرێ لە وەرگرتنەوەی (ناوبراو).

وەک من بزانم لە سەرکردایەتی قاتع و محەللی هەولێریش هەمان ویست هەبوو بۆ وەرگرتنەوەی کە هەندێک لە ویستەکان لە دڵسۆزی نەبوو، بەڵکو لە

بەرژەوەندی شەخسی یان لە مونافەسەی حیزبی بوو چ لەناو هاوڕێیانی قاتع یان لەناو هاوڕێیانی محەلی ( من بەشێکی زۆری ئەو هۆکارانە و ئەو کەسانە بەناو دەزانم، بەڵام بە پێویستی نازانم بیاننوسم ).

بەگشتی ناو براو هەرچەندە لە حیزب وەرنەگیرابووە، بەڵام لەلایەن ئەو هاوڕێیانەی ئەو کات لەشار بوون چ هاوڕێیانی پێشمەرگە چ هاوڕێیانی کادیر وەک کەسێکی کاریگەر و دڵسۆز و وەک یەکێک لە خۆیان هەڵس و کەوتیان لەگەڵ دەکرد, لە زۆر شت پرسی پێدەکرا و رای وەردەگیرا.

بە کورتی دەکرێ بڵێم بڕیاری وەرگرتنەوەی لەناو شار درا بوو بەبێ ئەوەی حیساب بۆ هەیئاتی سەروو بکرێت، بەڵام دەبێت ئەوەش بگوترێ لەلایەن سەرکردایەتی قاتع گلۆپی سەوزی بۆ هەڵکرا بوو، بەتایبەتی لەلایەن ( ئەبو حیکمەت ) کە ئەو کات بەرپرسی قاتع و ئەندامی لیژنەی مەرکەزی حیزب بوو, من ئاگادارم (ئەبو حیکمەت) چەند جارێک بە نامە هاوڕێیانی پێشمەرگەی ئاگاداردەوە و سەرپشکی کردن لەوەی کە دەتوانن سود لە ئیمکانیاتی (ناوبراو )وەربگرن.

## گەڕانەوەی مەفرەزەکان بۆ بارزان

دوای ئەوەی مەفرەزەکانی پێشمەرگە ماوەیەک بە ئیختیفا لەناو شار مانەوە لە بەر زۆری هێزەکانی ( ینک ) لە ناوچەکە بە ناچاری بڕیاری گەڕانەوە بۆ سەرکردایەتی درا و بیر لە چۆنیەتی دەرچوون لە شار بەسەلامەتی کرایەوە، چونکە ناوچەکە هێزێکی زۆری ( ینک )ی لێبوو، هەر بە ئەنقەست بۆ لێدانی ئەو مەفرەزەیە هاتبوونە ناوچەکە، تەنانەت چەندین جار دۆست و لایەنگر و کەس و کاری پێشمەرگەکانی شیوعیان دەگرت و کار گەیشتە

ئەوەی هەندێکیان کوشتیش کە یەک لەوانە ئیلتحاقێکی عەرەب بوو ئەفسەری فرۆکەوان بوو بە پلەی رائید لە گوندی ( بێریات ) بەبەرچاوی خەڵک لەلایەن مەفرەزەیەکی تیپی ( ۹۳ ) کۆیە, هەرچی هێزی هەیانبوو لە کەرکوک و باڵەکـایەتی و کـۆیە و .... هتـد هێنرابـوونە نـاوچەکە، هەروەهـا یەکێتـی مفاوەزاتیشی لەگەڵ رژێمی بەعس هەبوو کە ئەمەش ئاسانکارییەکی زۆری بۆ هاتووچۆی هێزەکانی ( ینک ) دروست کردبوو, تەنانەت هەندێک جار لەناو شاریش هاوڕێیانیان تەنگەتاو دەکرد, ئەوە بوو بیر لە چەند ڕێگایەک کرایەوە بۆ گەڕانەوە بۆ سەرەوە. دیارە (ناوبراو)یش لەو شتانە ئاگادار بوو، پێشنیاریشی بۆ کردبوون کە ئەو دەتوانێت لە ڕێگای خالوان و خزمەکانی بەسەیارە بیانگەیەنێتە نـاوچەی دوور لە دەسـتی هێزەکـانی ( ینـک ) ,مـن ئاگـادارم یەک لەو پێشنیارانەی (ناو براو) ئەوەبوو کە ئەو دەتوانێ چەند تانەرێک دابین بکات و لەشار لەناو ئەو تانکەرانە دەربازیان بکات تا ناوچەی دەشتی هەریر هەندێک هاوڕێ رازی ببوون بەو پێشنیارە، بەڵام هەندێک نارازیی ببوون.

بەهەرحاڵ لە مانگی ( ٤/ ١٩٨٤ ) ئەو مەفرەزەیە ئامادەکارییان کرد بۆ دەرچوون کە هێشتا پێشنیاری دەرچوون بە تانکەر لە ئارادابوو.

مـن ئەو ئێـوارەیە لای ئەوان بـووم وەک یارمەتیـدەر و خواحـافیزی لێکـردن ,هەندێک لەو هاوڕێیانە لە گەڕەکی کرێکاران ( حی العمال) لە ماڵی شەهید ( داود ) بوون و هەندێک لەماڵی مام (علی سعید باوکی سورەی رەحمەتی )بوون کە لە یەک کۆڵان بوون, هاوڕێیانی دیکەش زۆربەیان لە گەڕەکی ( لەتیفاوا ) بوون. دوای مەغریب ئەو هاوڕێیانەی کە لە گەڕەکی کرێکاران بوون بەڕێکەوتن بۆ لەتیفاوا کە خاڵی دەرچوون بوو, ( ئەوە لەکاتێکدایە ناوبراو

ئاگـاداری هەمـوو ئەو شـتانەیە )، منـیش گەڕامەوە مـاڵی خۆمـان کە لە ( بەلاشاوە ) ئیسکانی ئێستا بوو٠

## ئاشکرابوونی دەرچوونیان

کە گەیشتمە ماڵەوە هەر لەبەر دەرگا بووم ( جەمیلەی خوشکی عەبدوڵا ) بەهەڵەداوان گەیشتە مـاڵی ئێمە و گـوتی تـازە ( خەسرۆ کە ئـامۆزای داود و ئـارام ) ە و معـاونی ( عـومەر حەسـەنی فەرمانـدەی مەفـرەزەی ئەمـن بـوو ) خەبەری هێناوە کە ئەوان دەردەچن بۆ سەر ڕێگای لەتیفاوە بۆ کەمـین دانـانەوە, لەسـەر ڕێگـای مەفرەزەیەکـی شـیوعی کە ئێسـتا رەنـگە لەوێـوە تێپەڕن، بـۆیە هەرچی زووە با ( فەرهاد ) خەبەریان پێبدات, (کاک خەسرۆ )بێئاگابوو لەوەی من تازە لای ئەوان بووم .

یەکسەر هاتمە سەر جادە و تەکسیەکم گرت و بەرەو گەڕەکی کرێکـاران گەڕامەوە ، کە چـوومە مـالی (مـام عەلـی سەعید) (سـورە و یەحیـا )ی بـرای (داودو ئـارام )یـاری دۆمـینەیـان دەکـرد بەپەلە خەبەرەکەم پێـدان و یەکســەر( سورە)ی رەحمەتی کە بەراستی ئازاو دلسۆزی ئەو هاورێیانە و حیزب بووهەستاو گوتی بابرۆین ئەو خەبەرە بگەیەنین کە ئەو کـات سەیارەیەکی لادای تەکسی هەبوو، هەر سێکمان بەڕێکەوتین بۆ لەتیفاوە ٠

## کەوتنە ناو بۆسە (کەمین)

لە شوێنی پیشەسازی ئێستا (صناعەی لای کوران) کە ئەوکات چۆڵ بوو، کتوپڕ ئێمە کەوتینە ناو ئەو بۆسەیەی کە باسم کرد, هەر چوار لامـان گیـرا و بووە چەک ڕاکێشان و زیاتر لە دە لوولە تفەنگ هاتە ناو سەیارە، بە شێوەیەک

هەر نەماندەتوانی لە شوێنی خۆمان بجولێینەوە, ئیدی ( عومەر حەسەن ) خۆی هات و لایتێکی بەدەستەوە بوو، یەکسەر یەحیای دیت کە باش دەیناسی وەک گاڵتەپێکردنێک گوتیە یەحیا ( ها فرفیگ ( کە زاراوەیەکی گالتە پێکردنی هەولێریانەیە) ئەوە دەچی خەبەر دەدەیە هاوڕێیان ؟ ), کاک (یەحیا) زۆر شڵەژا و تێکچوو، هیچ قسەی بۆ نەکرا، چونکە ئەو (عومەر حەسەن)ی باش دەناسی کە چەند بێئەخلاق و نمەک حەرامە, دوای ئەو رووی لایتەکەی سوڕاندە لای من و گوتی ( ها ئەتۆش شوعی ؟)، من هەندێک بە زاڵبوون بەسەر خۆمدا و بە تەمسیل کردن دەستم خستە بەر رووناکی لایتەکە و کەمێک لامدا و گوتم ( دە ئەو لایتەی لابە شیوعی چی، دەچم برادەری خۆم ئاگادار دەکەمەوە بۆ ئەوەی بەیانی پێکەوە بچینە کار (ئەو کاتە کرێکاریم دەکرد) ، ئەو باوەری بەقسەکانم نەهات بەتایبەت کە (یەحیا)ی بینی دڵنیابوو ئێمە بۆ ئەو کارە دەچین ئەمری کرد کە بمانگەڕێننەوە، (سورە)ی رەحمەتی ئەویش بەزاڵبون بەسەر خۆیدا گوتی وەڵڵا بە ئیشی ئەوە (مەبەستی من بوو) دەچین ئیزنمان بدەن باشە ,لەو کاتە ( عومەر حەسەن ) لە کاک (خەسرۆ)ی پرسی (ئەوانە دەناسی ؟)مەبەستی (منو کاک سورە )بوو، چونکە خۆی کاک (یەحیا)ی باش دەناسی ، ( کاک خەسرۆ ) گوتی( ئەوە( فەرهاد)ە خزمی خۆمانە، ئەوەش سایەق تەکسیە کوڕەکی فەقیرە) ، ئیدی بەو قسانەی کاک خەسرەو ئیزن دراین و چووین بۆ لەتیفاوە بۆ لای هاوڕێیان ،

## گەیشتن بە گەڕەکی لەتیفاوا

دوای دەرچوونمان بەو شێوەی باسم کرد، گەیشتینە ناو گەڕەکی لەتیفاوا کە گەڕەکێکی میللی بوو کۆلانی تاریک و تەنگ و ترسناکیش بوو یەکسەر

چوینەماڵی ( سەید فاتم کە دوو یان سێ لە کوڕەکانی پێشمەرگەی حیزب بوون، ماڵەکەی وەک بنکەی نهێنی حیزب بەکار دەهێنرا ) بینیمان ( صادق ) کە بەرپرسی مەفرەزەی قەرەچوغ بوو بەتەنها لەوێ بوو، ئێمەش زۆرمان لا سەیر بوو دەبێ بۆچی ئەو بە تەنها لێرە بێت؟ دوای کەمێک وەستان و پرسیار کردن و باس کردنی کەشف بوونی هاوڕێیان و بۆسە و ئەو شتانە ئەو ( صادق )ە هیچ سەرسوڕمان و گۆڕانێکی بەسەردا نەهات و زۆر بە ئاسایی گوتی (دوای ئەوەی هەندێک هاوڕێ دژی ئەوە بوون بە تانکەر یان لۆری بڕۆن، ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی بەرێگای دەشتی شەمامک و بە پێیان کەمێک بەر لە ئێستا دەرچوون، هیچ نییە ترستان نەبێت) .

من زۆر لام سەیر بوو ئەو کەشف بوون و کەمین و بەزمە، لای ئەو زۆر ئاسایی بوو !!!! لەو کاتە کاک (یەحیا) گوتی (ئەدی تۆ بۆ بەتەنها مایەوە و دەرنەچوویت؟) هەر زۆر بە ئاسایی گوتی (من لە رێگای هەندێک دۆست بەسەیارە دەگەڕێمەوە) کە دواتریش هەر وای کرد بوو ، لەو کاتە دەنگی هەندێک تەقە هات و دەنگی سەگوەڕێکی زۆریش دەهات، گەیشتینە قەناعەت کە هاوڕێیان دەرچوون، بەهەرحاڵ بەشک و گومانەوە ئەومان بەجێ هێشت و لەو کاتەی لەو ماڵە دەرچووین کوڕێکمان بینی تفەنگێکی صینی بەدەستەوە بوو، لەگەڵ (سورە) باش یەکتریان دەناسی گوتی "من وەک دەلیل لە خەندەقم پەڕاندنەوە" دیار بوو جاشی ماڵی سەید قەهار بوو سەر بە رێخستنی حیزب بوو، بەداخەوە ناویم لە بیر نەماوە کوڕێکی سورکەڵەی قۆز بوو، سەیارەیەکی تەکسی کرۆنەی لا بوو.

بەڵام لەو وەزعە بۆ کوێ بچین ؟ کاک (یەحیا) دڵنیا بوو لەوەی بگەڕێینەوە دەکەوینە ناو بۆسەکەیان و لێمان دەدەن، ناچار بۆ کات کوشتن و

خۆدواخستن چووینە ماڵی ( مام شێمحەمەدی باوکی پێشڕەوی کادیر و دڵشاد ) کە کادیر و پێشمەرگەی حیزب بوون, ماوەی زیاتر لە دوو کاتژمێر لەوێ ماینەوە، کات بووە دوای نیوەی شەو دڵنیا بووین کە بۆسەکە نەماوە، چونکە ئێمەیان دیت و زانیان خەبەریان دەدەینێ و کاتێک دەنگی سەگوەڕەکەش هات لای کەمینەکەش هەندێک تەقەیان کرد وەک ئەوەی بلێن ئاگادار تانین.

## هاتنەوە بۆ هەولێر

کە شەو درەنگ داهات، ئێمە ناچار بووین بگەڕێینەوە ماڵەکانی خۆمان ، بەهەرحاڵ ملی رێگامان گرت، بەڵام بە هێواشی و بەحەزەر و تەماشای ئەولاو ئەو لای رێگامان دەکرد تا گەیشتینەوە شوێنی بۆسەکە، هیچ دیار نەبوون کەمێک دڵخۆش بووین و کاک سورە کە دیتی بۆسە دیار نییە زیاد پێی لە سەیارەکە نا بۆ ئەوەی هەرچی زووە لەو ناوە دەرچین, کەمێک رۆیشتین دەنگی تەقەیەک هات وەک ئەوەی لە سەیارەکەی ئێمەی دابێت، بەراستی زۆر ترساین وامانزانی لێیان داین بەتایبەت کە کاک (یەحیا) چەند جارێک گوتی من عومەر حەسەن دەناسم بگەڕێینەوە لێمان دەدات, ئیدی کە دەنگی تەقەکە هات کاک یەحیا گوتی "کورە نەمگوت لێمان دەدەن ؟" کاک (سورە )یەکسەر پێکەنی و گوتی "کاکە تایەی سەیارەکەمان تەقی، مەترسن"؛ چ نەترسین، زۆریش ترساین؛ بەهەرحاڵ دابەزین و بە پەلەپەل تایەکەمان گۆڕی و هاتینەوە و منیان گەیاندە ماڵ و خۆیشیان رۆیشتنەوە.

# چونی (ناوبراو) بۆ بارزان

دواتــر زانیمــان کە ئەو هاوڕێیــانە لەگەڵ (نــاوبراو) ڕێــک کەوتــون کە ئەویــش بەهەر شێوەیەک بێت خۆی بگەیەنێتە نـاوچەی بـارزان و لەوێ داوای دووبــارە گەڕانەوە بکــات کە ئاســانکاری باشــی بــۆ کــراوە و ســەد لەســەد وەردەگیرێتەوە؛ ئەویش دەڵێت من تاقەتم نییە ئەو مەسافە دوورە بە پێیان ببڕم و خۆم هەوڵدەدەم کەڵـک لە خزمەکـانم وەربگرم، بۆیە بە ئوتومبێـل دوای چەنـد ڕۆژێکـی دیـکە دێـمە لای بـارزان, دوای چەنـد ڕۆژێـک لەو کـاتە ( صـادق و مەمۆ ) هەر یەک بەجیا و ڕەنگە ئاگاشیان لەیەک نەبوو بێت، بەڵام بەشێوەی وەک یەک بە ئوتومبێل و هەر کەس خۆیان دەزانن چۆن گەیشتنەوە بارزان.

## وەرگرتنەوی (ناوبراو) لە حیزب(٣)

هەر لە سەروبەندی گەیشتنەوەی مەفرەزەکان بۆ ناوچەی بارزان، ناوبراویش (وەک ئەوەی ڕێک کەوتنی لەسەر کرابوو ) بەرێگای سەیارە دەگاتە بـارزان و دەبێــتە میــوانێکی ( ڕەزاســوک و خۆشەویســت! ) لای زۆربەی هاوڕێیــان بە تــایبەت هاوڕێیــانی پێشــمەرگە و ســەرکردایەتی ( قــاتع ) و بە شــێکی زۆری هاوڕێیانی ( محەلی هەولێر) یش.

ئیتر وردە وردە دەست دەکرێت بە کـارکردن بۆ وەرگـرتنەوەی سـەرەتا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ هەوڵـی جوانکردن و قەبـوڵکردنی دەدرێت لە نـاو هاورێیـان، وەک میوانـداری لێکردنـی لەلایەن هەنـدێ هـاوڕێ و پیاسـەکردن لەگەڵیـدا و سەردانی پێکردنی بۆ لای تەواوی هاوڕێیان و بارەگاکان و....هتد٠

# وەرگرتنەوەی بە رەسمی

دوای تێپەر بوونی چەند رۆژێک بەو شێوەیە دیارە لەلایەن هاوڕێیان بەتایبەت سەرکردایەتی ( قاتع ) داوا لە (ناوبراو) دەکرێت نامە بۆ سەرکردایەتی قاتع بنوسێ و داوای وەرگرتنەوە بکات لە حیزب و قەرەبووی بکرێتەوە ( رد اعتبار) ، چونکە گوایە سالأنێکی زۆرە بە نارەوا ئەو سزایەی بەسەر داسەپێنراوە و ئەو ماوە دوور و درێژەش سەبری گرتووە ....... هتد.

شایانی باسە لەو ماوەیە و پێشتریش وەک باسم کرد لەلایەن زۆربەی زۆری هاوڕێیانی پێشمەرگە و کادیرانی محەلی هەولێر نامەی داواکاری و تەزکیەی هەر کەس بۆ هەیئاتی سەرووی خۆی ناردبوو، هەر کەس لە لای خۆی بەردەوام بوو لە فشارخستنە سەر حیزب، تەنانەت وەک بزانم داوا لە هاوڕێ ( عەزیز محەمەد ) یش کرا بوو کە رۆڵی خۆی لەو کارە ببینێت ( کە ئەو کاتە واتە سالی ١٩٨٤ لە کوردستان بوو، زۆربەی کاتەکانیش لە ناوچەی بارزان بوو )، من ناوی زۆر لەو هاوڕێیانە دەزانم کە زۆ پێداگرییان کردووە لە وەرگرتنەوەی (ناوبراو)، دەشزانم کە هەندێکیان لە قەناعەتیانەوە بووە ، هەندێک رەنگە لە ساویلکەیی، هەندێک هەر برادەرایەتی شەخسی و خزمایەتی، هەندێک هەر لە رقی ئەو هاوڕێیانەی کە دژی وەرگرتنەوەی بوون، رەنگە هەندێکیش وەک کوتلەکاری بووبێت، پێم شک نایەت کەسێک بۆ بەرژەوەندی رژێم و وەک دەسیسە ئەو پشتگیرییەی بۆ وەرگرتنەوەی (ناوبراو) کردبێت !!!!!!٠

ئیتر دوای چەندین دانیشتن و موناقەشەکردن سەرکردایەتی ( قاتع ) بڕیاری وەرگرتنەوەی( ناوبراو تەنیا وەک پێشمەرگە ) وەردەگرێت، دیارە ( ئەبو حیکمەت ) دەوری ئەساسی دەبێت لەو کارە ، و بە هاوڕێیانی گوتبوو "ئەگەر

بڕیارەکە بە زۆرینە وەرنەگیرێت، ئەوا من وەک مەسئولیەتی شەخسی وەری دەگرمەوە، چونکە پەیڕەونی ناوخۆی حیزب رێگەی داوە بە ئەندامی سەرکردایەتی دوو مەسئولیەت پەیڕەو بکات، مەسئولیەتی بەکۆمەڵ و مەسئولیەتی تاک یان شەخسی )، بەڵام توانی بووی بە زۆرینە تێی پەڕێنێ وەک بزانم تەنیا هاوڕێ ( ئەبو سیروان ) لەسەرکردایەتی ( قاتع ) دژی بڕیارەکە بووە، ئەو هاوڕێیەش بە سروشتی خۆی کەسێکی میانڕەو بوو، هەردەم دەکرا شتی بەسەردا تێپەڕێنرێت و هەر واش بوو، جگە لە هەندێک دەنگی دژ لە ئیقلیم و محەلی هەولێر کە دیارترینیان هاوڕێیان ( ئەبو ئاسۆس و نەجمەدین مامۆ بوون ) لەگەل هەندێ کادیری دیکە کە ئەو کات دەورێکی ئەوتۆیان نەبوو، ئەوەبوو دواجار (ناوبراو وەک پێشمەرگە نەک حیزبی ) قەبوڵ کرا.

## هاتنەوەی مەفرەزە بۆ ناو شار

دیارە هەر دوای ماوەیەکی کورت بیر لەوە دەکرێتەوە کە مەفرەزەی بچوک بۆ ناوشار و کارکردن تەنیا لەناو شار ئامادە بکرێت و بۆ کاری تایبەت رەوان بکرێتەوە شار کە زیاتر کۆکردنەوەی پیتاک و شتی وا، هەروەها ئامادەبوونی پێشمەرگەی حیزب لە شار، چونکە وەک لە پێش باسم کرد لەبەر زۆری هێزی ( ینک ) و مفاوەزاتی ئەوان لەگەڵ رژێم ، بوونی پێشمەرگەی ( حشع ) زۆر زەحمەت بوو.

ئەگەربێتو شتی دیکەش لە پشت ناردنەوەی ئەو مەفرەزانە وەک پیلانگێڕییەک و کارێکی ( موخابەراتی ) بۆ مەبەستی ئاشکراکردن و لەناوبردنی تەواوی رێخستنی ناو شار هەبووبێت، ئەوە من هیچ بەڵگە و سەرەداوێکم لەمبارەیەوە لە بەردەستدا نییە، هەرچەندە زۆریشم هەوڵداوە کە شتی

لەو بابەتەم دەست بكەوێت، بەڵام دوای رووداوەكە و لەناوچوونی هاوڕێیان، لێرە و لەوێ لەناو حیزب و هێزی پێشمەرگە شتی وا باسی لێدەكرا و پەنجەی تاوان بۆ ( ئەبو حیكمەت ) درێژ دەكرا، بەڵام لە ناو ئەو مەلەف و دۆسیانەی دەستكەوتن هیچی وای تێدانەبوو یان من بەرچاوم نەكەوتوون. بەهەرحاڵ مەفرەزەیەكی شەش كەسی كە پێك هاتبوو لە هاوڕێیان ( عەباس ، بڕیار ، داود ، سەرباز ، عادل یابە ، مەغدیدە شەل ) رەوانی ناو شار كرایەوە, ئەو مەفەرەزەیە لە ٢٤-٦-١٩٨٤ گەیشتە ناو شار٠

## لوغزێك!!!!!!

كاتێك ئەو مەفرەزەیە گەیشتە ناو شار، دوای چەند رۆژێك حەسانەوە، دەستیان كرد بە دارِشتنی بەرنامە بۆ كاری خۆیان، بەمەش هەموو ئەوانەشیان رێك خست و ئاگادار كردەوە كە بە بۆچوونی خۆیان پێیانوابوو بۆ كاری داهاتوویان كەڵكیان لێ وەردەگرن, من یەكێك بووم لەو كەسانە هەروەها ( عەبدوڵا ، یوسف ، یەحیا ، سورە ) و خەڵكی دیكەش، بە حوكمی ئەوەی دەست نیشان كرابووین بۆ هاوكارییان و ماڵەكانمان بەبێ ئاگایی ببووە ماڵی حیزبی و هەردەم كۆبوونەوە و مانەوەیان لەو ماڵانە بوو ئێمە هەموو شتێكمان دەزانی و هیچ نهێنییەك بۆ ئێمە نەبوو ، ئاگاداری تەواوی كار و چالاكییەكانیان و جوڵە و تەنانەت نامە نهێنییەكانی نێوان ئەوان و سەركردایەتی بووین, شتێك كە تا ئێستاش لای من جێی گومان و هەڵوەستە لەسەركردنە و وەك لوغزێكە ئەویش ئەوەیە:

دیارە كە ئەو مەفرەزەیە ئامادە دەكرێت و بۆ ناو شار بەرێ دەكرێت, بڕیارەكە بەو شێوەیە بووە كە لەناو شار كاری خۆیان رێكخست و كۆسپ

نەهاتە پێشیان و توانای ئەوەیان بوو کار بکەن، ئەوە هاوڕێ (کانەبی گەورە )ش دەگاتە لایان، چونکە ئەو وەک بەرپرسی یەکەمی ئەو مەفرەزەیە دەستنیشان کراوە و ژمارەیان دەبێتە حەوت کەس، و هەیئەتی مەفرەزەکەش بەو شێوە بووە ( کانەبی ، عەباس ، بڕیار ) ، دوای ماوەیەکی زۆر (کانەبی) هەر دیار نەبوو، چەند جارێکیش لە دانیشتنەکانیان بەر گوێم دەکەوت کە هاوڕێ (کانەبی) دێت و بۆ نەهات و شتی وا کە من نازانم دواکەوتن و نەهاتنی هۆکار چی بوو، چۆن بوو, کە تاکو ئێستاش ئەوە لای من وەک بازنەیەکی بزری ( حلقە مفقودە ) ئەو رووداوە ماوەتەوە، بە تایبەت کە هاوڕێ (کانەبی) ژنبرای (ناوبراو) بوو؟؟؟؟؟

## ماڵی حیزبی

دیارە بۆ کاری رێخستن هەر حیزب و گروپێک پێویستی بە زۆر شت دەبێت یەک لەو شتانە ( ماڵی حیزبی ) ە ، بێگومان ماڵی حیزبیش کۆمەڵێک تایبەتمەندی خۆی هەیە لەوانە ، ژووری زۆر ، شوێنی خۆحەشاردان لەکاتی تەنگانە ، نەناسراوی خاوەن ماڵ لەگەڕەک و شتی دیکەش, ئەوانەی کاری نهێنیان کردبێت باشتر دەزانن، مەسرەفی ئەو ماڵەش لە ئەستۆی حیزب دەبێت، هەر لە کرێ و مەسرەفی رۆژانەوە تا دەگات بەوەی هەندێک جار کڕینی خانووش. بەگشتی ئەوانەی لەسەرەوە ناوم بردن ماڵەکانمان بەتەواوی ببوونە ماڵی حیزبی بەبێ ئەوەی یەک لەو تایبەتمەندییانەی هەبوو بێت, هەموومان لەلای خەڵکی گەڕەک دەناسراین و تەنانەت خزم و کەسیشمان ناسراو بوون، هەر غەریبەیەک بهاتبایە ماڵمان یەکسەر دەزانرا ، هەروەها تەواوی مەسرەفی رۆژانەی ئەو ماڵانە لەسەر خۆیان بوو، تەنانەت زۆرجار یارمەتی ماددی

هاوڕێیانیشیان دەدا. ماڵی ئێمە تەنها و تەنها موچەی باوکم بۆ هەموو شتێک بەکاردەهات و هەموو ئەرکەکە لەسەر شانی باوکم بوو کە زۆر جار دوای دەوام کاری باخچەچیاتی یان بۆیاخ کردنی خانووی دەکرد بۆ بەرێوەچوون و گوزەرانمان, ماڵەکانی دیکەش هەر وابوو، ( لە دوای راپەرینیش ئەوەم بۆ دەرکەوت کە بۆ هەندێک ماڵ چی کراوە و چی سەرف کراوە کە بە دەیەکی ئەو مالآنەی ئاماژەم پێدان کاری حیزبییان لێنەدەکرا، تەنانەت خانووش بۆ خەڵکێک لە گەڕەکی راقی هەولێر کڕابوو, کەسانی وا هەبوو خانووی خۆی بەکرێ دابووە حیزب، خۆیشی بە بیانووی کەشف بوونی خانووێکی دیکەی لەسەر دارایی حیزب بەکرێ گرتبوو واتە لەیەک کات دوو کرێ بەیەکەوە !!!!!!!! وەک وتم لەلایەن خەڵکی گەڕەک بەتەواوی ماڵەکانمان ئاشکرابوو، میوانەکانیشمان کە زۆربەی لەکاتی نیوەشەو و بەیانی زوو هاتوچۆیان دەکرد ئاشکرابوون. بەش بەحاڵی خۆمان سوپاسگوزاری تەواوی خەڵکی گەڕەکی خۆمانم گەڕەکی ( بەلاشاوە _ئیسکان) کە هەتا رادەیەک لەگەڵ بەرە ماڵێک بەینیشمان ناخۆش بوو بەلآم قەت رۆژێک لە رۆژان غیرەتیان قەبوولی نەکرد خەبەرمان لێبدەن ,کە هاوتەمەنەکانی خۆم بە ئاشکرا دەیانگوت کە ( کاکل ) واتە (بڕیار)مان دیوە هاتۆتەوە ماڵ و خەڵکی غەریبەی لەگەڵ بووە، تەنانەت هەندێک جار کە بۆ کاری حیزبی رادەسپێردرام هەر بۆ خۆشی لەگەل خۆم دەمبردن و کاری خۆم بە بەرچاویان ئەنجام دەدا، هەموویان دەیانزانی دەمانچەم هەیە و ئەگەر دەمانچەیان لەلام دەدیت زۆر باش دەیانزانی بۆ کاری تایبەت دەڕۆم و لە مەترسی ئاگاداریان دەکردمەوە.

بە کورتی خەڵک ئەو کات خاوەنی بەهایەک بوو کە بەداخەوە دواتر حکومەتی کوردستان و پارتە دەسەلآتدارەکان ئەوەشیان کاڵ کردەوە.

# هاتنەوەی (ناوبراو) بۆ ناوشار

هەر دوای ماوەیەکی کورت لە گەیشتنی هاوڕێیان بۆ ناوشار کە هێشتا هەر خەریکی خۆ ڕێخستن بوون دیار بوو (ناوبراو)یش هاتبووەوە ناو شار و دوای چەند رۆژێک ئەو هاوڕێیانەی دیتەوە, وەک لە یادم مابێت یەکەم دیتن لە ماڵی ئێمە بوو، نامەی قاتعی بۆ هاوڕێیان هێنابوو و گوتی "من لەلایەن ( ئەبوحیکمەت )ەوە راسپێردراوم بۆ ئەوەی لەناو عەشایری بەڕانەتی و زرارەتی خەڵکانێک پەیدا بکەم بۆ ئەوەی ببنە دڵنیابوونی ڕێگا بۆ مەفرەزە و هاوڕێیان بەرەو بارزان، هاوکاری تەواوی ئێوەش بکەم لەشار و ناوچەکەش" واتە ئەرکی تایبەتی پێسپێردرابوو, لە نامەکەش هەمان شت نوسرابوو کە ( دەتوانن تەنسیقی تەواو لەگەڵ (ناوبراو) بکەن و لەلای ئێمە بۆ ئەو کارە راسپێردراوە ) هاوڕێ (بڕیار )نامەیەکی لەسەر ئەو مەسەلەیە بۆ هاوڕێ (عەباس) نوسی من ئەو نامەیەم گەیاندە دەستی هاوڕێ ( عەباس ) لە ماڵی خۆیان ، دیار بوو داوای لێکردبوو شەو بێتە ماڵی ئێمە، هاوڕێ (داود)یش لە ماڵی ئێمە بوو بۆئەوەی بەیەکەوە تاوتوێی ئەو مەسەلە بکەن, شەو منیان نارده دوای هاوڕێ ( عەباس ) و هێنامە لایان, تەواوی قسەکان بەبەر چاوی منەوە کران، هەموو لایەکیان بەو شتە دلخۆش بوون ، (ناوبراو) باسی وەرگرتنەوەی خۆی بۆ کردن کە چۆن بووە کێ دژ بووە و کێ لەگەڵ بووە، پیرۆزبایی یەکە یەکەیانی باس کرد و تەنانەت پیرۆزبایی ( هاوڕێ عزیز محەمەد ) کە لەگەڵ پیرۆزباییەکە بە (ناوبراو)ی گوتوە ( سەبرگرتن، بەری شیرینە ) وەک ئاماژەیەک بۆ سەبرگرتنی ئەو چەند ساڵەی (ناوبراو)، هەروەها باسی ئەوەیشی کرد چۆن پاش ئەوە سێ گیسکی کڕیوەو دەعوەتی ئەو هاوڕێیانەی کردووە لە وەرگرتنەوەی ئەو

لە حیزب پاڵپشتیان کردووە، (ناوبراو)چەندین شتی دیکەی لەو بابەتەی بۆ باس کردن و تاکو شەو درەنگ بەیەکەوە مانەوە و دواتر ئەوان ڕۆیشتن و هاوڕێ ( بڕیار و داود ) تاکو بەیانی لە ماڵی ئێمە مانەوە.

## ئەرک و کارکردنی هاوڕێیان لە ناو شار (٤)

وەک لە بەشی پێشوو باسم کرد ئەرکی سەرەکی و شوێنی ئەرکی هاوڕێیان ناو شار و ئەگەر پێویستیش بکات دەتوانن سود لە دەوروبەری شار و دۆست و ناسیاوی خۆیشیان وەربگرن.

ئەو کاتە هاوینی ١٩٨٤ بوو جگە لەوەی کە ڕژێمی بەعس هێزێکی زۆری لە هەولێر هەبوو، هێزێکی زۆری ( قوات خاصة ) یش لە بەغداوە هێنرابوونە هەولێر و هەردەم خەریکی بۆسە و سەیتەرە دانان و تەنانەت پشکنین بوون لە ناو شار وەک لە نوسینەکانی پێشووم بە ناوی ( خۆکردنە قوربانی باسی یەک لە بەسەردادانی ئەو هێزانەم کردووە ) و هەردەم هێزەکانی ( ینک ) یش لە دەوروبەری شار و تەنانەت ناو شاریش بوونیان هەبوو , کە بەگشتی ئەو هێزانە ببوونە کۆسپ بۆ جوڵە و بە جێ گەیاندنی ئەرکی هاوڕێیان چ لە ناو شار چ لە دەوروبەری شار ( تەنانەت جارێک لە گەڕەکی کرێکارانی هەولێر تەقە لە نێوان هێزەکانی ( ینک ) و هاوڕێیان رووی دا ) بۆیە ئەرکی هاوڕێیان قورس و سنوردار بوو، زیاتر لە هەوڵی کۆکردنەوەی پیتاک بوون بۆ حیزب بە شێوەی داوکاردن بە نووسراوی دەستنوس نەک بلیتی خەتم کراو

# داواکردن و وەرگرتنی پیتاکەکان

بۆ کۆکردنەوە و وەرگرتنی پیتاک ( وەک من ئاگادار بم ) چەند دانیشتنێک لەلایەن هاوڕێیان کرا و دانیشتنی هاوبەشیش لەگەڵ هاوڕێیانی محەلی کرا و دەست نیشانی خەڵکی دەوڵەمەندی خاوەن رابردووپاک کرا لەوانە ( قادر حەداد ، قادر بلە ، عوسمان موهەندیس و هەندێک خەڵکی دیکەی هاوشێوەی ئەوان ) , بەگشتی بەو شێوەیە نامەیان بۆ رەوان کرا ( ئێوە خەڵکی نیشتیمانپەروەر و مێژووپاک و دڵسۆزی خەڵکی خۆتانن ، بۆیە ئێمە وەک حشع پێویستمان بەهاوکاری ماددی ئێوەیە بۆ رایی کردنی کار و ئەرکی خۆمان .....هتد ) , لە زۆربەی نامەکان داوای مەبلەغی ( ٣٠٠٠ -٥٠٠٠ ) **دەکرا٠**

بەدواداچوون و وەرگرتنەوەی وەلامی نامەکان

بێگومان بۆ بەدواداچوون و وەرگرتنەوەی وەڵامەکان چەند رۆژێک بواریان پێ درا و دواتر دەست کرا بە بەدواداچوون, زۆربەی ئەو خەڵکانە بە حوکمی ئەوەی خەڵکی پاک و هەتا رادەیەک وەک دەڵێن ( خێرکەر ) بوون ، بەبێ ئەوەی داویان لێکرابێت یارمەتی کەس و کاری پێشمەرگەیان دابوو وەک دەسپێشخەرییەکی شەخسی لای خۆیانەوە و دەلیلیان هەبوو ، هەبوو بەرەسمی لە رێگای رێخستن هاوکاری حیزبی کردبوو، هەشبوو ئامادەیی دەربڕی کە بۆ خۆی و بەرێگای تایبەتی خۆی ئەو هاوکارییە بگەیەنێ ( بەوردی ئەوانەم لە بیرە بەڵام رەنگە دوورمان بکاتەوە لە ئەسلی بابەت ) ، ئەوەی لە هەمووان زیاتر جێی سەرنج بوو بەرێز عوسمان موهەندیس گوتبووی "دوێنێ کەسێک هات و مەبلەغی ١٥٠٠ دینارم بۆتان نارد، چونکە بەناوی ئێوە و بە ناوەرۆکی نامەکەی ئێوە هاتبوو".

هاوڕێیان ئەوەیان لا سەیر بوو، چونکە کەسیان نەناردبوو!!!! بەهەرحاڵ لەو بابەتەیان کۆڵییەوە و ئەو شتە غەریب بوو پارەکە وەرگیرابوو کەسیش لەوان وەریان نەگرتبوو، لەبەر ئەوە بڕیاریان دا کە هاوڕێ بڕیار خۆی بچێتە لای ئەو بەڕێزە بۆ دڵنیابوونەوە, کاتێک هاوڕێ بڕیار دەچێت عوسمان موهەندیس لە ماڵ نابێت، ئەویش داوا دەکات نامەیەکیان بۆ بنوسێ و وەسفی دەقیقی ئەو کەسەی پارەکەی وەرگرتووە بکات ، وابزانم دوای دوو رۆژ نامەکە هاتەوە، خۆم نامەکەم ببینی و بەوردیش خوێندمەوە کە بەزمانی عەرەبی نووسرا بوو, ئەو کاتە هاوڕێیان ( عەباس ، بڕیار ، داود ) لە ماڵی ئێمە بوون بۆ تاوتوێ کردنی ئەو نامەیە و ( عەبدوڵا ) کە نامەکەی هێنا بوو، ئەویش لەوێ بوو, نامەکە زۆر جوان و ورد وەسفی کەسەکەی دەکرد کە ( قاتێکی خاکی و کراسێکی شین و باڵای نزیکەی ١٧٥سانتیم دەبێت و لەهەمووی گرنگتر نوسیبووی دەم وچاو بە خوریکە بوو ) کە ئەو وەسفانە رێک دەری دەخست کە ئەو کەسەی پارەکەی بەناوی حیزب لە (عوسمان موهەندیس )وەرگرتووە ( ناوبراو ) بووە، واتە ئەو هەستاوە بەو کارە لە پشت هاوڕێیان و پارەکەی بۆ خۆی بردووە, ئەوەی ئێستاش لام سەیرە کە بیری لێدەکەمەوە ئەوەیە هاورێیان باوەڕیان نەدەهات کە ( ناوبراو) ئەو کارەی کرد بێت !!!!! , تەنیا من گوتم لە و زیاتر کەسی تر نییە و هەموو وەسفەکە ئەوە و تازەش ئەو قاتە خاکیە و کراسە شینەی کریبوو, دواتر بە ناعیلاجی و شێوەیەکی شەرمئامێز بڕیاریان دا کە هاوڕێ بڕیار بە شێوەیەکی جوان و دوور لە شکاندنەوەی مەسەلەی وەرگرتنی ئەو پارەیە لەگەڵ مەمۆ باس بکات و بە شێوەیەک ناڕاستەوخۆ پێی بڵێت شک لەسەر تۆیە .

دوای رۆژێک یان زیاتر ناوبراو هاتە یەکێک لە ماڵەکانی، ئێمە نازانم ماڵی ئێمە بوو یان ماڵی (عەبدوڵا )بوو, ئەوە بوو هاوڕێ (بڕیار ) بە

شێوازێکی جوان ئەو پرسیارەی لێکرد، من جوان دیقەتم دابوو بزانم کاردانەوەی چی دەبێت، چونکە دڵنیا بووم کە ئەو ئەو کارەی کرد بوو، لەبەرامبەردا (ناوبراو ) هیچ شێوان یان هەڵچون یان پەرچەکردارێکی نەبوو تەنیا گوتی "ئەو قسانە چییە من چۆن ئەو شتە دەکەم، دەبوو شک لە هەر کەس بکەن لە من نا، ئێوە شتتان هەمووی ئاشکرایە رەنگە کەسێکی دیکە بێت، هەرچەندە من قەناعەتم وایە ئەو کابرایە درۆ دەکات، بڕۆن ئەزیەتی بدەن و شتی دیکەی لەو بابەتە دەگوت" .

من لەو هەڵسوکەوت و قسانەیشی شکم کرد و دواتر بە هاوڕێیانم وت لە خۆی زیاتر کەسێکی تر نییە و دەیەوێت ئەو کابرایەش (عوسمان موهەندیس) لەگەڵ ئێوە توشی کێشە بکات.

ئێدی هەر چۆنێک بێت ئەو پارەیە بزر بوو، هاوڕێیان ئەوەندەیان بە قسەی من کرد هیچ کاردانەوەیان بەرامبەربەرێز ( عوسمانی موهەندیس ) دەرنەبڕی، دەنا هەرچەندی کردم باوەڕیان نەدەکرد کە ( مەمۆ ) ئەو کارەی کردبێت.

ئەوەی بە پێویستی دەزانم شتێکی لە بارەیەوە ئاشکرا بکەم، ئەوەیە کە ئەو هاوڕێیانەی ئەو کاتە لەشار بوون و بە حیساب کاری تایبەتیان هەبوو، هەموو ئیش و کار و ئەرک و جوڵە و شوێنی حەشار دان و کۆبونەوە و چاوپێکەوتنەکانیان ئاشکرا و بە بەرچاوی هەمووان بوو , هیچ شتی شاراوە و نهێنیان نەبوو نە لەلایەن ماڵە شیوعییەکان و نە لەلایەن هاوڕێیانی دیکە, ( ناوبراو) یش تەواوی ئەو شتانەی دەزانی و هەر ئەوەش بوو کە لە پشتی ئەوان چووبوو ئەو پارەی بردبوو، چونکە ئاگاداری ناوەرۆکی نامەکان و وردەکارییەکان بوو.

# هەوڵی هەڵکوتانە سەر سەربڕخانەی ئەحمەد ئیسماعیل

لە یەکێک لەو کارانەی بەنیاز بوون ئەنجامی بدەن دەست بەسەرداگرتنی ( مەجزرەی دەواجنی ئەحمەد ئیسماعیل ) بوو.

ئێوارەیەک کەسێکی ناسیاوی خۆمان ( عزەت مەلا عەزیز ) هاتە ماڵی ئێمە و داوای کرد چاوی بە هاوڕێیان بکەوێت , دیارە کاری تایبەتی هەبوو داوای لە من کرد بیگەیەنمە لای هاوڕێیان ( چونکە دەیزانی من هەردەم دەتوانم هاوڕێیان بدۆزمەوە ) بەهەرحاڵ بەسەیارەکەی ئەو بەلا رێگا و کۆڵانانـدا چووینە گەڕەکی کرێکاران زۆربەی هاوڕێیان لەوێ بوون دیاربوو، دەیانویست بچنە سەر ئەو شوێنەی باسم کرد , خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون ئێمە کاری خۆمان تەواو کرد و ویستمان بگەڕێینەوە ( ناوبراو ) یش لەوێ بوو، لەگەڵ ئێمە هات و داوای کرد بیگەیەنینە ماڵی کەسێکی خۆی لە گەڕەکی کوران, ئێمە گەڕاینەوە و ئەویشمان گەیاندە شوێنی خۆی،

بۆ بەیانی کاتی هاوڕێیانمان بینیەوە زانیمان کە شەو بەرلەوەی ئەوان بچنە شوێنی مەبەست کەسێکی دۆستی خۆمان خەبەری پێدابوون کە ناوچەکە هێزێکی زۆری (ئەمن و قوات خاصە) ی بۆ هات و ئەو ناوەیان بە تەواوی کۆنترۆڵ کرد وەک ئەوەی زانیاریان پێگەیشتبێت !!!!!! دیارە هاوڕێیان بە کەسێکی دیکە بە سەیارەیەکی تەکسی تەئکید لەو خەبەرە دەکەن و کارەکە هەڵدەوەشێننەوە٠

## هەندێک تێبینی (٥)

دوای ئەوەی ماوەیەک بەسەر مانەوەی هاوڕێیان لەناو شار تێپەڕی، لەگەڵ ئەوەی زۆر کۆسپ هاتە پێشیان وەک فەوتانی ئەو پارەیەی باسم کرد، تەنانەت دەستێوەردانی کادیرانی ناو شار کە دەبووە کۆسپ بۆ ئەوان و توندوتۆڵی هێزەکانی رژێم و شەڕی ناوەخۆ و هاتوچۆکردنی کەس و کاری پێشمەرگە و دۆست و لایەنگری حیزب بۆ ناوچەی بارزان و بردنی قسە و قسەلۆک بۆ هاوڕێیان، بە تایبەت بۆ محەلیی هەولێر دروست کردنی قسەی ناڕاست و تەنانەت هەڵبەستنی درۆ و دەلەسەش , کە بە بڕوای من ئەو هەڵمەتە تەنیا وەک تۆڵەسەندنەوەیەک بوو لەو هاوڕێیانە لەلایەن ئەو کەسانەی دژی وەرگرتنەوەی ( ناوبراو ) بوون, هەروەها نەهاتنی هاوڕێ (کانەبی ) کە بڕیار بوو بێتە شار و سەرپەرشتی ئەو هاوڕێیانە بکات کە ئەرکی ئەو بوو، زەحمەتی زۆری بۆ هاوڕێیان دروست کرد, دەورنەبینینی هاوڕێ عەباس وەک پێویست و هاوڕێیان مەغدید و عادل هەر هیچ دیار نەبوون و هیچ رۆڵێکیان پێ نەدەرا یان نەبوو، زیاتر شتەکان سێ لە هاوڕێیان ( بڕیار و داود و سەرباز ) بەڕێوەیان دەبرد کە بە بڕوای من ئەو سێ هاوڕێیە لەبەرئەوەی پیاوی زۆر ئازاو چاونەترس و بەدەست بوون، بۆیە شتەکانیان زۆر بە ئیهمالی وەردەگرت و هیچ حیسابێکیان بۆ دوژمن نەدەکرد و کارەکانیان زۆر بەبێ دیسپلین و نهێنی بەڕێوە دەبرد, زۆرجار جموجۆڵی زۆر ئاشکرا و تەنانەت هەرزەکارانەشیان دەکرد کە دەبووە هۆی دروستکردنی مەترسی لەسەر گیانی خۆیان و ماڵەکانیش و تەنانەت رێکخستنیش، چونکە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان هەمووان هەبوو.

شایانی باسە لەو کاتە جگە لە هاوڕێیانی پێشمەرگە، چەندین کادیری ڕێکخستنی سەر بە محەلی هەولێر لەناو شار بوون, چەندین جار یەکتر دیتنی رەسمی و نارەسمی لە نێوان هاوڕێیانی پێشمەرگە و هاوڕێیانی کادیر دەبوو, زۆر جار ئێمە ئاگاداری ئەو دانیشتن و یەکتر دیتنانە دەبووین ، قەت جارێک نەمبیست یان نەمدیت کە ئەو ئیهمالییە زۆر و جوڵە زۆر وئاشکرایەی هاوڕێیانی پێشمەرگەی ناو شار لەلایەن هاوڕێیانی کادیر رەخنە بکرێ و ئاگادار بکرێنەوە کە کاری حیزبی لەناو شار وەک پێشمەرگایەتی نییە، بەڵکو پێویستی بە دیسپلین و نهێنی پاراستن هەیە, ئەوە لە کاتێکدا هاورێیانی کادیر زۆر بە ئەزموون تر و شارەزاتر بوون لە کاری حیزبی لە ناو شار، بە شێوەیەک هەندێ لە کادیرەکان هەمان هەڵس وکەوتی ئەوانیان وەرگرتبوو کە دەبوو پێچەوانە بووایە بە تایبەتی متمانەیەکی کوێرانەیان بە ( ناوبراو ) هەبوو.

# ناردنی برێک پارە بۆ قاتع

وەک گوتم هەوڵی کۆکردنەوەی پیتاک لەلایەن هاوڕێیانەوە درا, بەهەر شێوەیەک بوو بێت، هەندێک پارە بەدەست هات و بڕیار درا بۆ قاتع و بگەیەنرێتە دەستی ( ئەبوحیکمەت )، بۆ ئەو کارە ( رەشۆی برای ناوبراو ) دیاری کرا , کە ئەو کات سەیارەیەکی (جێب لاندرۆڤەر)ی هەبوو, پێشتر چەند جارێکیش هەر بەکاری حیزب هاتوچۆی ناوچەی بارزانی کردبوو, لە نیوەی دووەمی مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٨٤ بوو کە ئەو برە پارەیە تەسلیم بەو کەسە کرا، وابزانم ( ٦٠٠٠ یان ٩٠٠٠ دینار ) بوو لە کاتی دیاری کراو بەیانی زوو بەرێکەوت کە وەک جارانی دیکە بۆ ئێوارە بگەرێتەوە و ئەگەر بەریدێک

هەبێت بیهێنێتەوە کە هەموو جارێک بەیانی دەچوو وئێوارە دەهاتەوە, کەچی (رەشۆ ) ئەو رۆژە نەهاتەوە و هاوڕێیانیش لایان ئاسایی بوو تەنیا من نەبێت گوتم "وەڵاهی ئێستا وا لە ناو........ پارەکە دابەش دەکرێت" هاوڕێ (بڕیار ) ئەو قسەیەی پێناخۆش بوو، هاوڕێ (ئەحمەد عەوێنە) ش لەوێ لەگەڵماندا بوو (لە ماڵی عەبدوڵا ) چاوەڕوانی دەکرد نامەی ئەویش بهێنێ، ئەویش پێی گوتم "تۆ زۆر بێ زەمیر و بێ سیقەی هەق نیە ئەوەندە بەشک و گومان بیت با سەبر بگرین و بزانین بەیانی چی دەبێت" . ئیتر بەیانی و دووبەیانیش تێپەڕین، ( رەشۆ ) هەر نەهاتەوە، تاڕادەیەک (ناوبراو ) تێکچوون بەروخسارییەوە دیار بوو, بۆ چوارەم رۆژ ئێوارەکەی دیار بوو گەڕابووەوە ماڵی خۆیان و یەکسەر دوای نان خواردن هەردووکیان( رەشۆ و مەمۆ ) هاتنە ماڵی (عەبدوڵا ) کە هاوڕێ ( بڕیار و داود ) لەوێ بوون، هەستم کرد(ناوبراو ) بە شێوە تەمسیل کردنێک تەلەفۆنی بۆ هەندێک ماڵی خزمی خۆی دەکرد خەبەری دەدانێ کە ( رەشۆ ) بەسەلامەتی هاتووەتەوە .

دواتر دەستیان بە قسەکرد و ( ئەبو حیکمەت) یش لە نامەیەک بۆی نوسیبوون کە بەقسەی (رەشۆ ) لە رێگای چوونی بۆ بارزان تووشی چەند رێگرێک هاتووە و دوای ئەوەی لێیان داوە پارەکەشیان لێسەندووە, هەر یەکە لە هاوڕێیان (بریار و داود ) زۆر بەوە تێکچوون، بەتایبەتی هاوڕێ (بڕیار ) دوای ئەوەی نامەکەی (ئەبوحیکمەت) ی خوێندەوە زۆر بە هەڵچونەوە گوتی "ئێوە گەمە بە عەقڵی من دەکەن شتی وا چۆن دەبێت ؟! ئەوە جگە لە درۆیەک هیچی دیکە نییە، بە گۆڕی هەموو شەهیدان بە چەند رۆژێکی دیکە ئەو پارەیە پەیدا نەبێتەوە، (رەشۆ ) ی دەکوژم ئەوجا کەیفی خۆتانە" ، تێبینیم کرد کە هاوڕێ (بڕیار) لەو هەڵوێستە زۆر جددی بوو و (ناوبراو )یش هەستی بەوە

کرد و زۆر بەو سوێندەی هاوڕێ (بڕیار) تێکچوو، دیارە شارەزایبوو, گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئەگەر ئەو پارەیە پەیدا نەکەنەوە عاقیبەتی باش نابێت, بەشێوەیەک رەنگی گۆڕا و زۆریش ترسا کە هیچ دوور نییە هەر ئێستا و لەو کاتە هاوڕێ (بڕیار) کارێکی وابکات .

(ناوبراو) بەشێوەیەک ترسا تەواوی جەستەی کەوتە لەرزین بە بەر چاوی ئێمەوە ، دیمەنێکی زۆر ناشرینی هەبوو، چونکە هیچ لەوە ناشیرینتر نییە مرۆڤ لە ترسان بلەرزی, ئیدی (ناوبراو ) گوتی "کاکە ئەگەر نەدۆزرایەوە من خۆم ئەو پارەیە دەدەمەوە" لەوێ یەکتر دیتنەکە کۆتایی هات وئەوان رۆیشتن و هاوڕێیانیش هاتنە ماڵی ئێمە بۆ مانەوە, لەوێ هەندک باسی ئەو بابەتە کرا ، نامەکەی (ئەبو حیکمەت) دیسان خوێندرایەوە و لێکدانەوەی بۆ کرا، منیش لەو کاتە نامەکەم خوێندەوە تێیدا هاتبوو "گوایا ئەو پارەیە رێگر بردوویانە ئێمە زۆ هەوڵماندا و بە دوای ئەو رێگرانەدا گەڕاین، بەڵام هیچ شوێن پەنجەیەکیان نەبوو، هەر لە دوای گەیشتنی ئەو نامەیە بگەڕێنەوە بارزان و (ناوبراو)یش لەگەڵ خۆتان بهێننەوە و ئەو پارەیەش دەبێت بە دە قات قەرەبوو بکرێتەوە" .

بەکورتی ئەوەی لە ناوەرۆکی نامەکەدا هاتبوو هەمووی بەزمانێکی ناواخندار نوسرابوو وەک ئەوەی ( بەزووترین کات بگەرێنەوە ، مەمۆ لەگەڵ خۆتان بهێننەوە کە ئەوکاری تەنهاو تایبەتی هەبوو، پارەکەش دەبێت دە قات قەرەبوو بکرێتەوە). ئیدی ئەوەبوو بەیانی منیان ناردە دوای هاوڕێ عەباس بۆ تاوتوێکردنی ئەو مەسەلەیە، ئەویش ئێوارە هاتە لای ئەوان، هەر هەمان قسە و باس کران و بە زۆری باسی گەڕانەوە و رێگای گەڕانەوە کرا، بڕیار درا کە لە زووترین کات بگەڕێنەوە بارزان ٠

# شەهید بوونی ملازم ئارام (٦)

هەر لەو مـاوەی هاوڕێیـان لەنـاو شـار بـوون، بەتـایبەتی لە سـەروبەندی خۆئامادە کردن بۆ گەڕانەوە، چەند رووداوێک لەناو شاری هەولێر روویان دا, وەک پشـکنینی چەنـدین گەڕەکـی هەولێـر لەلایەن هێزەکـانی رژێـم لەوانە گەڕەکەکـانی ( کـوران ، کرێکـاران ، حەی سـەدام ، و چەنـد گەڕەکێکـی هەژارنشینی دیکە )، هاوڕێیان (داود و مـلازم ئـارام ) کەوتنە بۆسە، لەگەڵ تونـدترکردن و دانـانی بۆسـەنانەوەی زۆر ....... هتـد ، کە بـۆ هاوڕێیـان لە هەمووی گرنگتر رووداوی کەوتنە کەمینی هاوڕێیان (داود و ملازم ئارام ) بووە هـۆی شـەهیدبوونی هـاوڕێ (مـلازم ئـارام ) کە پەیوەنـدی راسـتەوخۆ یـان ناڕاستەوخۆی بە بابەتەکەی ئێمەوە هەیە، بۆیە بە پێویستم زانی لەسەری بنوسم کە بە گشتی بەو شێوەیە بوو:

دوای ئەوەی هـاوڕێ (مـلازم ئـارام ) وەک هاوڕێیـان بـۆ کـاری تـایبەت لەلایەن (ئەبوحیکمەت) بۆ کارکردن لەناو شار رادەسپێردرێت و دێتە ناو شار پەیوەندی بەهاوڕێیانەوە دەکات، دوای یەکتر بینین سروشتی ئەرکی خۆی بۆ ئەوان باس دەکات و داوای هاوکاری و تەنسیقیان لێدەکات, بێگومان بەحوکمی ئەوەی ئەوان پێشتر لەشار بوون و شارەزایی باشتریان لەناو شار هەبوو، ئامـادەیی خۆیان دەردەبڕن و سەرپشکی دەکەن لە دەست نیشان کردن و چۆنیەتی جێبەجێ کردنـی بیرۆکەکەی خۆی، ئامـادەیی خۆیشـیان نیشـان دەدەن لەوەی هاوکـاری تەواوی بکەن.

دیـارە ئەویـش بەحـوکمی ئەوەی ( دەرچـووی کـۆلیژی سـەربازی بەشـی تەقەمەنی -قسم المتفجرات- بوو ) بۆیە یەکەم کارێـک هەوڵـی بـۆ دەدات، ئەوە بـوو لەنـاو جەرگەی هەولێر ئەو شـەمەندە فەرە بتەقێنێـتەوە کە ئەو کـات رۆژانە هـات و چـۆی هەولێـری دەکـرد ، دوای ئەوەی پێداویسـتی و شـتەکان ئامـادە دەکات، داوا لە هاوڕێ (داود) دەکات هاوکار و بەشداری بکـات لەو چالاکییە ، ئەویش دوای پرس کردن بە هاوڕێیانی خۆی ئامـادە یـی دەردەبڕێت و کـات و شـوێن دیـاری دەکەن و (شـەوی ٦-٧ نـۆڤێمبەری ١٩٨٤) لە مـاڵی خزمێکـی (داود) یەکتـری دەبیـنن و بەیـانی زوو دەچـنە شـوێنی دیـاری کـراو کـارەکە جێبەجێ دەکەن و لەکاتی گەڕانەوەیاندا دەکەونە نێو بۆسـە و توشـی تەقە دێن و هەریەک بەلایەک دەردەچن. ئەو شەوە هاوڕێ (بڕیار) بەتەنیا لە ماڵی خۆمان بوو بەر لە تەقەکان بە مـاوەیەکی کەم لە مـاڵ دەرچـوو بە منـی گـوت "دەچمە فـلان شـوێن" ، لەبەرئەوە بە بیسـتنی تەقەکـان زۆر ترسـاین کە ئەو توشـی ئەو تەقانە هاتبێت!

دوای رۆژهەڵاتـــن، بە تەکســـییەک چـــوومە ئەو شـــوێنەی کە ئەو دەستنیشـانی کردبـوو کە مـاڵی (خوشـکی بـاوکم، پـوورم بـوو لە گەڕەکـی کرێکـاران ) ، کە گەیشـتمە مـاڵەکە ئەو لەوێ بـوو ، پرسـیاری تەقەکـانم کـرد گـوتی "دەڵێن هـاوڕێ (داود و ئـارام) کەوتـونەتە کەمـین، منـیش (عەبـدوڵا)م راسپاردووە کە بە دواداچوونیان بۆ بکات و بیانهێنێتە ئێرە ". دوای خواردنی نانی بەیـانی دەوروبەری سـەعات هەشـت و نیـو (عەبـدوڵا و داود) هـاتنە ئەو مـاڵەی ئێمەی لێبوو دیار بوو هاوڕێ (داود) دەستی کەمێک بریندار ببوو، بەو شێوەیە باسی رووداوەکەی بۆ کردین.

دوای ئەوی بە تەکسییەک دەچن بۆ ئەو شوێنەی خۆیان دەست نیشانیان کردبوو کە شوێنی ئەو جادەی ئێستای کە لە شەقامی شەستیەوە دەچێتە لای بارەگای سەرۆکایەتی هەرێم لە تەکسی دادەبەزن بە قسەی هاوڕێ (داود) سایەق تەکسیەکە کە دەمانچە بە هاوڕێ (ئارام) دەبینێت دیارە شک دەکات کە ئەوانە ئاسایی نین پرسیاریان لێدەکات ( بەو بەیانیە بۆچی دەچنە ئێرە ) ئەوان بە ئاسایی دەڵێن کاری خۆمان هەیە و بەرێی دەکەن و خۆیشیان هەر سکە و سکە دەڕۆن تاکو دەچنە ناو وێستگەی شەمەندەفەر و لە شوێنێکی گونجاودا هاوڕێ (ئارام) بۆمبەکە دادەنێتەوە و هاوڕێ (داود) یش چاودێری دەکات ، دوای تەواو بوون هەربەهەمان ڕێگای چوونیان دەگەڕێنەوە.

کە بە بڕوای من هەڵەی کوشندەیان ئەوە بووە، بۆ ئەوەی هەر بە تەکسی بگەڕێنەوە ئەو شوێنەی خۆیان مەبەستیان بووە،

کە دەگەنەوە سەر جادەی شەستی ڕێک لە (فلکەی مەلعەب ) کە ئەو کاتە تەنیا هەندێک گوڵ و سەوزایی لێ بوو وە دیاربوو بۆ کاری جوانکاری هەندێک خۆڵیان لێ رووکردبوو، کاتێک هاورێیان دەگەنە دیوی لای (ئازادی ) دوو کەس لە پشت ئەو خۆڵە لێیان راست دەبنەوە و دێنە پێشیان و داوای وەستانیان لێدەکەن, بەشێوەیەک لێیان نزیک دەبنەوە نێوانیان تەنیا چەند مەترێک دەبێت هاوڕێ (داود) یەکسەر لە هەردووکیان دەدات دەم و دەست هەردووکیان دەخات و لەگەڵ هاورێ (ئارام) بەتەقەکردن هەر یەک بە لایەک هەوڵی خۆ قورتار کردن دەدەن, هاوڕێ (داود) هەر بەسەر جادەی شەستی روو لەلای (کوران) و لە کۆڵانی یەکەم خۆی پەنا دەدات لەو کاتە تەقەیەکی زۆری لێدەکەن، بەڵام بەری ناکەوێت بەڵکو بە کاریگەری تەقەکان دەکەوێت و دەستی بریندار دەبێت, هەر چۆنێک بێت دەتوانێت خۆی دەرباز بکات و بە ناو

ماڵەکان خۆی لە شوێنەکە دوور دەخاتەوە و بێ ئاگا لە هاوڕێ (ئارام).
دواتر ئێمە چوونیە شوێنەکە و لە هەندێ خەڵک زانیمان کە هاوڕێ (ئارام) لەکاتی تەقەکان هەر لەسەر ئەو جادەی لە (شەستییەوە بەرەو ئازادی) دەڕوات مەجالەکە درێژە و هیچ کۆڵانی نزیکی نییە و هەندێکیش دووردەکەوێتەوە بە جۆرێک دەمانچەکەی هیچ کاریگەری نامێنێ لەسەر چەکدارەکان، بۆیە دەبێتە ئامانجێکی ئاسانی تەقەکەرەکانی دیکە کە لە پشت خۆلەکە ماون جگە لەو دوانەی کە سەرەتا لەلایەن هاوڕێیان لێدراون واتە کە مینەکە چوار کەس بووینە ، ئیتر لەبەر دەم دوکانەکان کە ئێستاش ماون دەپێکرێت و دەست بەجێ شەهید دەبێت.
لەو کاتە وەک وتم هیچ شک و گومان لە (ناوبراو) نەدەکرا شتەکە وەک ڕێکەوت لێک دەدرایەوە، تەنانەت دوای یەک دوو ڕۆژ لە ماڵی ئێمە هاوڕێ (داود) ڕووداوەکەی زۆر بەوردی بۆ (ناوبراو) گێڕایەوە.
دیارە بۆ بەیانی دوای ئەوەی لەلای تەرمی ( هاوڕێ ئارم ) هەندێک پاشماوەی ( تی ئێن تی و وایەر و شتی وادەبینەوە ) دەزانن کە چ کارێک کراوە و بەبێ دەنگی بۆمبەکە پوچەڵ دەکەنەوە.
شایانی باسە دوای گیرانی هاوڕێیان و ئاشکرابوونی (نابراو) لەوەی کە دەستی ئەمن بووە لەناو حیزب، ئەوا پەنجەی تاوانباری ئەو کەمین و شەهید کردنەی هاوڕێیانیش بۆ ئەو درێژ دەکرێت .
مسەلەکە هەرچۆن و هەر کەسێک ئەو کارەی بۆ ڕژێم ئاشکرا کردبێت بە بڕوای من (( ئەگەر هاوڕێیان تەنیا ئەوەندەیان بکردایە و بە هەمان ڕێگای خۆیان نەگەڕابانەوە، ئەوا بێشک بە ئاسانی دەردەچوون و کارەکەشیان کە تەقاندنەوەی شەمەندەفەری هەولێر - بەغدا بوو سەری دەگرت)) .

# سەربازە خۆبەخش و نادیارەکان (٧)

هەر لەو ماوەیەی کە ئەو هاوڕێیانە لەناو شار بوون و خەریکی کاری خۆیان بوون وەک گوتم زۆرجار هێزەکانی رژێم بە شەو یان بە رۆژ کتوپڕ هەڵیاندەکوتایە سەر ماڵان، بەمەش پشکنینیان دەکرد و جاری وا هەبوو خەڵکیش دەگیرا, یەک لەو بەسەردادانانە بۆ گەڕەکی ئێمە بوو .

رۆژێکی هاوینی ١٩٨٤ هەریەکە لە هاوڕێیان (داود و بریار لەگەل ناوبراو) لە ماڵی ئێمە بوون ، دەوروبەری سەعات ١١ی نیوەڕۆ بوو ، ( جەمیلەی خوشکی عەبدوڵا ) هاتە ماڵی ئێمە و گوتی " تازە کاک خەسرۆ هات و گوتویەتی داوامان لێکراوە ئامادەبین بۆ ( مداهمە) بەسەر دادانی ماڵێک لە گەڕەکی (بەلاشاوە) ، زانیاری هاتووە چەند پێشمەرگەیەک لەوێن، ئەگەر کەسێک لە ماڵی ئێوەیە ( واتە ماڵی عەبدوڵا ) یان ماڵی (فرهاد ) ە، بڕۆن بەزوترین کات بۆ شوێنێکی دیکەی بگوازنەوە، چونکە ئێستا لەگەڵ دائیرەی ئەمن دێین بۆ بەسەردادانی ئەو ماڵەی خەبەری لێدراوە"؛ شایانی باسە ( خەسرۆ خزمی ئێمە و ئامۆزای داود و ئارام بوو جێگری عومەر حەسەن بوو کە ئەو کاتە مەفرەزەی ئەمنی هەبوو) .

ئیدی بەپەلە کەوتینەخۆ بۆ پەیداکردنی سەیارەیەک کە تەنیا (عەبدوڵا) مان شک دەبرد، ئەویش لە ماڵ نەبوو نەشدەکرا بەو نیوەڕۆیە بچنە سەر جادە و بە تەکسی بڕۆن بۆ شوێنێکی دیکە, ئەدی چی بکرێ ؟

لەو کاتە من هەر هاتوچۆی دەرەوەم دەکرد و چاودێری وەزعەکەم دەکرد و بیرم لەوە دەکردەوە چی بکەین بۆ پەیداکردنی ئوتوموبیلێک ، کەوتەوە یادم ماڵێک تازە هاتبوونە نزیک ماڵی ئێمە کابرا سەیارەیەکی بەرازیلی سپیی

هەبوو ، هاتمە دەرەوە تەماشام کرد سەیارەکە لە بەر دەرگا راوەستا بوو . ئەو ماڵە وەک گوتم تازە هاتبوونە ئەو شوێنە و پەیوەندیان لەگەڵ خەلکی گەڕەک زۆر کەم یان هەر نەبوو، ناوی ( ئەکرەم ) بوو ، بیرم کەوتەوە جارێک هاورێ (مامۆستا کۆچەر) باسی ئەو کابرایەی کرد و گوتی ( ئەوە ئەکرەمی عەولا دۆمی ) پێ دەڵێن کۆن هاوڕێی خۆمان بووە و هەر چەندە ئێستا پەیوەندی حیزبی نییە، بەڵام بەگشتی پیاوێکی پاک و باشە دەکرێ لە کاتی پێویست پشتی پێ ببەسترێ و کەڵکی لێوەربگیرێت.

کە دیتم سەیارەکە لە پێش دەرگا بوو یەکسەر گەڕامەوە ژوورەوە لای هاورێیان و گوتم "ئەوە ئەو کابرایە لە ماڵەوەیە کە هاورێ (کۆچەر) گوتی دەتوانن لە کاتی پێویست کەڵکی لێوەربگرن، لە ئێستا باشتر نابێت بابچم تەکلیفی لێبکەم و بتانگەیەنێتە شوێنێک ، ئەوان کەمێک دوودڵ بوون، بەڵام من بێ ئەوەی وەلامیان لێ وەربگرم یەکسەر و بەپەلە چووم لە دەرگای ماڵی (کاک ئەکرەمی جیران) م دا کە پێشتر قەت سلاویشمان لەیەکتری نەکرد بوو، نەشم دەزانی هەلوێستی چی دەبێت و چۆن وەلامم دەداتەوە، بەڵام هیچ چاری دیکەمان نییە , خۆی هات دەرگای کردەوە هەر جلی دەرەوەی لە بەر بوو، سلاوم لێکرد و بەبێ ئەوەی چاوەڕێی وەلامی لێبکەم گوتم " زۆر بەپەلە سەیارەکەت بێنە و وەرە بەردەرگای ئێمە چەند کەسێک هەن بیانگەیەنە هەر شوێنێک کە خۆیان دەیانەوێت" سەیرێکی کردم و کەوتە داڵغە و یەکسەر بەبێ ئەوەی هیچ پرسیارێک بکات وەک ئەوەی چاوەڕوانم لێی دەکرد بەدەنگ داواکە هات و گوتی " بڕۆ حازریان بکە واهاتم" بەو وەلامە زۆر کەیف خۆش بووم، کەسێکی نەناس بەو مەردایەتییە ئامادەیە ئەو خەڵکە رزگار بکات، بەو رۆژی رووناک کە رەنگ بوو هەر لە سەری کۆلان تووشببوانە و کارەسات

رووی دابایە, بەهەرحاڵ بەپەلە هاتمەوە و گوتم واهات حازر بن، ڕێک لەو کاتە (عەبدوڵا) دەگاتەوە ماڵ و (جەمیلە) ی خوشکی خەبەرەکەی پێدەڵێت، ئەویش یەکسەر دێتە لای ماڵی ئێمە کە دەنگی سەیارە هات وامان زانی کاک ( ئەکرەم) ە, من لە پێش ئەوان چومە دەرەوە دیتم کە (عەبدوڵا) یە بەسەیارەوە راوەستاوە، زیاتر کەیف خۆش بووم سەیرم کرد ئەویش هاتۆتە دەر وا خەریکە دەرگای سەیارە دەکاتەوە ، هەر دوور بەدووری بەدەست وەک نیشانەی سوپاسگوزاری ئیشارەتم بۆ کاک ( ئەکرم ) کرد و حاڵیم کرد کە ئەوە سەیارەیەکی دیکە هات و پێویست ناکات خۆت ئەزیەت بدەیت, ئەو یەکسەر زانی مەبەستم چییە بێ قسە و خۆ تاخیرکردن ڕۆیشتەوە ژوور بەبێ ئەوەی هەوڵ بدات ئەو کەسانە ببینێ و بیانناسێ ، ئەوانیش سواری سەیارەکەی (عەبدوڵا) بوون و ڕۆیشتن.

کاتێک ئەوان ڕۆیشتن، منیش وەک ئەوەی کارێکی زۆر گەورەم ئەنجام دابێت هاتمەوە ژوور و خۆم کردەوە بە ئیسراحەت لەبەر موبەریدە دانیشتم وەک ئەوەی کە ئێمە هیچمان لە هیچدا نییە, ئەگەر ئەو مەفرزەی ئەمن ئێستا بێنە ماڵیشمان، هیچ گرنگ نییە مادام هاوڕێیان دەرچوون, لە خۆشی دەرچوونی ئەوان بەتەواوی خۆم لە بیرکردبوو، چونکە تەنیا دەرچوونی ئەوان لام گرنگ بوو بەسەلامەتی بەبێ ئەوەی لە بیرم مابێت کە من سەر بە ڕێکخستنم و دەمانچەی قاچاخم هەیە و ڕەنگە دەیان بەڵگەنامە و بڵاوکراوەی حیزبیمان لە ماڵ هەبوو بێت, ئەو کاتە تازە بۆ خزمەتی سەربازی داواکرابووم و پەیوەندیم نەکردبوو واتە ( متخلف عن الخدمە ) بووم کە ئەو کاتە گەرمەی شەری ( عێراق - ئێران ) بوو بڕیاری ڕژێم ئەوە بوو هەر کەسی هەڵهاتووی عەسکەری بگیرێت، یەکسەر دەتوانرێت لە شوێنی خۆی گوللەباران بکرێت.

بەهەرحال تاکو ئێوارە بەو شێوەیە رابوورد، دوای مەغریب زانیمان کە لەوبەری ماڵەکانی ئێمە بەسەر ماڵێک دادراوە و پێشمەرگەیەکی ( حسک ) و چەند کەسێکی دیکەی ماڵەکە گیراون.

بەگشتی ئەوەی لێرە مەبەستم بوو باسی بکەم دەوری پاڵەوانیەتی و خۆبەخشی ( کاک ئەکرەم ) بوو کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت لەوەندە قسەیەمان زیاتر لەگەڵ یەک نەکردووە، ئەوجا ئەو پیاوە لەو کاتە حەساس و مەترسیدارە ئەو ئامادەییەی دەربڕی کە رەنگە لە شوێنێک و لەناو هیچ بڵاوکراوەیەکی حیزب ( نە باسی خۆبەخشی کاک ئەکرەم نە باسی کاک خەسرەو نە باسی جەمیلە و تەنانەت عەبدوڵاش وەک پێویست نەکرابێت) .

## بەکورتی چەند شتێکی تر(٨)

هەر لەو کاتەی هاوڕێیان لەناو شار بوون، چەند شتێک هەیە ئەگەر بەکورتیش بێت پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، چونکە هەتا رادەیەک پەیوەندییان بە دۆسیەی خیانەتەکەی (ناوبراو) هەیە. لەوانە شەڕی قەڵاسنج و دواتر ناردنەوەی مەفرەزەیەکی دیکە بۆ ناو شار .

لە هاوینی ١٩٨٤ دیارە هاوڕێیان مەفرەزەیەکی گەورە لە هەردوو بەتالیۆنی ( ٥ و ٣١ ) رەوانەی خوارەوە دەکەن، دوای جەولەکردن و دەرکەوتنی ئەو مەفرەزەیە لە ناوچەی هەولێر، هێزەکانی ( ینک ) کە خۆیان بە خاوەنی ناوچەکە دەزانی دەکەونە خۆ و هێزێکی زۆر دەگەیەننە ناوچەکە و دەست دەکەن بە تەنگە تاوکردنی هاوڕێیان و بە مەبەستی گەمارۆدانی هاوڕێیان لە ناوچەیەکی دیاری کراو لە هەموو لایەکەوە جوڵە بە هێزەکانیان دەکەن, دیارە بەو مەبەستە و بە ئەنقەست لە هەموولایەک هەوڵ دەدەن هێزەکەی حیزب بەرەو

(ناوچەی بناری سەفین بە دیوی قەڵاسنج ) ببەن کە ناوچەیەکی وشک و برینگ و بێ ئاوە، خەڵکی ناوچەکەش زیاتر سەر بە ( ینک ) بوون.

بەهەرحال من لێرەدا نامەوێت بەدوور و درێژی باسی ئەو شەڕە بکەم، چونکە لە نزیکەوە ئاگاداری نەبوومە. بە هیوام هاوڕێیانی بەشداربوو بە درێژی و بابەتیانە لەسەری بنوسن، چونکە لە زۆر رووەوە گرنگی خۆی هەیە بۆ دەرس و پەند لێوەرگرتن.

بەگشتی لەبەر ئەو هۆکارانە و چەند هۆکارێکی دیکەش ئەنجامی شەڕەکە بە قازانجی ( ینک ) کۆتایی پێ هات و نزیکەی ( ١٥ ) پێشمەرگەی ( حشع ) شەهید بوون و هێزەکەیشیان تووشی پەرتەوازەیی هات، بە شێوەیەک نزیکەی (١٠) پێشمەرگەی ئەو هێزە بە ناچاری خۆیان تەسلیم بە رەبایەکانی رژێم کرد , کە لە ناویان (هەردوو سەر لقی کۆیە و قەرەچوغ ) هەبوون, پاشماوەی هێزەکەش بە پچڕ پچڕی گەیشتنەوە بارزان.

دوای خۆتەسلیم کردنی ئەوان بە رژێم و دوای ماوەیەک هەموویان لێخۆش بوونیان بۆ دەرچوو و بەردران و هاتنەوە ناو ماڵی خۆیان و دواتر هەندێکیان پەیوەندیان بە حیزب کردەوە و گەڕانەوە سەرەوە.

لەوانە (صادق کە سەرلقی قەرچوغ ) بوو، بەڵام هاوڕێ (بەکر جۆلا کە سەر لقی کۆیە ) بوو لە ماڵی خۆی دانیشت.

من لەسەر راسپاردەی هاوڕێیان چووەمە سەردانی و بە خێرهاتنەوەیم لێ کرد و دوای چەند رۆژێک هەر لەسەر داوای هاوڕێ (بڕیار) چوومەوە لای و نامەی زارەکیم بۆ برد کە هاوڕێ (بڕیار) دەیەوێ بتبینێت ئەگەر دەتوانیت ئێستا لە ماڵی خۆمان چاوەڕێت دەکات، ئەویش ئامادەیی خۆی دەربڕی و گوتی بڕۆ ئێستا دێم و دەیبینم ، دوای کەمێک خۆی و کاک ( یوسف ) ی

ئامۆزای- لە ڕێخستن بەیەکەوە کارمان دەکرد کە دوای ماوەیەک بەداخەوە دەستگیر کرا و ئیعدام کرا- هاتنە ماڵی ئێمە و یەکتر بینینەکە بە ئامادەیی من و کاک ( یوسف ) ئەنجامدرا, بەگشتی دوای گێڕانەوەی چۆنیەتی شەڕەکە و ناچاربوونی خۆ تەسلیم کردن و وەزعیان لە زیندان و ئازادکردنیان ......هتد. هاوڕێ (بڕیار) داوای لێکرد و پێی گوت "ئەگەر دەتەوێ بگەڕێیتەوە بۆ سەرەوە، ئەوە دەتوانین یارمەتیت بدەین یان هەر شتێک خۆت مەبەستتە" هاوڕێ (بەکر جۆڵا ) ڕێک بەو شێوەیە و بە تەعبیرێکی ناواخندار وەڵامی دایەوە "سڵاوم بگەیەنە هاوڕێیان و پێیان بڵێ کە ئێمە چیتر کەڵکی حیزبمان نەماوە" هاوڕێ (بڕیار) دووجار لێی دووبارە کردەوە کە بۆچی کەڵکی حیزبتان نەماوە ، ئەو لە وەڵامدا بە ناچاری گوتی "لەبەر دەربازکردنی گیانی خۆمان، هەموومان بەڵێنمان بە ئەمن داوە کاریان لەگەڵ بکەین چ بەگەڕانەوەمان بۆ ناو حیزب بێت چ بە دانیشتن لە ماڵی خۆمان". ئیتر دانیشتنەکە کۆتایی هات وەک دوو ئازیز یەکتریان ماچ کرد ، بە جوانی لە روخساری هەردووکیان دەبینرا کە چەند دڵگرانن بۆ ئەو هەڵوێست و دۆخە!

من ئەو قسەی هاوڕێ بەکر جۆڵام لە هاوڕێ (نیهادی ڕۆست) یش بیست و گوتی "هەموومان بەڵێنمان بە ئەمن داوە کاریان بۆ بکەین و (نەقیب عەبدوڵا کە بەرپرسی مەلەفی حشع بوو لە ئەمنی هەولێر) ژمارە تەلەفۆنی خۆی پێداوین بۆ هەر کارێکی پێویست". دیارە دوای ڕووداوەکە وەک ئاماژەم پێدا هەندێک لەو هاوڕێیانە گەڕانەوە سەرەوە و تەنانەت لە ڕیزی پێشمەرگایەتیش وەرگیرانەوە، چۆن و بە چ شێوەیەک ئەو کارە کرا ئەوە خۆیان و بەرپرسەکانیان دەزانن!

# هاتنی مەفرەزەیەكی دیكە بۆ ناو شار

لە سەرو بەندی گەڕانەوەی مەفرەزەكەی ناوشار بۆ سەرەوە ، باس كرا كە مەفرەزەیەكی دیكە بە سەرپەرشتی ( صادق ) كە یەكێك بوو لەو كەسانەی لە شەڕی ( قەلاسنج ) بەناچاری تەسلیمی رژێم ببونەوە دوای بەردانیان دیارە چۆن و بە چ شێوەیەك خۆی گەیاندبۆوە سەرەوە و دوای ماوەیەك لە لایەن سەركردایەتی قاتع وشەخسی ( ابو حكمت ) رادەسپێردرێ بۆ ناو شار , لەگەل چەند هاورێیەك لەوان ( محمد سمایل - رەوەند ......) ( وەك ) جێگرەوەی ناراستەوخۆی هاورێیانی دیكە و بەبێ ئەوەی هیچ حیسابێك بۆ ئەوان بكرێ كە بووە هۆی دلگرانیەكی زۆری ئەوان و بە ئاشكراش باسی ئەو دلگرانیە و حساب بۆ نەكردنەیان دەكرد , ئەوە وای كرد هەرچی زووە و بەهەر شێوەیەك بێت بگەرێنەوە سەرەوە وەك بلێی بە زووترین كات ئەو ئەركەی پێیان سپێردراوە تەسلیمی سەروی خۆیانی بكەنەوە , بە ئاشكرا پێیانەوە دیار بوو كە ئەو كار و كردەوە تازەی ( ابو حكمت ) وەك سوكایەتیە بۆ ئەوان و كاریگەری سلبی كردبووە سەریان و لە رووی دەرونی تا رادەیەك تێكی دابوون , بە تایبەت ( هاورێ داود ) كە زۆر پێی وە دیار بوو بەلام ( هاورێ بریار ) كەمتر ، ئیتر دوای چەند رۆژێك بەبێ ئەوەی زۆر تەئكید لە ( ناوبراو ) بكەن كە ئایا لە رووی ئەمنی ئەو رێگا یە و كەسانی بەو كارە هەلدەستن كێن و چین و سەر بە كێن یان هەر شتێكی دیكە ، رازی بوون لەو كات و شوێنەی كە ئەو دیاری كردبوو بگەرێنەوە سەرەوە و كۆتایی بە ئەركی خۆیان بهێنن . ئەوەبوو كاتی گەرانەوە لە لایەن ( ناوبراو ) دیاری كرا, لەوسەرو بەندە ( هاوری مەغدیدەشەل ) كەیەكێك بوو لە مەفرەزەكە داوای كرد كە رێگای پێبدەن تەسلیمی رژێم بێتەوە و توانای

پێشـــمەرگایەتی نەمـــاوە !!!!! بێگومـــان بەناچـــاری وەلامـــی ئەرێنیـــان دایەوە بەمەرجێک کە ( هەتـا ئەوان لەشار دەردەچن خۆی تەسلیم نەکاتەوە نەوەک لەئەمـن ئازاربـدرێ و بـدرکێنێ کە ئەوان لەشـارن و توشـی شـتێکی چـاوەروان نەکراو بن هەرچەندە ئەو کەسێکی پاک بوو جێی ترس نەبوو بەلام هەر وەک حەزەر وەرگرتن ئەو مەرجەیان لەسەر دانا ) , شەو لە مالی ئێمە خواحافیزی لە هاورێیان کرد و رۆیشت .

بـۆ بەیـانی دوای نیـوەرۆ مـن بـۆ کـارێکی هاورێیـان چووبـوومە بـازار ( هـاورێ مەغدیـد) م لەنـاو بـازار بینـی ، دوای سـلاو لێکـردن بینـیم هەنـدێک ئەوراقی بەدەستەوەیە زانیم خۆی تەسلیم کردۆتەوە گوتم ( دیارە خۆت تەسلیم کـردۆتەوە ؟؟؟ ) گـوتی ( ئەرێـوەللا چ بـکەم خوا دەزانـێ ئەوان کەی لە شـار دەردەچن ؟؟؟؟؟ ) ، بەهەرحال ئەوم بەجێ هێشت و بەرەو ( بازاری شێخ اللە ) هاتم لەوێ دوور بەدوور ( صادق ) یشم بینی !!! بەتەواوی جلی پێشمەرگایەتی خاکی و قەمسەلەی خاکی و جەمەدانی و پێلاوی ( مێکاپ ) کە ئەو کاتە پێشمەرگە زۆر بە کاریان دەهێنا ( ئێستا بەو جۆرە پێلاوە دەلێن !!!!! (pkk زۆر لام سەیر بوو پێشمەرگە هەردەم کە لەشار بێت دەبێت هەتا دەتوانێ خۆی بگۆرێ بـۆ ئەوەی خەلـک نەیناسـێ ( هـاورێ صـادق ) چـۆن بەو شـێوەیە لە ناوشـار دەگەرێ !!!!! بەراستی خۆم لێ لادا و خۆم نیشان نەدا .

بەهەر حال هـاتمەوە مـال وئەو خەبەرانەم دانـێ هەم خۆتەسلیم کـردنەوەی ( هاورێ مەغدید ) هەم دیتنی ( صادق ) ، لە بارەی ( مەغدید ) ترسیان نەبـوو گوتیـان کـورێکی پـاکە و هیچـی لێناوەشـێتەوە ، بەلام بـۆ ( صـادق ) زۆر تەئکیدیان لێکردمەوە و لایان سەیر بوو ، هەتا ( هاورێ داود ) گوتی ( کەیفی خۆیتیان لەگەل ابو حکمت ) .

ئیدی ئەوەبوو دوای یەک دوو رۆژ کاتی رۆیشتن دیاری کرا کە شەوی (١٠/ ١١/ ١٩٨٤ ) بوو بەو شێوەی ( ناو براو ) شێوەی رۆیشتن و ئامادەکاری بۆ کرد بوو

## گەڕانەوە بۆ بارزان (٩)

وەک لە بەشەکانی پێشوو باسم کرد کە لەلایەن سەرکردایەتی قاتع و بەتایبەت ( ئەبو حیکمەت ) و بە نامەیەک کە بەدەستی ( رەشۆی برای مەمۆ ) ناردرابوو داواکرابوو کە بەزووترین کات هەوڵبدەن بگەڕێنەوە بارزان و ( مەمۆ ) ش لەگەڵ خۆتان بهێننەوە .

ئیتر هاوڕێیان کەوتنە خۆ ئامادەکردن بۆ گەڕانەوە ، زۆر رێگا و شێواز خرانە بەر باس و تەنانەت راوێژ بە هاوڕێیانی کادیریش کرا کە لەو کاتە لە هەولێر بوون ، بێگومان (ناوبراو) ئاگاداری زۆربەی ئەو کارانەش بوو بوو، چونکە ئەو وەک لەلایەن قاتعەوە راسپێردرا بوو بۆ هاوکاری داواش کرابوو کە هاوڕێیان ( لەگەڵ خۆیان بیبەنەوە بۆ سەرەوە ) و هەردەم ئامادەیی هاوکاری نیشان دەدا بۆ دەربازبوونیان لەناو شار و ناوچەکانی ژێردەستی ( ینک ) کە ( بەقسەی خۆی ) دەتوانێ کەڵک لە خزمەکانی وەرگرێ کە چەکداری رژێم بوون. شایانی باسە ( بەڵێنی ئەوەشی دا کە تەواوی ئەو پارەیەی کە لەلای براکەی بزر بووە لەگەڵ خۆی بیهێنێتەوە ) .

ئیتر کات و چۆنیەتی گەڕانەوە دەست نیشان کرا کە لە رێگای هاوکاری ( ناوبراو ) بگەڕێنەوە سەرەوە کە تەنیا (ناوبراو) خۆی دەیزانی چۆن و بە کام رێگا و بە یارمەتی کێ ئەو کارە دەکات.

شتێک دەمەوێ لێرەدا باسی بکەم کە گرنگە خوێنەریش بیزانێ ئەویش ئەوەیە لەو سەروبەندەدا کە ئەوان خەریکی خۆئامادەکردن بوون و بەتەواوی لەگەڵ (ناوبراو) ڕێککەوتبوون بۆ گەڕانەوە, وەک بڵێیت تەواو سەروکاری ئەو ئەرکەیان دابووە دەستی ئەو.

هاوڕێیانی کادیرانی محەللی کە ئەو کات لە هەولێر بوون، تەواو ئاگاداری ئەو ڕێوشونە بوون و دەیانزانی کە هاوڕێیان لەو یەک دوو ڕۆژە لە ڕێگای (ناوبراو) لە هەولێر دەردەچن و ئەو ڕێگایە پر مەترسیە دەگرنە بەر, بە هیچ شێوەیەک من نەمدیت و نەمزانی و نەمبیست کە تاکە یەک کەسیان یەک تێبینیان لەسەر چۆنیەتی ڕۆیشتن و ئەو هاوکارییەی (ناوبراو) نەبوو بەڵکو هەندێکیان نامە و بەریدی خۆیان پێدان بۆ گەیاندن کە تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەوانیش تەواو لە (ناوبراو) دڵنیابوون و متمانە و دڵنیاییان لە هی هاوڕێیانی پێشمەرگە زیاتر نەبوو بێت، کەمتر نەبووە.

## سەعاتی سفر

ئێوارەی ڕۆژی ( ١٠/١١/١٩٨٤ ) وەک کاتی ڕۆیشتن دەستنیشان کرا ، بڕیار بوو مەمۆ لەو ئێوارەیە هەموو هاوڕێیان بگوازێتەو ئەو شوێنەی کە ( تەنیا خۆی دەیزانی و ئامادەی کردبوو ) بە حیساب لەوێوەش بەسەیارە بیانگوازێتەوە بۆ ناوچەی دەشتی هەریر وا حیساب دەکراو شک وابوو کە ( ڕەنگە ماڵە خاڵوانی بێت کە لای مزگەوتی سپی بوو لەناو ماڵە زراریەکان ), چونکە (ناوبراو) شتی وای درکاندبوو، کار و ئەرکی ئەویش وەک لە پێشوتر باسم کردووە هەر ئەو سنورە بوو.

ژمـــارەی هاوڕێیـــان لەو کـــاتە حەوت کەس بـــوون، دوای خۆتەســـلیم کردنەوەی هاوڕێ ( مەغدید ) پێنج کەس مـابوونەوە دوو کەسیش پەیوەندییان پێیـــانەوە کردبـــووەوە؛ بڕیـــار وابـــوو ئەوانـــیش لەگەڵ خۆیـــان بـــبەن .

ڕۆژی پێشـتر (نـاوبراو) هـاتە مـاڵی ئێمە و لەگەڵ هاورێیـان ڕێکەوت کە سـەرەتا هاورێیـان ( عـادل و سـەرباز و ئیلتحاقەکـان ) ببـات و دواتـر بێتە دوای هاوڕێیان ( عەباس و بریار ) , بەڵام ئەو یەکەم کەس هاتە دوای ئەوان کە لە مالی ئێمە بوون و گوتی لێرە نزیک تر بووم جیاوازی نیە ، لەوکـاتە ( هـاورێ بریـار ) گـوتییە هـاورێ (عەبـاس) مـن پـێم باشـە (هاورێیـانی بەرانەتـی) ش ئاگادار بکەینەوە کە ئەگەر دەیانەوێ لەگەڵ ئێمە بگەرێنەوە با تەنسیق بکەین و بەیەکەوە بڕۆین .

لێرە دەبێت کەمێک باسی ئەو مەفرەزەیەشتان بۆ بکەم و ئاشناتان بکەم بەومەفـــــرەزەی کە بە (مەفـــــرەزەی بەرانەتـــــی) نـــــاوم هێنـــــا ،

(مەفرەزەی بەرانەتی) کە مـاوەیەک دوای مەفـرەزەی یەکەم هـاتنە شار دووەم مەفرەزە بوو کە هەر لەلایەن سەرکردایەتی قاتع و شەخسی ( ابو حکمت ) و هاوشـێوەی هاورێیـانی شـار ڕەوانـی نـاوچەکە کرابوون بەڵام بـۆ (نـاوچەی بەرانەتـی) نەک نـاو هەولێر تەنهـا دەتـوانن لە کـاتی پێویسـت سـود لە نـاو شـار وەرگرن کە ژمارەیان ( پێنج ) کەس بوون .

بەڵام بە حـوکمی ئەوەی نـاوچەکە هەمـووی چەکـداری ڕژێـم بـوون و کاتی موفاوەزاتی ( ینک ) بوو بۆیە زیاتر لە ناو شار بوون .

کاتێک کە ( هـاورێ بریـار ) ئەو پێشـنیارەی کـرد ( هـاوڕێ عەبـاس ) ڕەزامەندی نیشان دا و گـوتی ( باشـە مـادام وایە ئەم شـەو نـارۆین بەیـانی هەول

دەدەین بیانبینین ئەگەر حەزیان کرد ئەوە بەیەکەوە دەرۆین ) لەو کاتە ( عبدالله ) هاتە مالی ئێمە و گوتی ( سەیارەیەکی سوپەری تەکسی ژمارە **٣٣٣٧** هەولێر لای مالّی ئێمە وەستاوە و سایەقەکەش کە کلاّو و جەمەدانی وەک خەڵکی عشایەری لای سەرەوە بەستاوە شکم لێی هەیە ) کەچی (ناوبراو) گوتی (ئەوە لەگەڵ منە مەترسە) ,ئیتر کەوتنەوە باسی چون و نەچون, (ناوبراو) زۆر جەختی کردەوە کە نابێت ئەو کارە دوابکەوێ، چونکە ئەو هەموو شتی ئامادە کردوو وەک سەیارە و خەڵک هەمووی دەبێت دووبارە بکرێتەوە و ...... هتد, زۆر پێداگری دەکرد کە هەر دەبێت ئەمشەو بڕۆن، دەنا رەنگە سبەی نەکرێت یان رووداوێک رووبدات و بەرنامەکەیان لێ هەڵبوەشێتەوە ، بەلاّم هاوڕێیان رازی نەبوون کە بەبێ پرسی هاوڕێیانی بەڕانەتی بڕۆن, هاوڕێ بڕیار گوتی (هەرچەند پارە تەکلیف دەکات بیاندەیە) چونکە ئەو بەحیسابی خۆی وای پیشاندا کە ئەو خەڵک و سەیارانەی بەپارە گرتووە ، بۆیە (ناوبراو) ناچار بوو کارەکە بۆ بەیانی دوابخات.

ئیتر ئەو رۆیشت ومنیش هاوڕێ (عەباس) م گەیاندەوە مالّی خۆیان کە لە مالّی ئێمە نزیک بوو .

وەک لە بیرم مابێت بەیانی خەبەریان بۆ هاوڕێیانی بەڕانەتی نارد، بەلاّم هیچ وەلاّمێکی ئەو تۆیان دەست نەکەوت وەک بلّێی بزریان کردن.

هاوڕێیانیش گومانیان کرد کە ئەوان رەنگە بە کاری تایبەتی خۆیان لە شار دەرچوبن و چووبنە (ناوچەی بەڕانەتی) کە شوێنی کاری خۆیانە.

ئەو رۆژە بەگشتی هەر وەک بلّێی خەریکی خۆئامادەکردن بوون بۆ رۆیشتن, هەر یەک دوو هاوڕێ لە مالێک و لە گەڕەکێک بوون, مالّی ئێمەش یەک لەو شوێنانە بوو.

منیش بەگشتی ئەو رۆژە هەر لە ماڵ بووم، پێم شک نایەت چووبمە شوێنێک ,بەتایبەت لەبەر دایکم کە زۆر دڵتوند و پەشۆکاو دەهاتە بەرچاوم, ئەو وەزعەی دایکم بەشێوەیەک بوو جیا لە جارانی دیکە ، تەنانەت کاری کردە سەر منیش وەک بڵێی هەستمان بە شتێکی نائاسایی کردبێت، بەڵام بەئاساییمان وەرگرت و وامان لێک دایەوە دایکە و کوڕی دەڕواتەوە بۆ شاخ و ناخۆشی شاخ و لێی دوور دەکەوێتەوە بۆیە وەزعی ئاسایی نییە ، بەڵام من هەر لە شک و گومان مامەوە ، بیرم لەوە دەکردەوە کە ئێوارە (ناوبراو) هاتە دوای هاوڕێیان، من بەدزی ئەوان دەچمە لای سەیارەکە و وەک کەسێکی پیاوی حکومەت داوای ناسنامەی لێدەکەم.

تەواو خۆم بۆ ئەو کارە ئامادە کرد و کاتی ئێوارە خۆم کۆکردەوە و دەمانچەکەم خستە بەر پشتم وەک حازر بەدەست بۆ ئەو کارە یان هەر پێشهاتێکی دیکە ، بە شێوەیەک هاوڕێ (بڕیار) هەستی بەو وەزعەی من کرد و گوتی ( خۆت مشەوەش مەکە کوڕی قۆز، هیچ لە گۆڕێ نییە و هەموو شت وەک خۆی دەڕوا ) , بێئاگا لەوەی من گومان لە وەزعەکە دەکەم و نیازی ئەو کارەم هەیە.

دوای نان خواردنی ئێوارە چومەوە دوای هاوڕێ (عەباس) و هێنامەوە ماڵی خۆمان ، دانەنیشتم هەر بە پێوە وەستابووم تا ئەو کاتەی (ناوبراو) هات، ئیدی یەکسەر بەدزی ئەوان لە ماڵ دەرچووم بۆ لای شوێنی سەیارەکەی ئەوان، چونکە دەمزانی هەر لەو شوێنەی دوێنێیە کە بەردەم ماڵی ( عبدالله ) یە نزیکەی دووسەد مەترێک لە ماڵی ئێمە دووربوو ، گەیشتمە نزیک سەیارەکە ( عبدالله ) لە ماڵی خۆیان دەرچوو دیار بوو بۆ لای ماڵی ئێمە دەهات ، خۆم دا تاریکایی تاکو نەمبینی بەڵام ئەو دیار بوو زووتر منی دیتبوو هاتە لام

گوتی ( چ هەیە بۆ لێرەی؟ ) , گوتم بەراستی بەتەمای شتێکی ئەوهام لەگەڵ  سایەقەکە هەر بۆ دلنیایی ، بەڵام  ئەو یەکسەر بەرسینگەی لێگرتم و بەرەو دواوەی کشاندمەوە گوتی ( هەرسەیارەکەی دوێنێیە و پێویست ناکات ئەو کارەی تۆ زۆر بە عەیبە بەسەر هاوڕێیان دادەشکێتەوە )، وەک بڵێت ئەو قسانەی تەئسیری لە منیش کرد بەیەکەوە گەڕاینەوە ماڵەوە ، لەو کاتە ئەوانیش خەریک بوو دەردەچوون ، ئیدی خواحافیزیمان لەیەک کرد و من ویستم لەگەڵ یان بچم تا لای سەیارەکە بەڵام  هاوڕێیان رازی نەبوون ، ئەوان رۆیشتن و ئێمەش هەر لەبەر دایکم و دڵدانەوەی ئەو گەڕاینەوە ماڵ و دەستمان کرد بە دڵدانەوەی ئەو.

وەک باسم کرد کارەکە بەگشتی بەو شێوەیە رێکخرابوو کە هەر دوو یان سێ هاوڕێ ببات بۆ شوێنی دیاریکراو ( کە تەنیا هەر خۆی دەیزانی ) , لای ئێمەش وا مەزەندە دەکرا کە شوێنەکە و ئەو ماڵەی بۆ ئەو کارە ئامادە کرایە لای باکوری رۆژاوای هەولێرە و لەوێوە بەرەو دەشتی هەریر بە سەیارە بەرێ دەخرێن، چونکە چەند جارێک لەلای (ناوبراو) ئیشارەتی پێدرابوو کە لەو ناوچەیە بەرێ دەکەون و بەرەو ئەو شوێنە دەچن.

بەیانی زوو (عەبدوڵا) بە سەیارەکەی کە لادایەکی تەکسی بوو ، زۆر لەو ناوچەیە سوڕابووەوە هیچی ناتەبیعی هەست پێ نەکرد بوو ، کە هاتەوە باسی کرد لەو ناوچەیە و ئەو گەڕەکانەی کە شکمان بۆی دەچوو وەزع زۆر ئاساییە وەک ئەوەی هیچ رووی نەدابێت کە بۆ ئێمە ئەو قسەیە دڵنیابوونێکی چاک بوو.

# ڕووداوێکی نەزانراو

بۆ بەیانیەکەی واتە ڕۆژی ( ١١/١١/١٩٨٤) کە تاوەکو دوای نیوەڕۆ هەر باران بوو, من هەر لە ماڵ بووم ، دوای نیوەڕۆ وابزانم (مام یابە باوکی هاوڕێ عادل ) کە ئەویش یەک بوو لەو هاوڕێیانەی ئەو شەوە لەگەڵ هاوڕێیان ڕۆیشتبوو ، هاتە ماڵی ئێمە و گوتی دەڵێن ئەمشەو لە (گەڕەکی عەداله) تەقەیەکی زۆر کراوە و بۆ بەیانییەکەی خەڵک بینیویانە چەند سەیارەیەکی دائیرەی ئەمن دوو یان سێ تەرمیان بەبەرچاوی خەڵکەوە لەسەیارە بارکردووە ,کە دیارە شەو لەو ناوە بەتەقەکانی شەو کوژراون، شک هەیە هاوڕێیانی (مەفرەزەکەی صادق و ئەوان )بن.

ئێمە لامان سەیر بوو چونکە وا بڕیار بوو هاوڕێیانی ئێمە لەلایەکی دیکەی هەولێر لە شار دەرچن، ئەو شوێنە زۆر دوورە لە شوێنی ئەوان ، من هەندێک شوێنی ئەو هاوڕێیانەم پێ دەزانی یەکسەر بە پێیان ڕۆیشتمە یەک لەو ماڵانە کە هەر لە گەڕەکی خۆمان بوو ماڵی (مام عوسمان خورما ) بوو کە خەڵکێکی دڵسۆزی خۆمان بوون، خەڵکی (گوندی  دارە خورما ) بوو نازناوەکەشی هەر لەوەوە هاتبوو ، کە چوومە ئەو ماڵە هاوڕێ( محەمەد سمایل ئەبوشوارب) لەوێ بوو ، ئەو هەواڵەم پێی ڕاگەیاند لای سەیر بوو گوتی ( ئێمە هیچ چالاکی یان کارمان نەبووە نە لەو شوێنە نە لە شوێنی دیکە و هاوڕێیەکیشمان تەسلیم بۆتەوە و خۆمان سێ کەس ماوین؛ ئەوە من (هاوڕێ ئیبراهیم) یش لە ماڵی خۆیەتی تەنیا (صادق) کە نازانم لە کوێیە ئەوانە سێ تەرم بووە بەو حیسابە ئێمە نین و هیچ پەیوەندی بە ئێمەوە نییە.

# بینینی کادیرانی حیزب

ئێوارە کاتێک (عەبدوڵا) هاتەوە، چومە لای و ئەو خەبەرم پێگایاند بەیەکەوە چوینە ماڵی (یەحیا) هەواڵەکانمان بەوانیش راگەیاند ( وابزانم هاوڕێیان ئارام و مامۆستا کۆچەر ) لەوێ بوون, هیچیان لەو بارەیەوە نەدەزانی دوای قسە و باس ئەوانیش رایان وابوو کە زەحمەتە هاوڕێیانی ئێمە بن, لێکدانەوەکەیشیان تەنیا لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە پێشتر بڕیار لەسەر ئەوە دراوە هاوڕێیانی ئێمە لە ناوچەیەکی دیکە بڕۆن نەک ئەو ناوچەیەی شەڕو پێکدادانی تێیدا رووی داوە.

دوای کەمێک رۆیشتینە چەند شوێنێک بۆ ئەوەی هاوڕێ (ئەحمەد عەوێنە) ببینین، بەڵام بێ سود بوو. شەو درەنگ گەڕاینەوە ماڵەوە, بۆ بەیانی زوو دیار بوو هاورێ (ئەحمەد عەوێنە ) هاتبووە ماڵی (عەبدوڵا) ، دەوری سەعات هەشت یان زیاتر بوو بەدوایدا ناردم و دیتم هەر خۆی بەتەنیا لەوێیە ، ئیتر بەدرێژی باسی تەواوی مەسەلەکەم بۆ کرد زۆر لای سەیر بوو (لەناو هەولێر سێ کەس بکوژرێ و نەزانرێ کێیە!!! )

ئەو رۆژە بەتەواوی هەوڵماندا تەنیا خەبەرەکەمان بۆ تەئکید کرا و هیچی تر نا. ئیتر ماوەی چەند رۆژێک بەسەر ئەو رووداوە تەمومژاوییەدا تێپەڕی, لەو ماوەیەدا چەند جارێک هاوڕێیانی کادیرمان بینی، کەچی هیچ خەبەرێکیان لەبارەی هاوڕێیان لا نەبوو، هیچ حاڵەتێکی نائاساییش لەسەر ماڵە حیزبییەکان و هیچ شتێکیش بەرامبەر کادیرەکان نەکرا بوو, دۆخی هەولێر سەبارەت بە هاوڕێیان بەگشتی زۆر ئاسایی دیار بوو.

لێرە بە پێویستی دەزانم کە ئاماژە بە هەوڵی دەستگیرکردنی هاوڕێ مام ئەحمەد عەوێنە بکەمەوە کە پێشتر نوسیومە چونکە پەیوەندارە بە باسەکەی ئێمە.

# هەوڵی دەستگیركردنی
# هاوڕێ ئەحمەد عەوێنە لەلایەن ڕژێم

پێم باشە هەر تەنیا باسی ژیانی پێشمەرگایەتی نەكەم، پێویستە باس و بەسەرهاتی ڕێكخستن و ئەو مەترسی و گیانبازییەی ڕێكخستنیش فەرامۆش نەكرێ كە هیچی كەمتر نییە لە پێشمەرگایەتی ئەگەر زیاتریش نەبێت.

لەوانە هەوڵی دەستگیركردنی هاوڕێ (ئەحمەد عەوێنە) كە ناوێكی دیار و كادیرێكی ناسراوی رێكخستنەكانی هەولێری ( ح.ش.ع) بوو.

زستانی ساڵی ١٩٨٤ ئێوارەیەك هاوڕێ ئەحمەد عەوێنە لە ماڵی شەهید عەبدوڵا بوو لە گەڕەكی (ئیسكان -بەلاشاوە ) كە نزیك ماڵی ئێمە بوو, هەم ئامۆزای یەكترین و هەم لە رێكخستنیش سەر بەو رێكخستنە بووین كە هاوڕێ (ئەحمەد عەوێنە )سەرپەرشتی دەكرد.

دیار بوو بەڕۆژەكەی نامەیەكی لەلایەن كەسێكی نەناسراو بۆ هاتبووە ماڵی (عەبدوڵا) و تەنیا گوتبویانە خوشكی (عەبدوڵا) ئەو نامەیە بۆ (ئەحمەد عەوێنە) یە و ڕۆیشتبوو ئەویش بە ئاسایی وەریگرتبوو دیار بوو لە نامەكە بە ناوی نهێنی( كۆنی ) مەكتەبی محەللی هەولێر بوو كە ئەگەر لە بیرم مابێت ناوەكە (كیفاح) بوو بەڵام بەقسەی (مام ئەحمەد) ئەو نهێنیە گۆڕاوە لە دوای شەهید بوونی هاوڕێیان (مەلاعوسمان و شاڵاو) و ئەوانە لەلایەن یەكێتی كە هێشتا شەڕی ناوەخۆ بوو, بەریدی محەللی و ئەوانەشیان لەلا بوو كەوتبووە دەستی جەماعەتی یەكێتی, نهێنیەكان بەگشتی ئاشكرا ببوون بۆیە وشەی نهێنیەكە گۆڕابوو.

هاوڕێ (مام ئەحمەد) گوتی بزانین چیە و کێیە، بەڵام ئەگەر جارێکی دیکە شتی واهات وەریمەگرن. منی ڕاسپارد وەک هاوەڵ لەگەڵی بچم بۆ ئەو شوێنەی وەک مەوعید بۆ یەکتر بینین بۆی دانراوە لە نامەکە ، تێبینیم کرد (مام ئەحمەد) دەمانچەکەی سوار کرد کە عادەتی ئەو نەبوو ، هەستم کرد ئەو شوێنەی بۆی دەچین مەترسیدارە ، بەهەنجەتی ئەوەی دەچم ڕوخسەت لە باوکم وەردەگرم چوومەوە ماڵ دەمانچە چواردەخۆرەکەی خۆم هێنا کە ماوەیەکی کەم بوو کڕیبووم ، منیش دەمانچەکەم سوار کرد بە سەیارەی (عەبدوڵا), ڕۆیشتین بۆ شوێنی دیاری کراو لەڕێگا هاوڕێ (مام ئەحمد) پێی گوتم (شوێنی موعیدم جێگای وەستانی پاسە کە دەکەوێتە تەنیشت هوتێل زەیتون بۆ لای بازاڕ بەرامبەری هوتێل شیراتۆنی ئێستا، عەبدولا ئێمە دەگەیەنێتە ئەوێ ، بە پێی مەوعیدەکە دەبێت سەعات ( ٧ ) ی ئێوارە کەسێک بە دوری دە هەنگاو بۆ لای هوتێل لە وێستگەی پاس وەستابێت و ڕۆژنامەیەکی لە دەست دابێت نهێنیەکەش ئەوەیە من پێی دەڵێم ئامانە ( پاس ) ی ئازادی دێتە ئێرە! ئەو کەسەش دەڵێت نەخێر فەرموو ، ئەو دەڕوات، منیش بەدوای دادەڕۆم و عەبدولاش دێتەوە دوای تۆ و بڕۆنەوە ماڵ) .

بەر لە چەند دەقیقەیەک لە کاتی یەکتربینینەکە گەیشتینە شوێنەکە کەسی لێ نەبوو زۆر ئاسایی بوو سەعات ( ٥٥-٦ ) دەقیقە بوو ئەو کاتە دوکانێک لەوێ بوو ئێستا بویتە نوسینگەی کۆمپانیا، من چومە دوکانەکە بەفێڵی جگەرە کڕین کە پاکەتەکەم وەرگرت بینیم کەسەکە لەوێیە و جەریدەکەشی بەدەستەوەیە, گەڕامەوە لای (مام ئەحمەد) وەک ئەوەی نایناسم جگەرەیەکم پێیدا و داوای ئاگرم لێکرد لەو کاتەی بە ئاگرەکەی دەستی ئەو جگەرەکەم داگیرساند بەبن لێوە گوتم کەسەکە لای دوکانەکەیە ، (مام

ئەحمەد) چوو بۆ لای و یەکسەر گەڕایەوە و گوتیە من بابڕۆین ,بەرەو خوار ڕۆیشتین بەلای بازاڕ لەو کاتە (عەبدولڵا) هاتەوە من ئیشارەتم بۆی کرد بسوڕێتەوە ئەو وا تێگەیشتبوو دەڵێم بڕۆ یەکسەر ڕۆیشتبوو بۆ ماڵ .

ئێمە چەند دەقیقەیەک چاوەڕێمان کرد لە (مام ئەحمەد) م پرسی چی بوو؟ گوتی (کەسەکە هەوبوو بەڵام واهەستم کرد ترسا وەڵامەکەی هەڵە بوو لە جیاتی بڵێ فەرموو بڕوات و من لە دوای بچم گوتی نەخێر هەو نیە شێوەزاری بە عەرەب دەچوو نەک کورد وە لەجێی خۆی وەستا بۆیە ئێمە دەبێت لێرە بڕۆین) ,ئیتر تەکسیەکمان ڕاگرت و گەڕاینەوە ماڵ لەوێ (مام ئەحمەد ) دووبارەی کردەوە گوتی نەکەن جارێکی دیکە نامە لە کەس وەرگرن هەست دەکەم ئەوە داوی دائیرەی ئەمن بوو بەڵام کەسەکە چاک بەئەرکی خۆی هەڵنەستا یان شتێک بووە هۆی نەکردنی کارەکەیان و کارەکەیان بۆ نەکرا، بۆیە پێویستە بۆ لەمەودوا زیاتر ئاگادار بین, ئیتر لەو کاتە بەدواوە هاوڕێ (مام ئەحمەد )کەوتە حاڵەتی خۆشاردنەوەی تەواو، بەشێوەیەک ئێمەش بەزەحمەت دەماندیت.

دوای ئەوەی (یەحیا و عەبدولڵا) و ئەوان گیران و دوای ماوەیەک حوکم دران و دواتر (یەحیا ) بەر لێبوردن کەوت و بەردرا، گێڕایەوە کە چۆن لەکاتی لێکۆڵینەوە شتەکانیان بۆ ئاشکرا بوو کە تەواوی گرتن و هەوڵی گرتنی هەموو هاوڕێیان لەلایەن ئەمنی عامەی بەغدا بووە , بەشێوەیەک دەوری ئەمنی هەولێر تەنیا هاوکاری و کارئاسانی بووە، ئەو کەسەی سەرپەرشتی تەواوی ئەو کارانەی کردوە (بەرپرسی مەلەفی حیزبی شیوعی بووە لە ئەمنی عامەی بەغدا بە ناوی ڕائید شاکر)، و خۆی لەکاتی لێکۆڵینەوەکان باسی هەوڵی دەستگیرکردنی مام ئەحمەدیشی کردووە گوتویەتی ( کنا نگدر نلزم احمد

عـوینه مثـل فـار بـس هـذا ال ....... فرهـاد ویـاه ) واته ( دەمـانتوانی وەک مشـک ئەحـمەد عەوێـنه بگـرین بەڵام ئەو ....... فەرهـاد ( مەبەسـتی مـن ) لەگەڵی بـوو ) بەدرێژی باسی کردبوو چۆن (عەبدوڵا مـن و مـام ئەحمەدی) گەیاندۆته شوێنەکە و چۆن من لەگەڵ (مام ئەحمەد) بوویم گووتبـوی کە ئەو لە دەرگای تەنیشتی هوتێل زەیتونه چاودێری ئێمەی کردووە هەمـووی بەچاوی خۆی دیووە

((بەبڕوای من هۆکاری نەگرتنی زیاتر ئەوە بووە یان دەبـوو مـنیش بگـرن کە خۆیان بـۆ ئامـادە نەکردبـوو، چەکم پێبـوو بەو حـاڵەش کارەکەیـان ئاشکرا دەبـوو کە ئەوان دەیانویسـت گرتنـی مـام ئەحـمەد نهێنـی بێـت بـۆ ئەوەی زۆری دیـکە پێوەبێت یان دەبوو کارەکە پوچەڵ بێتەوە کە وادەرچوو)) .

## شک و گومان دروست بوون لەسەر (ناوبراو) ( ١٠ )

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٤پێش ڕووداني ئەم پیلانگێڕی و خیـانەتکردنەی، ڕۆژێـک (ناوبراو) لە مـاڵی ئێمە بـوو لەگەڵ هەریەکە لە هاوڕێیـان (بڕیـار و داود)، هەر سێکیان خۆیـان شوشـت، لە کـاتی خۆشوشـتنی (نـاوبراو) سـەیری دەمـانچەکەیم کـرد کە بەشـێوەیەکی زۆر تونـد و دوور لە شـێوەی پێشـمەرگایەتی پێچرابـوەوە- چـونکە دەمـانچەی هاوڕێیـان هەردەم بە ڕووتـی و سـوارکراوی و ئامـادە بـوو بـۆ دەسـت کـردنەوە- وەک ئەوەی ئەو کەسـەی ئەو دەمـانچەی لایە لە حـاڵەتێکی ئاسایی بێت و هیچ پێویستی پێی نەبێت وابوو, ئەوە لای مـن سـەیر بـوو و بـووە جێگـای گومـانم ، کە دەمـانچەکەم کـردەوە زیـاتر شـکم پەیـدا کـرد چـونکە دەمانچەکە زۆر تازە و پاک بـوو وەک دەڵێن ( بـای پێنەکەوتبـوو ) لە جۆری ئەو دەمانچانە بوو کە پیاوانی ئەمن و موخابەرات وەک دیاری وەریان گرتبوو لە

بازاڕیش پێیان دەگوترا ( موخابەراتی ), زۆر دەگمەن بوو لای خەڵکی ئاسایی تا ئەو کات من نەمدیبوو, ئەو پێچانەوە و ئەو جۆرە دەمانچەیە شکی زۆری لا پەیدا کردم و گوتمە هاوڕێیان کە ئەو کات خەریکی (یاری کۆنکان) بوون سەیر کەن چ جۆر دەمانچەیەکی هەیە ! ئەوانیش بەتایبەت هاوڕێ (داود) دەمانچەکەی لێ وەرگرتم و سەیری کرد ئەویش پاک و خاوێنی دەمانچەکەی لا سەیر بوو، بەڵام ئەوەی من بیرم لێ کردەوە لای ئەو نەبوو ، گوتم ( وەڵڵاهی ئەو دەمانچەیە هی موخابەراتە و لای کەسی دیکە نییە ), لەو قسانە بووین (ناوبراو) هاتەوە ژووریێ دیاربوو پێی ناخۆش بوو کە دەمانچەکەی لە دەست منە, منیش خۆم نەهێنا سەر ئەو بارە و گوتم( ئەوە بەچەندت کڕیوە، زۆر حەزم لە دەمانچەیەکی ئەوهایە ) و دەمانچەکەم دایەوە دەستی ، لەکاتی پێچینەوەی دەمانچەکە گوتی ( رەشۆی برام بە ٦٠٠ دینار بۆی کڕیوم ) کە ئەو نرخە بۆ ئەو دەمانچەیە زۆر کەم بوو گوتم ( بۆ نایفرۆشیە من بە ١٠٠٠دینار ) گوتی ( من ئەو دەمانچەیە نافرۆشم، بە رەشۆی برام بڵێ با دانەیەکی وات بۆ پەیدا بکات ) .

دوای چەند رۆژێک دیسان هاوڕێیان (بڕیار و داود) لە ماڵی ئێمە بوون، (رەشۆ) هات، دوای ماوەیەک دانیشتن من بە ئانقەست گوتم (ناوبراو) دەمانچەیەکی زۆر جوانی لایە ! دەبێت چۆنی پەیدا کردبێت ؟ منیش دەمەوێ دەمانچەیەکی لەو جۆرە بکڕم ) ئەو بەسەرسوڕمانەوە گوتی ( نازانم، منیش لێم پرسیوە بەس وەڵامی نەداومەتەوە ), سەیری هاوڕێیانم کرد وەک بڵێم ( ئەها سەیربکەن ئەو چی گوت و ئەم چ دەڵێت ) هاوڕێ (بڕیار) چاوی لێداگرتم وەک ئەوەی بڵێت وازبێنە.

دوای ئەوەی ئەو رۆیشت، گوتم ( ئەو ماستە موەکی تێدایە ) چاکترە بەدواداچونی بۆ بکەین هاورێ (داود) گوتی ( ئەوانە قسەی راستیان نییە بەدواداچـــــــــونی چ دەکەی بە درۆیەک وەلامـــــــــــت دەدەنەوە ) .

ئیدی لەوە بەدوا زۆر هەولم دا کە بە فێلی خۆشوشتن گیرفانی (ناوبراو) بگەرێم، چونکە دەیانگۆت رەنگە ناسنامەی جاشایەتی لەلای خزمەکانی بۆ کرابێت, دەمویست بزانم ئەوە چ جۆرە ناسنامەیەکە ئەو بەکاری دەهێنێت بۆ ئەو دەمانچە و هات و چۆیە کە هەندێک جار بەرۆژ دەهات و دەرۆیشت !

هەرچەند جاری دەهاتە مالمان من خۆم دەشوشت و دەمگوتە ئەو کە ئەگەر حەز دەکەی ئاو و حەمام حازرە، بەلام ئەو لەبەر پێداگری من تەنیا یەک دووجار خۆی شوشت، ئەویش جلی لەبەر نەدەکردەوە بەجلکەوە دەچوە حەمام لەوێ جلی لەبەر دەکردەوە وەک بلێیت شکی بەو هەولەی من کردبێت .

## هاتنی نامەی قاتع

دوای چەنــد رۆژێــک بەســەر رۆیشــتنی هاورێیــان و ئەو رووداوەی (گەرەکی عەدالە) کە پێشتر باسم کرد هیچ شتێکی ئەوتۆ رووی نەدا شایانی باس بێت جگە لە (مەسەلەی هاورێ ئەحمەد عەوێنە), کە لای خۆی و ئێمەش شتێکی هەتا رادەیەک ئاسایی بوو. ئێمە هاورێیانی کادیرانمان دەدیت و پرسیارمان دەکرد لە دەنگ و باسی هاورێیان، بەلام هیچ هەوالێکیان نەبوو.

وابــزانم لە رۆژی ( ٢٧/١١/١٩٨٤ ) نــامەیەکی (ئەبــو حــیکمەت) گەیشت- بەدەستی مەلکۆ کە یەکێک بوو لەو کەسانەی لە کاتی شەری قەلاسنج خۆیان تەسلیمی رەبیەی رژێم کردبوو و باس دەکرا کە بەلێنیان داوە کار بۆ ئەمن بکەن- ئەو کەسە گەرابۆوە سەرەوە و وەک نوێنەری (ئەبو

حیکمەت) هاتبووە شار و نامەی ئەوی بۆیان هێنابوو, نازانم لەگەڵ کێ بوو هاتە ماڵی ئێمە و بەشێوەیەکی زۆر سەیر و تەمسیل کاری دەیگوت ( چۆن دەبێت ئەو ماوەیە خۆیان لە حیزب شاردۆتەوە، هەر لە دوای ئەو نامەیە ئەگەر نەگەڕێنەوە سەرەوە ئەوە پێشمەرگەی حیزب نین ) ,من ئەو قسانە و هاتنی نامەکەم لا سەیر بوو, نامەکەم لێی وەرگرت و خوێندمەوە هەر بە شێوەی قسەکانی ئەو نوسرابوو (ئەگەر هەتا چەند رۆژێکی دیکە نەگەڕێنەوە بارزان ئەوە ئێوە لە دەرەوەی حیزب و هێزی پێشمەرگەی حیزبن).

بەو نامەیە زۆر تێک چووم گوتم ( کاکە ئەوە زیاتر لە دە رۆژە ئەوانە گەڕاونەتەوە ئەو قسانە چیە خۆت و ئەبو حیکمەت دەیکەن ) هەندێک قسەی دیکەم کرد وەک هەڕەشەکردن دیار بوو ئەو (ملکۆ) یە ترسا و گوتی ( من نامەی حیزبم هێناوە و هیچی تر , هەوڵ بدە نامەکە بگەیەنە ئەوان ) و ئەو رۆیشت .

چوومە ماڵی (عەبدوڵا) شتەکانم پێی گوت و نامەکەشم نیشاندا گوتی ( چی بکەین باشە ) گوتم ( ئێستا دەچمە ماڵی (ناوبراو) ئەگەر وەڵامی ئەوم بەدڵ نەبێت بێ سێ و دوو دەیکوژم هەرچی دەبێت با ببێت, دڵنیام لەوەی ئەوانی فەوتاندووە ) , ئەو کاتە ماڵیان لە گەڕەکی سەیداوە بوو کە ئێستا بەشێکە لە ئیسکان .

(عەبدوڵا) ئەو قسەی منی پێ ناخۆش بوو و گوتی ( نا ئەوە باش نییە، چاکترە هاوڕێ (ئەحمەد عەوێنە) ببینین و نامەکە و مەسەلەکەی تێبگەیەنین، بزانین رای ئەو چیە ) ,چونکە ئەو کات ئەو بەرپرسی حیزبی ئێمە بوو ، ئیتر هەوڵماندا هاوڕێ (مام ئەحمەد) مان لە ماڵێکی (گەڕەکی گێمەدێ) دیتەوە، قسەمان لەسەر نامەکە و تەواوی مەسەلەکان کرد.

هاوڕێ (مام ئەحمەد) مەسەلەکەی بەجددی وەرگرت و گوتی ( هاوڕێیان من هەست بە مەترسیەکی گەورە دەکەم لەسەر حیزب بەگشتی ئەو هاوڕێیانە هی ئەوە نین خۆیان لە حیزب بشارنەوە یان شتێکی دیکە بکەن, باوەرم وایە شتێکی چاوەڕواننەکراویان بەسەر هاتووە، باشترە ئێوەش خۆتان بشارنەوە و منیش لە ئێستاوە خۆم دەشارمەوە بە شێوەیەک ئێوەش نەمبینن ) .

**لێرە دەمەوێ کەمێک بۆ دواوە بگەڕێمەوە کە هەر پەیوەندداره بە هاوڕێ مام ئەحمەد .**

لە هاوینی ١٩٨٤ بە حوکمی ئەوەی بەرپرسی حیزبی من بوو، زۆرجار نامیلکە و بڵاوکراوەی حیزبی بۆ دەهێنام کە بیانخوێنمەوە و پاشان دەیبردنەوە, یەک لەو نامیلکانە ناوەکەیم لەبیر نەماوە، بەڵام لە نوسینی هاوڕێ فهد بوو ، لە کاتی خوێندنەوەی لە شوێنێک کەوتە بەرچاوم کە دەڵێ ( علی کادر الحزب ان یشم رائحه احداث قبل وقوعها ) واتە ( لەسەر کادیری حیزب پێویستە بۆنی رووداوەکان بکات بەر لە روودانی ) ، لەگەڵ (مام ئەحمەد) کەمێک موناقەشەمان لەسەر ئەو قسەیە کرد، چونکە من ئەو قسەیەم پێ زۆر جوان و گرنگ بوو, ئەو لەو کاتە گوتی ( من ئێستا بۆنی خەتەرێکی گەورە دەکەم لەسەر رێکخستنەکانی حیزب بەتایبەتی لە هەولێر), ئەوە بەر لە رووداوەکە بە ماوەی زیاتر لە مانگێک- کە نازانم چۆن- گەیشتبووە ئەو قەناعەتە!!! کە رووداوەکەش رووی دا گوتی ( پێم نەگوتی خەتەرێکی گەورە لەسەر حیزب هەیە) ئیتر لەو رۆژەوە ئەو خۆی شاردەوە کرد بە شێوەیەک ئێمەش بزرمان کرد

# هەوڵدان بۆ دۆزینەوەیان

بۆ بەیانی چەند كەسێک هەر لەبەر ئەو مەسەلەیە هاتنە ماڵمان لەوانە ( عەبدولا ، سورە ، یەحیا ) ، چەند هاوڕێیەكی دی بوون، لە ناكاو (جەمیلەی خوشكی عەبدولا ) بە پەلە هات و گوتی ( ئەو كەسەی كاتی خۆی نامەكەی بۆ هاوڕێ (ئەحمەد عەوێنە) هێنا بوو، وا ئێستا هاتووە وەک بڵێیت چاودێری ماڵەكانمان دەكات )، من دەمانچەكەم هێنایە دەر و یەكسەر چومە لای ماڵیان لە دوای منیش ئەوان هەموو هاتن، بەڵام هەرچەند لەو دەور و بەرە گەڕاین كەسمان نەبینی، دیاربوو ڕۆیشتبوو, ئیتر گەڕاینەوە و بەهاوڕێیانم گوت وا باشترە بچینە ماڵی (ناوبراو) و بە فشارهێنان بۆی و بەزەبر شوێنی هاوڕێیانی پێ ئاشكرا بكەین، ئەگەر شتێكی بۆ نەدركاندین، ئەوا دیارە هاوڕێیانی لەناوبردووە و باشترە تۆڵەی لێبكەینەوە و ئەگەر قەناعەتمان نەبوو بە قسەكانی ئەوا هەر لەوێ دەیكوژین ) لەو كاتە( عەبدولا ) بەشێوەیەكی زۆر ناشیرن بەرپەرچی منی دایەوە وەک سوكایەتی پێكردنێک گوتی ( بڕۆ چیت پێدەكرێ بیكە، خۆت لە ئێمە بە پیاوتر دەزانی؟ ) ، ئەوە بوو یەكسەر بەتەنیا بەرەو ماڵی (ناوبراو) ڕۆیشتم, لەسەر بنەمای ئەو باوەڕەی ( بەڵێ دەبێت ئەوە بكەم و بەرلەوەی لە دەستمان رابكات، كاری خۆم بكەم جا هەرچی دەبێت بابێت ).

لە دوای من ئەوانیش دەچنەوە ماڵی ئێمە و ڕۆیشتنی من بە باوكم رادەگەیەنن و دەڵێن ئەگەر فریا نەكەوی ئەوە كارێكی خراپ دەكات, یەكسەر بەسەیارە دێنە دوای من و لە بەردەم ماڵی (ناوبراو) گەیشتنە من كە باوكم دیت زانیم كار لەكار ترازا و دەبێت بێدەنگ بم ، گەیشتنە لای من و یەكسەر باوكم گوتی ( سواربە ) بەناچاری سواری سەیارە بووم و سەیری ئەوانم كرد

وەک ئەوەی بڵێم بۆ ئەوەتان لەگەڵ کردم ، منیان بردەوە ماڵ و هەوڵیان دا هێورم بکەنەوە و قەناعەتیان پێکردم کە باشترە بەسەبر و لەسەرەخۆ هەڵسوکەوت بکەین نەوەک شتێک بکەین و دواتر لێی پەشیمان بین. من رام وابوو وەک کورد گوتەنی ( کردەی پەشیمان بین چاکترە لەوەی نەکردەی پەشیمان بین ) کە بەداخەوە (عەبدوڵا) زۆر پێچەوانەی من بوو ، دواتر بڕیاریان دا ئەوان بچن و پرسیاری لێ بکەن و نەرم بن لەگەڵیدا ، ئیتر چون و هاتنەوە دیار بوو (ناوبراو) یان دیتبوو یان هەر لە دەرگا گەڕابوونەوە زۆر دڵنیا نیم.

بۆ بەیانی (دایکم و دایکی داود) چوونە ماڵیان هەر بۆ بە دواداچون دیار بوو خۆی پێ پیشان نەدابوون خێزانەکەی هەندێک درۆی بۆ کردبوون بەر لەوەی دەربچن (دایکی داود) پاڵ بە دەرگای حەمامەکەیانەوە دەنێت کە لای دەرگای حەوشە بوو، دەبینێت (ناوبراو) خۆی لەوێ شاردۆتەوە و خەریکی پرتەقال خواردنە ، لەو کاتە (دایکی داود) کە بەو شێوەیە دەیبینێت یەکسەر بەسەریدا هاوار دەکات و دەڵێت ( ئەوە بە خوێنی جەماعەت پرتەقال دەخۆی هەی سەگی سەگباب ) هەندێ جوێنی دیکەی پێدەدات ، بەڵام (ناوبراو) بە خۆی و ژنەکەی هەوڵی هێورکردنەوەی دەدەن و بەقسەی خۆش و لوس بەڕێیان دەکەن, کە هاتنەوە ماڵی ئێمە و ئەو قسانەیان گێڕایەوە، من زیاتر توڕە بووم و بەدزی باوکم و میوانەکانی دیکە هاتمە دەرەوە و رۆیشتم بۆ ماڵیان و بریارم دا ئەوەی لە مێشکم بوو بیکەم، چونکە دوای ئەو قسانە تەواو گەیشتمە ئەو قەناعەتەی هاوڕێیان تەسلیم کراون ، گەیشتمە ماڵیان و لەدەرگام دا وەڵام نەبوو، دوبارەم کردەوە هەر هیچ نەبوو لەو کاتە دراوسێیەکیان هاتە دەر و گوتی لە ماڵ نین، تازە رۆیشتن ، دیاربوو دوای قسەکانی دایکی (هاوڕێ داود) ترسابوون و ماڵیان چۆل کرد بوو.

بەرەو ماڵ گەڕامەوە، لە ڕێگا دیسان توشی جەماعەت بوومەوە، دیار بوو هەستیان پێ کرد بوو کە ڕەنگە بۆ ئەوێ چوبم و بەدوامداهاتبون ، ئیتر لەگەڵیان سوار بووم و گوتم بگەڕێنەوە ماڵەوە چونکە تازە هەلاتوونە .

شەو هەوڵی دیکەمان دا هەر نەگەڕابوونەوە، بەیانی لەگەڵ (یەحیا ) چووین تەنیا ژنەکەی لەگەڵ منداڵەکانی لەماڵ بوون و هیچی ئەوتۆمان دەست نەکەوت ئیتر ئەو بووە سوار و ئێمەش پیادە .

لەو ماوەیە چەند جارێک بەکتوپری دەچوینە ماڵیان بەڵام بێهودە هیچمان دەست نەکەوت, لە ڕێگای کادیرانیش هەوڵ درا هەر هیچ نەبوو, خەبەری دیکەی سەرەوەشمان بۆ هات هەر تەئکیدی لەسەر دەکرایەوە کە هاوڕێیان نەگەڕاونەتەوە.

بیرمان لە زۆر ڕێگا کردەوە وەک ڕفاندن و ترساندن، بەڵام چونکە پرس ورا بە زۆر کەس دەکرا، بۆیە هیچ کام لە پلانەکان سەری نەدەگرت, بەتایبەتی بەتەمەنەکان وەک (باوکم و مام یابە و مام عەولا رابی ) زۆر ڕێگریان لێدەکردین، ڕەنگە ئەوانیش لە ترسی گیانی ئێمە بوو بێت نەک توشی شتێک بین یان کارێکی خراپ ڕووبدات ئەنجامەکەی باش نەبیت.

## هاتنی نامە

چەند ڕۆژێک بەسەر ئەو دۆخە نوێیەدا تێپەڕی و ئێمە چەند جارێک بەشێوەی هەڕەشە چوبووینە سەر ماڵی (مەمۆی خیانەتکار) ، ئەوانیش ترسیان لێ نیشتبوو ئێمەش تا دەهات شێوازی پەیامەکانمان بۆیان توندتر دەبوو .

لەو سەروبەندە کەسێک چەند نامەیەکی هێنابووە ماڵی (یەحیا ) گوایە لەلای هاوڕێیانەوە هاتوونە- ئەوانەی بزربوو بوون- بەشێوەی بچوک بچوک پێچرابوونەوە و بەحیساب هەر کەس بۆ ماڵی خۆی نامەی ناردبوو.

من نامەی خۆمانم کردەوە نامەیەکی ئاسایی و دەستو خەتی هاوڕێ (بڕیار) خۆی بوو، بەڵام یەک دوو شتی تێدا بوو بەشێوەی کۆد (شفرە) نوسرا بوو, پێش ئەو رووداوە خزمێک رادیۆیەکی بەدەستی هاوڕێ (بڕیار) بۆ کەسێکی خۆی نارد بوو، ئەو لە نامەکە نوسیبوی ( رادیۆکەم تەسلیم بە خاوەنی نەکردووە ) ئەو شتە لای من بووە جێی پرسیار دەنا کۆی گشتی نامەکە هەواڵ پرسین و شتی وابوو تەنیا نوسرابوو ( ئێمە بە بڕیاری خۆمان نەگەڕاینەوە لای حیزب و پەیوەندیمان بە هاوڕێ بەهادین نوری- کە ئەو کات لە ناوچەی قەرەداغ خۆی وەک حیزبی شیوعی عێراق ( القاعده ) راگەیاندبوو- کردووە دواتر لە شوێنی خۆمان ئاگادارتان دەکەینەوە.

ماڵی (یەحیا) ش گوتیان ئەو کەسەی نامەکەی هێنا بوو، شێوەزاری وەک خەڵکی سلێمانی بوو و گوتی (ئەگەر دەیانەوێت بمبینن با دەوری سەعات سێ بێنە لای سینەما سەلاحەدین) ، لە کاتی دیاری کراو من و (یەحیا) و کەسێکی دیکە لە بیرم نەمایە کێ بوون بە سەیارەی (محەمەد سەلیمی حەداد- کە دۆستێکی دڵسۆزی حیزب بوو، زۆر برادەری عەبدوڵاش بوو) تەکسیەکی لادا بوو چووینە شوێنی دیاری کراو، بەڵام هیچمان نەدیت رەنگە ئەوان ئێمەیان دیتبێت و چاودێری ئێمەیان کردبێت ، ناچار گەڕاینەوە ماڵی هاوڕێ (یەحیا) و هەوڵماندا هاوڕێیانی کادیر ببینین, ئەوە بوو هاوڕێیانمان دیت و وەزعەکەمان تێگەیاندن، بەڵام شتێکی ئەوتۆیان نەبوو.

ئیتر پڕوپاگەندەی "چوونی هاوڕێیان بۆ لای هاوڕێ بەهادین نوری بڵاوبۆوە" هەروها لە چەند لایەکەوە هەواڵی بە درۆ بڵاودەبۆوە جارێک دەیانگوت لای (بەهادین نوری) ن، جارێک دەیانگوت نەخێر وەک مەفرەزە لە (ناوچەی شەمامک) بینراون، جارێک دەیانگوت لای یەکێتی گیراون, بە چەند شێوە باس کرا هەتا دەنگۆی دیتنی یەک یەکیان بڵاوبۆوە، بەتایبەتی باسی هاوڕێیان( سەرباز و عەباس) دەکرا کە گوایە بەتەنیا بینراون, بەڕادەیەک هەندێک لە ئێمە وەک بڵێیت باوەڕیان هاتبوو بەتایبەت وەک باسم کرد بەتەمەنەکان .

## دیدار لەگەڵ صادق

ئەو بارودۆخە ماوەیەک درێژەی کێشا، لەو کاتە ئێمە زۆر کات هاوڕێیانی کادیرمان دەدیت وەک هاوڕێ (کۆچەر ، ئارام ، پێشڕەو), بەڵام وەک کەسی خاوەن پرسەکە واتە کەس و کاری هاوڕێ ونبووەکان نەک وەک نوێنەری حیزب, لە هەموو دانیشتنەکانیش بەگشتی هەر باسی ئەو رووداوە بوو.

لەو کاتە مەفرەزەکەی صادق لە شار بوون، بەڵام هیچ پەیوەندییەکیان بە ئێمە نەبوو، خەریکی کاری خۆیان بوون .

لەو سەروبەندە منداڵی خزمێکی ئێمە مرد, شەوێک لە کاتی تازییەکە برادەرێکی گەڕەکم(یوسفی مام حمدی قازیخانە)ی هاتە شوێنی تازییەکە و داوای منی کرد کە چووم گوتی ( صادق داوای تۆ دەکات، کاری پێت هەیە ئەوەتا وا لەو سەرە چاوەڕوانت دەکات)، منیش چووم وەک چۆن لە پێشتر باسم کردووە کە لەناو بازاڕ بەجل و بەرگی خاکی و جەمەدانی و ... هتد دیومە، هەمان شت بوو جلی خاکی و پێڵاوی مێکاپ و جەمەدانی هەر لە دوورەوە

دەتزانی پێشمەرگەیە , کە دەبوو هەرچەندی خۆی بگۆڕێت باشترە بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە .

بەهەرحاڵ چاک و چۆنیمان کرد و دەستی بە قسەکرد و گوتی ( من لەلای ئەبو حیکمەت تەکلیف کراوم بۆ کارکردن لەناو شار ئێوەش دڵسۆزی ئەو حیزبەن، دەمەوێ لەگەڵ من کار بکەی, هەرچی پێمان بکرێت بۆ هاوڕێیانیش دەیکەین, ئەگەر شتێکیان بەسەر هاتبێت لە هەقیان خۆش نابین .... هتد) چەند قسەی لەو شێوەی کرد و گوتی (ئەوە دەمانچەیەکیشم بۆ هێنایت, دەمانچەیەکی مەکاریۆف بوو، بەڵام تۆ پەیوەندیت ببڕە لەگەڵ عەبدوڵا و یەحیا بەتایبەتی عەبدولا، چونکە شکمان هەیە پەیوەندی بە ئەمن و شتی واهەبێت ) ,لێرە یەکسەر وەستاندم و گوتم ( سەرەتا عەبدوڵا ئامۆزامە و بەکەسی نادەم و من هیچ پەیوەندیم بە حیزب و شتی وا نییە و ناشمەوێ جارێکی دیکە بەو ناوە بمبینی, من پیاوی حکومەتم و ئەوەش دەمانچەم هەیە، دەمانچەکەی خۆم پێنیشاندا، ئەوجارە بێتەوە بەو شێوەیە هەڵسوکەوتت لەگەڵ دەکەم کە من پیاوی حکومەت و تۆش پێشمەرگە ) , ئیتر خواحافیزی کرد و رۆیشت هەموو ئەو تەمسیلیەم کرد، چونکە ئەو تەسلیم ببووەوە وەک زانیبووم لە کاتی لە زیندان بوون ( بەڵێنیان بە ئەمن داوە کاریان بۆ بکەن ), ئەگەر ئەوان کاریش بۆ رژێم نەکەن، ئەو حاڵەتە هەر وەک مشورخواردنی خۆت بۆ من باش بوو.

## هەوڵ و بەدواداچوون (۱۱)

وەک لە بەشی دەیەم باسم کرد، دوای دیار نەمان و هاتنی نامە لە سەرەوە ئێمە دەستمان کرد بە بەدواداچوون ، دەنگۆی زۆریش بڵاوبۆوە کە ( خۆیان چوینەتە لای بەهادین نوری ، یان بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ئەوەی لای

یەکێتی گیراون، هەندێک دەنگ و باسی واش بڵاودەکرایەوە کە گوایە هەندێک لەو هاوڕێیانە بە تاک تاک، دوو دوو لێرەو لەوێ بینراون ....هتد )

بە ناچاری هەوڵدرا بۆ هەموو ئەو شوێنانە بچین ، سەرەتا (باوکم و کاک یەحیا ) چوون بۆ لای (بێخمە) لە شوێنی پەڕینەوە بەکەڵەک لە خاوەن کەڵەک دڵنیاییان وەرگرت کە لەوێوە رەت نەبوونە، چونکە ئەوە تاکە رێگای چونە بارزان بوو.

دوای هاتنەوەی ئەوان دیسان کاک (یەحیا ) لەگەڵ کەسێکی دیکە چونە لای (یەکێتی لە سورداش ) و لە سەرکردایەتی ئەوان دڵنیایان کردنەوە کە ئەوان هیچ پەیوەندیان بەو مەسەلەیەوە نییە و ئیشارەتێکیان دابوو کە ئەوانە لای حکومەت گیراون.

بیر لەوە کرایەوە کە بچنە لای (هاوڕێ بەهادین)، بەڵام زۆربەی هاوڕێیانی( کادیر و مام عەبدوڵا رابی گوتیان ئەو کەسێکی شارەزا و فێڵاوییە)، بۆیە هیچمان لای ئەو دەست ناکەوێ. منیش گوتم ( باشە من دەچم و بە فێڵی خۆم وەڵامی راستی لێ وەدەگرم، ئەگەر گوتی لای من نین دەڵێم باشە من دەتوانم (ناوبراو) بکوژم، بەڵام دەربازبوونم لە هەولێر زەحمەتە تۆ دەڵێیت چی و رایەکەمت پێ چۆنە؟؟ )، ئەگەر ئەو ( هاورێ بەهادین ) لە پشت ئەو کارە بێت و (ناوبراو) بۆ ئەو کار بکات و لە هەولێر ئەو هەموو پێشمەرگە و فەرماندە سەربازییەی گەیاندبێتە لای، ئەوە مانای ئەوەیە کە (ناوبراو) کەسێکی گرنگە بۆ ئەو، لەو کاتەیش حەتمەن وەڵامەکەی (بەهادین نوری) بۆ لەناوبردنی (ناوبراو) نەخێر دەبێت و رەنگە بڵێت ئەوە کارێکی باش نییە یان شتی لەو بابەتە ، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە گوتی ئەوە کارێکی باشە و بیکە ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەو لە پشت ئەو مەسەلەیە نییە) , هاوڕێیان و

هەندێک کەس و کار رایەکەیان پێ باش بوو ، بڕیارماندا لە زوترین کات بچین، بەڵام من کێشەی ناسنامە و شتی وام هەبوو چونکە وەک لە پێشتر باسم کردووە ( رەتمکردبووەوە بچمە خزمەتی سەربازی) ، بۆچارەسەری ئەوەش چوومە لای ناسیاوێک کە چەکداری رژێم بوو لە فەوجە خەفیفەکان سەر بە فەوجی جەمیل ئاغای کۆڕێ بوو، داوام لێکرد کە ئەگەر بۆ یەک هەفتەش بێت پسولەیەکم بۆ بکات زۆر مەمنونی دەبم ، داوای رەسمێکی لێکردم و دوای دوو رۆژ پسولەیەکی رەسمی بۆ هێنام بە ناوێکی دیکە بوو، بەڵام رەسمی خۆمی لەسەر بوو, ئیتر ناسنامە مسۆگەر بوو بڕیارماندا بەیانی زوو من و کاک( یەحیا ) بەرەو لای هاوڕێ (بەهادین بڕۆین )

## چوون بۆ قەرەداغ

هەرچەندە لەو کاتە بۆ من زۆر ترسناک بوو بەو ناسنامەیە بچمە (قەرەداخ ) هەم لای حکومەت چونکە پسولەکە تەزویر بوو هەم لای یەکێتی چونکە هەڵگرانی پسولەی فەوجی خەفیفە زۆر بە توندی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرا هەتا رادەی کوشتنیش ، بەڵام لەبەر گرنگی کارەکە وەک بڵێیت گوێم بەو سەرکێشییە گەورە نەدا.

وابزانم لە مانگی ( ۱ / ۱۹۸۵ ) بوو لە هەولێر دەرچوین بۆ (سلێمانی) لەوێ چەند پرسیاری سەیارەی (خەتی قەرەداخ) مان کرد گوتیان نییە تەنیا بە تایبەت هەیە، بۆیە ناچار بووین سەیارەیەکمان گرت بە ( حەوت دینار ) کە بۆ ئەو کاتە زۆر بوو بەڵام چونکە نەشارەزا بووین فێڵیان لێکردین کە دواتر زانیمان کرێی قەرەداخ نیوەی ئەو پارەیە چونکە رێگاکە نزیک بوو بە شێوەیەک

سایەقەکە لە رێگا زۆر هێواش لێی دەخوڕی بۆ ئەوەی ئێمە نەڵێین ئەو رێگا نزیکە هی ئەو بڕە پارەیە نییە.

بەهەرحاڵ گەیشتینە قەرەداخ، چەندی کردمان سەیارەمان دەست نەکەوت ناچار بە پێیان هەر لەسەر رێگای سەیارە ( کە زۆر دوورتر بوو لە رێگای پیادە ) ماوەی زیاتر لە چوار سەعات بە گوندەکانی ( ئەستێل و چەمی سمۆلی خواروو و چەمی سمۆلی سەرو ) دا رۆیشتین ، سەعاتێک دوای رۆژئاوابوون گەیشتینە گوندی (تەکیەی قەرەداخ کە بارەگای هاوڕێ بەهادین لەوێ بوو), کە ئەو کات لە حیزب جیا ببوەوە و خۆی وەک ( پارتی کۆمۆنیستی عێراق - القاعدە ) راگەیاندبوو، بڵاوکراوەیەکیشیان وەک زمانحالی خۆیان دەردەکرد هەر بە ناوی قاعیدە.

لە (گوندی تەکیە) لەلایەن هاوڕێ( بەهادین و هاوڕێکانی کەهەندێک برادەری عەرەب بوون) بەخێرهاتنێکی گەرممان لێکرا و نان و چاییمان خوارد و دەست کرا بە قسە و باس و ئێمە سەرەتا باسی وەزعی خۆمان بۆ کرد و گوتمان گوایە ئەو هاوڕێیانەی بزربوونە لای ئێوەن ئەویش لە وەڵامدا گوتی ( شتی وا چۆن دەبێت، ئێوە چۆن باوەڕتان بەو قسانە کردووە, ئەو هەموو هاوڕێیە کە هەموویان کادیری پێشکەوتوو و فەرماندەی سەربازی مەڵبەندی هەولێرن بێنە ئێرە، چۆن دەشاردرێنەوە, ئەو پڕوپاگەندانە تەنیا بۆ خەڵەتاندنی ئێوەیە و سەرچاوەی هەموو پڕوپاگاندەکانیش دائیرەی ئەمن و موخابەراتە, هیچ شک و گومانتان نەبێت لەوەی ئەو هاوڕێیانە لەلایەن رژێمەوە گیراون) ، لەو کاتە من گوتم ( ئەدی چی بکەین باشە ؟ من ئەو کەسەی ئەو کارەی کردووە بکوژم پێت چۆنە ؟ چۆن لە هەولێر دەربچم ؟) گوتی ( ئەگەر بۆت دەکرێ سێ و دووی لێ مەکە هەتا زووە وەگ سەگ بیتۆپێنە، ئەگەر حەزت کرد پەیوەندی

بە مامی خۆت بکەی ئەوە لە ڕێگەی جەماعەتی یەکێتی و شەخسی شێخ جەعفەر کە پورزای منە و بەناوی من قسەی لەگەڵ بکە، ئەو دەتگەیەنێتە ئێرە، ئەگەر دەچیە لای ئەوانی دیکەش ئەوە کەیفی خۆتە؛ گرنگ ئەوەیە ئەگەر ئەو کارەت کرد بەزووترین کات لە هەولێر دەرچی ) .

بەو وەڵامەی دڵنیابووم کە ئەو هیچی پەیوەندییەکی بەو ڕووداوە نییە. قسە و باسی زۆرترمان کرد زیاتر قسەکان لەسەر هەڵە و کەموکوڕی سەرکردایەتی ئیقلیمی ( حشع ) بوو بەتایبەت کەسێک لەوێ بوو بەناوی ( ئەمین ) دیار بوو زۆر لەسەرکردایەتی ئیقلیم و شەخسی (ئەبو ئاسۆس) پڕ بوو, هەروەها بەدرێژی باسی شەڕی پشت ئاشان و هۆکار و کەمتەرخەمی هاوڕێیانی قاتع کرا و سەرکردایەتی ئیقلیم و قاتع خەتابار کران بە بەشداری کردن لە شەڕی ناوەخۆ و جەختیان دەکردەوە کە ئەو شەڕە هی ئێمە نەبوو دەبوایە بێلایەن ببوینایە چونکە شەڕەکە تەنیا پاوانخوازی نێوان یەکێتی و پارتیە و هیچی تر ..... هتد ، ئیتر بۆ بەیانی هەندێک بڵاوکراوەی ئەوانمان هێنا, هەر بەپێیان گەڕاینەوە قەرەداخ و دواتر سلێمانی و هەولێر. ئەوەی لەو سەفەرە زەحمەتە دەستمان کەوت تەنیا ئەوەبوو دڵنیابووین لەوەی کە چوونی ئەو هاوڕێیانە بۆ لای (بەهادین نوری) هیچ ئەسل وئەساسی نییە و هەموو ئەو شتانەمان گەیاندە هاوڕێیان کادر لە ناو شار. سەیر لەوەدا بوو دوای ئەوەش بەتەمەنەکان بەتایبەت (مام عەولا رابی) باوەڕی نەدەهات کە لای (هاوڕێ بەهادین نوری) نەبن!! ئەوەبوو دیسان لەگەڵ خزمێکی دیکە چوونەوە لای (هاوڕێ بەهادین!!! )

# دەنگۆی دیکە

لەو ماوەیە ئێمە هەر خەریکی بەدواداچوون بوین، چەندین دەنگۆی دیکە بڵاوبۆوە و دووجاری دیکەش نامە هاتن لەلای هاوڕێییان, بە قەناعەتی خۆم دەست و خەتی خۆیان بوو جارێک نامەکان، بەدەستی( مام مەنسوری بیستانە کە کۆنە شیوعی و دۆستی حیزب بوو، گەیشتن).

نامەی زۆربەیان بوو، بەتایبەت نامەی (بڕیار و داود)ی تێدا بوو کە نازانم ئەو نامانە چۆن لە ئەمنەوە گەیشتبوونە دەستی (مام مەنسور), ئەویش بۆ ئێمەی هێنا، بەڵام نەیگۆت چۆن ئەو نامانە گەیشتۆتە دەستی, ئێمەش زۆر تەئکیدمان لێی نەکردەوە.

دەنگۆیەکی دیکەش بڵاوبۆوە کە گوایە (سەرباز و عەباس لە ناوچەی شەمامک) بینراون, ئەو دەنگۆیە لەلای کەسێک بەناوی (مەنافی ئیلنجاخ )کە ئەویش کۆنە شیوعی بوو بڵاوبۆوە, من زۆر بەوردی بەدوای ئەو قسەیەدا چووم, (مەنافی ئیلنجاخی) م لەماڵەکەی خۆی دیت و زۆر بە وردی پرسیارم لێکرد ، وەڵامەکانی پچڕ پچڕ بوون، بۆیە وا هەستم کرد خۆی دەدزێتەوە لە پرسیارەکانم، دواجار گەیشتمە ئەو باوەڕەی دەنگۆیەکە هیچ ئەسڵی نییە و هیچ دوور نییە هەر هەڵبەستراوی دائیرەی ئەمن و مخابەرات نەبێت.

جارێکی دیکە قسەیەکی وا بڵاوکرایەوە کرا کە گوایە هاوڕێ (عەباس) لە ماڵەکەی خۆی بینراوە، ئەو دەنگۆیەش لەلای (ژنەکەی مەمۆ) بڵاوکرایەوە هەرچەندە هیچ بڕوامان نەکرد، بەڵام من لەگەڵ خزمێک چووینە ماڵی (ناوبراو) بە هەنجەتی بەدواداچوون, لەوێ (ژنی ناوبراو) دەیویست ئێمە بخەڵەتێنێت و لەگەڵ ئەوانی دی کێشە دروست بکەین و متمانەمان بە یەکتر نەمینێت, بە شێوەیەک زۆر بەتوڕەیی و دەنگی بەرز گوتی ( بۆ یەخەی

ئێمەتان گرتووە بۆ ناچنە ماڵی عەباس و داوای چارەنووسی منداڵی خۆتانی لێ بکەن ) , وەک ئەوەی بە ناڕاستەوخۆ پێمان بڵێت کە هەموو ئەو پیلانگێڕییە (عەباس ) کردوویەتی, دەستی کرد بە هاوار و قیژە و یەخەی خۆی دادڕی، ئەو خزمەی لەگەڵم بوو هەتا رادەیەک لەو دیمەن و هەرایە ترسا، بەڵام من بەدەنگی بەرز لێیم خوڕی و هەندێک جوێنی ناشیرم پێیدا و گوتم ( ئەوە دەتەوێ بەو تەمسیلە من بخەڵەتێنی، هەی ........ یەکسەر دەمانچەم لێی راکێشا و بە تووڕەییەوە گوتم بێدەنگ بە و باش گوێم لێبگرە دەنا ئێستا خۆت و منداڵەکانت دەکوژم، ئەو قسانەش بۆ من نەکەی تۆ و (ناوبراو) یش درۆ دەکەن, ئەگەر هەتا یەک دوو رۆژی دیکە ئەو جەماعەتە بە چاوی خۆم نەبینمەوە، هەمووتان دەکوژم ).

ئەو ژنە هەستی کرد من بەراستی هەڕەشەی لێ دەکەم و زیاتر درێژەی بداتێ دوور نییە ئێستا ئەو کارە بکەم ، ئیتر بەدەنگی هێواش دەستی کرد بە جوێندان بە مێردەکەی گوتی (بەس یەک دوو رۆژ لەسەرم بوەستە ئەوەی تۆ دەتەوێ بۆت دەکەم)، منیش گوتم باشە بەس دوو رۆژ دوا مۆلەتت بێت، دەنا پاش ئەو دوو رۆژە هەرچی بکەم بەرامبەرتان دەیکەم کەیفی خۆتە ، گوتی (زۆر مەمنون)!

## دیتنی هاوڕێیانی کادیر

بۆ شەوەکەی لە ماڵی کاک یەحیا هاوڕێیانی کادیر هەریەکە لە (کۆچەر ، ئارام ، پێشرەو) م بینی، ئەوان کارەی منیان بە باش زانی بە تایبەتی هاوڕێ (پێشرەو) دەست خۆشی لێکردم.

ئەو شەوە پێشنیازی ئەوەم بۆ هاوڕێیان کرد ( ئەگەر لەو ماوەیەی کە بۆم دیاری کردووە هیچیان بۆ نەکردین ئەوە پێم باشە ژن و منداڵەکانی بزر بکەین و بڵێین چارەنوسی هاوڕێیان بەندە بە چارەنوسی ماڵ و منداڵەکەت), شایانی باسە تەنیا هاوڕێ (پێشرەو) ئەو پێشنیازەی بەدڵ بوو و گوتی( لە ئێستاوە من هەوڵ دەدەم رێوشوێن بۆ ئەو کارە دابین بکەم وەک ماڵی چۆل و سەیارە و چەکی پێویست ) بەڵام هاوڕێیانی دیکە پەسەندیان نەکرد.

من و هاوڕێ (پێشرەو) لەسەر ئەو بیرۆکەیە رێککەوتین بڕیارماندا تاکو دوو رۆژی دیکە چاوەروان بین, لەو کارە کاک یەحیاش پشتگیری کردین, (شایانی باسە لە زۆربەی کارەکانمان و رایەکانمان پشتگیری دەکردین ، بەڵام زۆر کاریگەری هاوڕێیانی کادیری بەسەرەوە بوو بەتایبەتی هاوڕێیان (کۆچەر و ئارام) ، بە شێوەیەک هەر ئێمە لێی دوور بکەوتباینەوە و ئەوان بییان دیتبایە هەرچی پێیان بگوتبایە جێبەجێی دەکرد, ئەوانیش هیچ بیریان بۆ لای ئەوە نەدەچوو توندوتیژی بەکاربهێنن، زیاتر چاوەڕوانیان هەڵبژارد بوو, لە زۆربەی هەوڵ و را گۆرینەوەکانیشمان بە تەمەنەکان بەتایبەتی (مام یابە و مام عەولا رابی) کۆسپیان بۆ دروست دەکردین و وەک هاوڕێیانی کادیر بیریان دەکردەوە, بەشێوەیەک هەرچیمان دەگوت ( مام عەولا هەر دەیگوت بابە ئێوە چ دەزانن، دونیاتان نەدیتیە ) تەنانەت جارێک (مام یابە) بە راشکاوی گوتی (من ئەگەر دڵنیاش بم کوڕەکەم فەوتا بێت، ئامادە نیم ئەو کوڕەم ( فازڵ ) کە قوتابی کولیەی پزیشکیە توش بکەم ) باوکیشم بە هەمان شت وەک ئەوان بیری دەکردەوە.

## هەر هەوڵ و بەدواداچوون( ١٢)

وەك لە پێشدا باسم كرد دواى بزربوونى هاوڕێيان بەردەوام لە هەوڵ و كۆشش بووين بۆ بەدەست هێنانى كەمترين زانيارى, بەشێوەيەك هەندێ جار كە قسەيەك دەكرا هەر هيچ باوەڕيشمان پێى نەبوايە، بەدواداچوونمان بۆى دەكرد, تا كار گەيشتە ئەوەى توندوتيژى و ترساندن بەرامبەر ژن و منداڵى (ناوبراو) بەكاربهێنين.

لەو سەروبەندە چەند جارێك هەستمان كرد مەفرەزەكانى ئەمن دەهاتنە دەوروپشتى ماڵەكانى ئێمە, بەشێوەيەك جارێكيان (عەبدوڵا و يەحيا و من) لە پێش دەرگاى ماڵى (عەبدوڵا) وەستابووين، كتوپڕ دوو سەيارەى پڕ لە ( قوات خاصە ) گەيشتنە نزيك ئێمە, من زۆر ترسام يەكسەر دەستم خستە سەر دەمانچەكەم و ويستم خۆم بهاوێمە ماڵى (عەبدوڵا) و لەوێش بە تەقە يان بە هەر شێوەيەك بێت خۆم دەرباز بكەم , بەڵام (عەبدوڵا) دەستى گرتم و گوتى (چ دەكەى قورتار نابيت شەرت نييە بۆ ئێمە بێت) , سەيارەكان گەيشتنە لامان هێشتا من بيرۆكەى هەڵاتن و تەقەكردنم هەر هەبوو، بەڵام ئەوان سەلامێكى رێك و پێكيان كرد و رۆيشتن ، (عەبدوڵا) گوتى ( خەريك بوو هەموومان بفەوتێنى ).

دواى بەربوونى كاك يەحيا لە زيندان، گێڕايەوە كە رائيد شاكر گوتبووى ( ئەوە من بووم ئێوەم ديت كە چۆن فەرهاد شڵەژا و خەريك بوو رابكات رۆژێك هەر دەيگرم و لەسەر جادە سەرى پان دەكەمەوە وادەزانێ لەدەستم دەردەچێ!

# بزربوونی عەبدوڵا

چەند جارێک توشی شتی واهاتین و زۆر بە وردی چاودێری دەکراین، بەڵام هەر لە بەدواداچوون وازمان نەهێنا, لەو ماوەیە بۆ جاری دووەم نامەیان هات جارێکی تر بەدەستی (مام مەنسور).

ئیتر ئێمە بێ گوێدانە ئەوەی کە ڕەنگە توشی شتێک بین هەر لە هەوڵی خۆمان بووین, هەرچی خزم و دۆست و تەنانەت کادیرانی شاریش لە مەترسی بارودۆخەکە ئاگاداریان دەکردینەوە، بەڵام ئێمە بەتایبەتی (من و عەبدوڵا و یەحیا) هەر وازمان نەدەهێنا ، تا شەوێک بەدرەنگەوە (جەمیلە ) هاتەماڵی ئێمە و پێی ڕاگەیاندین کە (عەبدوڵا) هەتا ئێستا نەهاتۆتەوە ماڵ ! بەو شەوە هیچمان پێ نەکرا بەیانی ئەوەندەی بۆمان کرا بەدواداچوونمان کرد, هیچمان دەست نەکەوت بە کورتی هەر چەندی هەوڵمان دا، هیچ هەواڵێکی نەبوو, شکمان کەوتە سەر ئەوەی گیرا بێت ، قسەیەکمان بۆ هات لای کەسێکی گەڕەک کە شەو لە کاتی هاتنەوەی بۆ ماڵ لە ڕێگا و لە نزیک ماڵی خۆیان کەوتۆتە کەمینی ئەمن و ڕفێندراوە، دیارە کەسەکە دوور بەدووری چاوی لێ بووە.

وەک لە پێشترباسم کرد من لە دوایین جار- بەتایبەتی دوای بزربوونی عەبدوڵا- زۆر بەتوندی مۆڵەتێکی تەنیا دوو ڕۆژەم بە (ژنی ناوبراو) داو دڵنیام کردەوە لەوەی ئەگەر لەو دوو ڕۆژە وەڵامی یەکلاکەرەوەم دەست نەکەوێت، ئەوا چارەنوسیان خراپ دەبێت.

دوای مۆڵەتەکە لەگەڵ (یەحیا و سەید نامیق) چووین بۆ ماڵیان، بەڵام لەوێ من بەتەنیا چومەوە ماڵیان، ( کیژۆی ژنی مەمۆ ) لەگەڵ کچەکەی لە ماڵ بوون, بێ سێ و دوو گوتم ( چیتان کرد؟ ) ئەو گوتی ( تۆ وەرە ژوورەوە لە

حەوشە نابێت و با بچینە ژوورەوە و ئیسراحەت بکە و هەندێ قسەی وای کرد کە قەت لەو ژنەم نەبیستبوو وەک بڵێیت بیەوێت بە ژنایەتی ( انوثە ) ی خۆی بۆی خۆی رابمکێشێت, بەتایبەتی کە من لەو کاتە گەنجێکی کەم تەمەن بووم کە رەنگە بە ئاسانی بکەونە ژێر کاریگەری جوڵە و ئاماژەی سێکسیی ژن و مێینە.

چومە ژوورەوە، هەستم کرد تۆنی دەنگی ژنایەتی و جوڵەکانی زیاد کرد وەک ژنێکی بە ئەزموون لەو کارانە تەنانەت چەند جارێک زەردەخەنەشی بۆ کردم و ......هتد .

من زوو لە هەموو جوڵە و قسەکانی گەیشتم نەک نەرم نەبووم زیاتر تورەبووم و بە جۆرێک بەسەریدا هاوارم کرد خۆی و کچەکەی راچڵەکین و کچەکە دەستی کرد بەگریان گوتم ( هەی .......هەی بێ .......چەند جوێنێکی دیکەم پێدا و یەکسەر دەمانچەم دەرهێنا و گوتم هەر ئێستا هەردووکتان بەو دەمانچەیە دەکوژم ), ئەویش دەستی کرد بە گریان و دیسان یەخەی خۆی دادڕی بەشێوەیەک لەشی تەواو بەدیار کەوت و دەستی کرد بە جوێندان بە مێردەکەی خۆی، قسەی زۆر سوکی پێگوت و دەستی کرد بە پاڕانەوە لە من و گوتی ( تۆ سەبرت هەبێت بزانە چ قسەیەکم بۆت هەیە ، تۆ ناتەوێت بچیتە لای برای خۆت و بەچاوی خۆت بیبینیت؟ قسەکەی تۆم گەیاندۆتە (ناوبراو) و پێم گوتوە ئەگەر (فەرهاد) نەبەیە لای برای خۆی هیچ دوور نییە بمانکوژێ ، ئەویش گوتویەتی باشە هەر کامیان (یەحیا و فەرهاد) دەیانەوێ دەیانبەمە لای جەماعەت، بەڵام مادام (فەرهاد) زیاتر مشەوەش بووە با بەیانی دوای نیوەڕۆ بێتە ئێرە -واتەماڵی ئەوان- بەڵام بەشەرتێک ١- نابێت کەس بزانی کە دێتە ئێرە و لێرە دەڕۆین ٢- دەمانچە لەگەڵ خۆی نەهێنێ ٣-

نازانم سەعات چەند دەیبەم با چاوەڕوان بکات، هاتە دێم واتە کاتەکەش دیار نییە هەر لە دوای نیوەڕۆوە هەتا ئەو دێت ) من گوتم ( چی ؟ ئینجا بۆ نالێیت دەیبەم بۆ دائیرەی ئەمن ! ئەوە چیە ئەو شەرتانە بۆ کەس نەزانێ و دەمانچە نەهێنم ؟) ئەو ژنە گوتی ( ناوەڵلا باوەڕ بکە دەتباتە لای جەماعەت ئەتۆش ئەوەت ناوێ؟ ) دیسان هەڵچووم و گوتم ( بە مێردە ...... بلێ من ئەوەندە نەفام نیم ئەوها بەئاسانی بچمە بەر دەستی تەنیا ئەو کاتە یەکتر دەبینین کە دەمانچە لەسەر سینگی یەکتر دادەنێین ، بزانە چتان بەسەر دەهێنم ) .

یەکسەر هاتمە دەرەوە و لەگەڵ (یەحیا و سەید نامیق) گەڕاینەوە ماڵی (یەحیا ) کە لە خانوەکانی نەسیج بوو. هاوڕێیانی کادیر لەوێ بوون، بەو کارەی من رازی نەبوون و گوتیان ( چاکتر بوو ئەو کارەت نەکردایە و بچوبای ) من گوتم ( کاکە هەموو قسەکان وادەردەخات نیازی خراپە، چۆن بچم ) ئیتر دوای گفتوگۆیەکی زۆر پێشنیازیان کرد ( با یەحیا لە جیاتی تۆ بچێت، مادام ئەو گوتویەتی هەر کامیان بن فەرق ناکات، ئێوە بەسەیارەی هەمزەی مام عەولا رابی لە دوایان برۆن، بزانن دەچنە کوێ ) , من ئەو شتەم پێ باش نەبوو، بەڵام بە ناچاری قبولم کرد و هەر بەو شەوە خەبەری کاک (هەمزە و مام یابە) مان دا کە بڕیارە بەیانی دوای نیوەڕۆ( سەید نامیق و مام یابە و من ) بە سەیارەی (هەمزە کە لادایەکی تەکسی) بوو (یەحیا )دەگەیەنینە لای ماڵی (ناوبراو) و لەسەری کۆڵان چاودێری دەکەین بزانین بۆ کوێ دەڕوات.

شایانی باسە من و (سەید نامیق) چەکمان پێبوو، ئەو کلاشینکۆفی پێبوو، چونکە چەکداری حکومەت بوو منیش دەمانچەیەکی چواردەخۆری خۆم لابوو.

# چوونی هاوڕێ یەحیا

بەیانی دوای نیوەڕۆ هەمومان لە ماڵی هاوڕێ (یەحیا) کۆبوینەوە, وابزانم هاوڕێیان مامۆستا (کۆچەر و ئارام) یش لەوێ بوون لە ژوورەکەی سەرەوە بوون تەنیا من چومە لایان دیاربوو حەزیان نەدەکرد هەموومان بیانبینین رایانسپاردم کە وەک بڕیارە وا بکەن هیچی تر نەکەن, ئیتر بەرێکەوتین بۆ ماڵی (ناوبراو لە گەڕەکی سەیداوە ) .

سەعات یەک و نیوی دوای نیوەڕۆ لە رێگا بیرۆکەی ئەوەم بۆ هات و گوتمە هاوڕێیان ( چاکترە ئێمە هەر چاوەروان نەکەین، بەڵکو کاتی دیاری کراومان هەبێت, بەو شێوەیە هەر کە کاک( یەحیا ) چووە شوێنەکە ئەگەر (ناوبراو) لەوێ نەبوو هیچ دانەنیشی و چاوەڕوان نەکات، با یەکسەر بگەڕێتەوە ئەگەر ئەویش لەوێ بوو هەلێکی باش دەبێت بۆ ئێمە با دانیشێ و کاتەکە لە ( ١٠ - ١٥ ) دەقیقە زیاتری برد ئەوە مانای ئەوەیە (ناوبراو) لەوێیە من و (سید نامیق ) دەچینە شوێنەکە و بە زۆر لەگەڵ خۆمان دەیهێنین، ئەگەرتەسلیمیش نەبوو هەرچی پێویست بکات دەیکەین بە کوشتنیشەوە.

مام یابە گوتی (من بەو شێوەیە نەهاتووم و رای هاوڕێیان ئەوە نییە، ئەگەر نیازتان ئەوەیە من نایەم ), ناچار خۆم بێدەنگ کرد ، (یەحیا) مان دانا و خۆشمان لەوسەری کۆڵان چاودێری رەوشەکەمان دەکرد، بەو شێوەیە ماینەو هەتا ئێوارە ، دەمەو ئێوارە سەیارەیەکی (کڕاون تەکسی ) هات من یەکسەر ناسیم کە (خوشکە زای کیژۆ ) بوو چووە بەر دەرگەیان و دوای چەند دەقیقەیەک هەمویان (یەحیا و کیژۆ ) و منداڵەکانی هاتنە دەرەوە و سواری سەیارەکە بوون و بەرەو شەقامی شەستی رۆیشتن, ئێمەش بە دوایاندا رۆیشتین لەسەر شەستی زۆر لێیان نزیک کەوتینەوە بە شێوەیەک وەک بڵێیت (کێژۆ )

شکی کرد و زۆر بە تەرکیزەوە تەماشای کردین, من یەکسەر بەدەست پەنام لە دەم و چاوی خۆم کرد و گوتمە کاک (هەمزە ) لایتەکەت بەرزبکەوە با نەمانبینێت، دیار بوو نەیبینین, دواتر بۆ لای (نیوستی ئێستا ) و جادەی کۆیە و بەرەو چوارڕیانی شەقلاوە و لەوێ من یەکسەر گوتم ئەوە بۆ مالّی (رەشۆ ) دەچن, رێک سەیارەکە بۆ جادەی سورچیانی ئێستا چوو لەبەر بەردەم مالّی (رەشۆ ) وەستا, ئەوان دابەزین و سەیارەکە رۆیشت ، ئێمەش لەسەری کۆلّان چاودێری دۆخەکەمان کرد.

ماوەیەکی باش بەسەردا تێپەڕی، کەچی (یەحیا) نەهاتەوە, من گوتم ( وا چاکە رایەکەی من جێبەجێ بکەین ) (سەید نامیق ) پێی باش بوو، بەلّام (مام یابە و کاک هەمزە) رەتیان کردەوە, ناچار چاوەڕێ بووین تا درەنگی شەو (یەحیا ) هەر نەهاتەوە, بە ناچاری ئەومان لەوێ بەجێ هێشت و گەڕاینەوە مالّی (یەحیا ).

هاوڕێیان (ئارام و پێشڕەو) لەوێ مابوون، مامۆستا (کۆچەر) رۆیشتبوو, رووداوەکەمان بۆ باس کردن ، ئیتر بەبێ ئەوەی هیچ حیسابێک بۆ ترسناکی وەزعەکە بکەین و بلّێین دوور نییە (یەحیا ) گیرابێت و بەسەر ئێمەش دابدەن ، من لەگەلّ ئەوان مامەوە، بەلّام (مام یابە هەمزە و سەید نامیق) رۆیشتنەوە مالّی خۆیان .

## هاتنەوەی کاک یەحیا

بەیانی زوو ئێمە لە خەو دابووین کاک (یەحیا ) هاتەوە مالّ و نانی گەرمیشی لەگەلّ خۆی هینابوو ، بە هاتنەوەی ئەو ئێمەش لە خەو هەستاین و نانی بەیانیمان خوارد, بەدەم نان خواردن بۆی باس کردین کە دەوری سەعات

یازدە و نیوی شەو (ناوبراو) هاتۆتە لای و دوای قسەکردنێکی زۆر و لەسەر هەموو شتەکان و توڕەیی و هەڵچونی ئێمە و ....هتد ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی کە دوو بە یانی سەعات حەوت لەسەر شەقامی شەستی شوێنی ( نیو ستی ئێستا ) چاوەڕوێی بکات، ئەو دێتە دوای و بۆ شوێنی مەبەست کە بە حیساب بۆ لای جەماعەتی دەبات, بێگومان بەهەمان ئەو مەرجانەی کە پێشتر بۆ من دایاننابوو!

دیسان من رام وابوو کە دەمانچەکەی خۆم دەدەمە یەحیا و خۆیشم دەتوانم لە ناسیاوێک کلاشینکۆفێک وەرگرم کە ئامر سریەی فەوجە سوکەکان بوو, لەگەڵ (یەحیا) دەچم و لە پەنای دیواری بیری ئاو کە لەوێ هەبوو دەوەستم تاکو ئەوان دێن کە لە بەردەمی (یەحیا) وەستان با ئەو تەنیا خۆی لابدات و بە دەمانچەکە پارێزگاری خۆی بکات منیش دەستڕێژیان لێدەکەم و دواتر بەناو ئەو ماڵانە کە ئەو کات شوققە بوون بەئاسانی خۆمان دەرباز دەکەین، چونکە ئەو ناوە هەمووی شارەزام، منداڵی ئەوێم.

هاوڕێ (پێشڕەو) بیرۆکەکەی زۆر لاپەسەند بوو و گوتی ( زۆر باشە منیش تفەنگی خۆم دێنم و دێم بەیەکەوە ئەو کارە دەکەین و سەیارەش پەیدادەکەم بۆ دەرباز بوون ), زۆر کەیفم هات ڕێک کەوتم لەگەڵیان, شەو من دەچمە ماڵی (یوسفی داربەسەری) ، ئێوەش وەرنە ئەوێ، چونکە لەو شوێنە نزیکە.

ئیتر من بەجێم هێشتن و گەڕامەوە ماڵی خۆمان تاکو ئێوارە هەر لە ماڵ بووم ، کە دونیا تاریک داهات چوومە ماڵی ئامیر سریەکە؛ داوای چەکێکم کرد زۆر بە ئاسایی کلاشینکۆفێک و تاخمێکی لەوانەی خۆیان کە شێوەی عەسکەری بوو پێیدام, دوای کەمێک هاتمە ماڵی کاک (یوسف) هەرچەند

خۆی لە ماڵ نەبوو، بەڵام مامەوە هەتا دوای دوازدەی شەو، کەچی هاوڕێیان هەر نەهاتن؛ شکم کرد بیرۆکەکەی منیان هەڵوەشاندبێتەوە, بە ناچاری هەر بەو شەوە چەکەکەم بۆ کابرا بردەوە و چوومەوە ماڵی خۆمان.

بەیانی بۆ بە دواداچوون چوومە ماڵی کاک (یەحیا)، خوشکەکەی گوتی بەیانی زوو (هەمزە و مام عەولا و مام یابە) هاتن و لەگەڵ ئەوان رۆیشت.

دواتر زانیم کە بۆ ئێوارەکەی هاوڕێیانی کادیر و بەتەمەنەکان رایەکەی منیان رەتکردۆتەوە و بڕیاریان داوە کە با (یەحیا) بچێتە شوێنی مەوعیدەکە و لەگەڵیان بچێت, ئەوانیش بەسەیارەی کاک (هەمزە) بەدوایدا دەچن، بزانن دەچنە کوێ.

ئیتر بەو شێوەیە دەچنە شوێنی یەکتربینینەکە و سەیارەیەکی ( سوپر تەکسی خەتی بەغدا ژمارە ٣٤٠٠ هەولێر ) دێتە دوای کاک (یەحیا) و نەفەرێک دادەبەزێ بەعەرەبی دەڵێت ( تۆ یەحیای ) و یەکسەر پیلی رادەکێشێتە ناو سەیارەکە و کلاشینکۆفی لەسەر ڕادەگرن و دەیبەن, ئەوان دوور و نزیک لە دوای دەچن، بەڵام لەلای فلکەی قەزا بزریان دەکەن.

دوای یەک دوو رۆژ (مام عەولا و مام یابە) هاتنە ماڵی ئێمە، (مام عەولا) گوتی (سەیارەکە بۆ رێگای شەقلاوە رۆیشت)، بەڵام (هەمزە) ی کوڕی دەیگوت ( نا بۆ لای دائیرەی ئەمن رۆیشت ). ئەو رۆژە زۆر بەتوندی گوتمە مام عەولا ( وەڵاهی سەرتان لە قوڕ راکرد، راستە دەچێتە لای جەماعەت بەڵام لە ئەمن ) ,ئەو هەر دەیگوت ( بڕۆ بابە ئەتو منداری هێشتا سەرت لە کاری نهێنی حیزبی دەرناچی ) , ئیتر بەو شێوەیە کاک (یەحیا)

مان بزر کرد تاکو بروسکەیەک لە زیندانی (ئەبو غرێب )هات و دەڵێت (من لە زیندانی ئەبو غرێب ) م سەردانم بکەن.

## هەوڵی پیاوانی رژێم بۆ سەر رێکخستن بەگشتی ( ١٣)

وەک لە پێشتر ئاماژەم پێکرد ئێمە هەتا رادەیەکی باش گەیشتینە ئەو بڕوایەی هاوڕێیانمان تەسلیم کراون، بۆیە دەستمان کرد بە هەڕەشەکردن و ترساندنی ماڵ و منداڵی (ناوبراو) و چەند جار گەفی کوشتنمان لێکردن .

دیارە ئەوانیش دەستەوەستان دانەنیشتن و گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە کارەکەی ئەوان بۆ ئێمە تەواو ئاشکرا بووە ، هەوڵ و هەڵمەتی خۆیان توندتر کرد و دەستیان کرد بەگرتنی هەموو ئەوانەی لایان ناسراو بوون لە رێکخستن بەگشتی و ئێمەی کەس و کاری هاوڕێ شوێنبزرکراوەکان بەتایبەتی ,کە لە هەمان کات لە رێکخستنیش بووین.

ئەوە بوو یەکەم کەس (عەبدوڵا ) دەستگیرکرا، دواتر (یەحیا ) و (یوسف داربەسەری ) و (خالید خەبباز) و (قارەمان) و چەند برادەرێکی دیکە دەستگیرکران کە بەداخەوە ناوی هەموویانم لە یاد نەماوە .

دیاربوو ناوی منیش لەناو ناوان بوو بۆ دەستگیرکردن ، لەو کات هەموو ئەوانەی بەیەکەوە لە هەوڵ و بەدواداچون بووین و وەک بڵێیت لە هێرش بووین، بەڵام بەگیرانی ئەوان شتەکە پێچەوانە بۆوە ،هەرچەندە بە تەنیا شتێکی ئەوتۆم پێنەدەکرا، بەڵام هەروازیشم نەهێنا بوو.

هەتا جارێک هەوڵم دا لەگەڵ هاوڕێ (پێشرەو) کارێک بکەین و بەهەر شێوەیەک بێ ژن و منداڵەکانی بڕفێنین، بەڵکو بەو کارە و بەفێڵی یەکتربینین دەستی لێبوەشێنین.

کات و ڕێوشوێنمان دەست نیشان کرد و بە تەنیا چووم بۆ چاودێری ماڵیان ماوەیەکی زۆر چاودێریم کرد هەستم کرد خەڵکی دیکە لە ماڵەکە دەرچوون و دەرگایان کلیل دا, پرسیارم کرد گوتیان ئەو شەو کۆمەڵێک چەکدار هاتن و ماڵەکەیان بار کرد و ڕۆیشتن.

دیار بو شەو بە پاسەوانیی هێزێکی چەکداری ماڵەکەیان بارکرد بوو کە ئەوە بۆ ئێمە زۆر خراپ بوو, بەیەکجاری لە دەستمان دەرچوون تا **ماوەیەک** هەر نەمانزانی بۆ کوێ چوون.

## دەرچوون لەشار

لە دوای ئەوە دەتوانم بڵێم هاوڕێ (پێشڕەو) یشم بزر کرد, دیار بوو خۆشاردنەوەکانی خۆی توندتر کردبوو دوای دەستگیرکردنی ئەو هاوڕێیانەی باسم کردن، ئیتر وەک بڵێی بەتەنیا مامەوە و ماڵەکەشیان ڕۆیشت و بۆیە بەناچاری ماوەیەک شارم بەجێهێشت زیاتر بەمەبەستی دیتنی هاوڕێیانی کادیر، هەروەها ئەگەر ئەوان پێیان باش بێت پێم باشە بمگەیەننە بارەگاکانی حیزب لە هەر شوێنێک بێت، چونکە مانەوەم لە شار هیچ کەڵکی نەما و تەنیا خەتەرێک بوو بۆ سەر گیانم. چوومە گوندی (دوستەپە) ی نزیک هەولێر و لە ماڵی کاک (مەلا عومەری پلکزام ) مامەوە تارادەیەک خۆم بە ئیش و کاری شینایی سەرقاڵ کرد و هەردەم هەر دوور و نزیک بەدواداچونم دەکرد.

لەو ماوەیە چەند جارێک هاوڕێیانی کادیر لەوانە (هاوڕێ سالار ، هاوڕێ ئەحمەد ، هاوڕێ وسو ، هاوڕێ کاروان ، جارێکیشیان هاوڕێ ئارامم ) دیت، قەت جارێک باسی وەزعی من و خەتەری سەر گیانی منیان نەکرد, زۆر پێم سەیر بوو هەر وەک فەلاحێکی خەڵکی گوند هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکردم, تەنیا جارێک نەبێت ئەویش خۆم پرسیاری هاوڕێ (ئەحمەد عەوێنەم) کرد، یەکەم لەبەر ئەوەی ئەو بەرپرسم بوو، دووەم ئەوان هەرهیچ لە منیان نەپێچایەوە , ئەویش (هاوڕێ سالار) تەنیا گوتی ( هێی هێی هاوڕێ ئەحمەد ) , نەمزانی مەبەستی چیە پرسیاریشم کرد، کەچی وەڵامی نەدامەوە, دواتر هاوڕێ (ئارام) گوتی ( گەڕاوەتەوە سەرەوە، رەنگە دەستگیر بکرێت ) , پێم سەیر بوو ! ناچار بۆ بەیانی دووبارە پرسیارم لە بارەی (مام ئەحمەد) لە هاوڕێ (سالار) کردەوە، بەڵام وەڵامێکی ئەوتۆی نەدامەوە, زیاتر ئەو هەندێ پرسیاری سەیری لێکردم وەک ئەوەی ( نێوانی لەگەڵ ناوبراو چۆن بوو؟ دەڵێن ناوبراو پارەی پێداوە، چەند شتێکی دیکەی لەو بابەتە) , کە لە شاریش ئەو جۆرە قسە بێ بنەمایانەم گوێ لێببوو، ئەوەی دەمزانی باسم کرد کە شتێکی وا نەبوو، بەڵام زۆر پێداگریم کرد کە هیچ پەیوەندی گوماناوی لەو کابرایە شک نابەم , ئەگەر ئێستا لێرە یان لە شار ببینم ئامادەم کاری لەگەڵ بکەم و لە باری ئەمنی متمانەی تەواوم پێی هەیە, بۆ مەسەلەی چوونە سەرەوەش زۆر بێباکانە گوتی ( من پێم باشە بچەیەوە شار و بە شێوەی ئیختیفا بژی نەک بچیە سەرەوە ئێمە پەیوەندیت پێوە دەکەین و لەگەڵ ئێمە کار بکە ) ,کە من دڵنیا بووم لە شار زۆر نزیکم لە فەوتان .

بەگشتی ئەو وەزعەی باسم کرد زۆر دڵگرانی کردم کە هیچ گرنگیان پێنەدام و ئەسلەن هەر باسی ئەو وەزعەی ئێمە و گیرانی برادەران و وەزعی

خراپی باری ئەمنیماڵەكانی ئێمە و گیرانی ئەو هەموو هاوڕێیەی ڕێكخستن وەك ئەوەی هەر هیچ پەیوەندی بەوان نەبێت وابوو.

بەراستی كەوتبوومە دۆخێكی دەروونی خراپ, وەرە ئەو هەموو ڕووداوە ناخۆشەت بەسەر هاتبێت، كەچی كەس هەر باسیشی نەكات لەگەڵت ! وام بەخەیاڵداهات ڕەنگە بچمەوە سەرەوەش هەروا بەكەمی و بێنرخی حیساب بۆ ئەو هەموو ماندووبوون و گیانبازی و ترسەی بەسەرمداهاتووە بكرێت !

# گەڕانەوە بۆ شار

ئەو ماوەیە بەو شێوەیە بەسەر چوو، ڕۆژێكی هاوینی ١٩٨٥ باوكم هات و خەبەری ئەوەی هێنا كە ( لە دائیرەی ئەمن بانگیان كردووە و پێیان ڕاگەیاندووە كە كوڕەكانتان بەردەبن، بەڵام دەبێت هەریەكە و دوو كەفیلی ڕوحی بهێنن بە مەرجێك كەسی نزیكیان بێت وەك باوك و برا ، مودیری ئەمن خۆی بە باوكمی گوتبوو( تۆ و فەرهاد) وەرن و ببنە كەفیل, ئەوانی دیكەش بەهەمان شێوە خەبەریان بدەرێ ).

من ئەو خەبەرەم زۆر لا سەیر بوو بەتایبەت كە بەناو داوای منی كردبوو! هەستێكی سەیر لام دروست بوو شەو تا بەرە بەیان خەوم لێنەكەوت، هەستمكرد ئەوەش داوێكی تر بێت بۆ ئەوە چەند كەسێكی دیكەیان دەست بكەوێت.

ئیتر بۆ بەیانی هاتمەوە شار و بە باوكم و دایكم گوت ( من هیچ موشكیلەم نییە ئێستا دەچم، بەڵام هەست دەكەم ئەو ماستە مویەكی تێدایە چونكە ئەگەر ئەوان كەفیلیان دەوێ بۆ دەست نیشانی منیان كردووە بە ناو؟! جگە لەوە باوكە , دایكە من زۆر شتم كردووە ئێوە نایزانن دڵنابن بچم دەرچوونم نابێت ئەگەریش حەزدەكەن ئێستا دەچم، بەڵام باوەڕ بكەن نامبیننەوە ).

دایکم گوتی ( جا بۆ من فەرقی چیە کوڕێک بە کوڕێکی دیکە بدەم ؟ مەچۆ بابزانین وەزعەکە چۆن دەبێت ) باوکم خەبەری ئەوانی دیکەی دا, ئەوانیش کەوتنە خۆ بۆ کەفیل پەیداکردن ماڵی هاوڕێ (داود) چونکە تەنیا باوکی بوو نەچوون و چاوەڕوانیان کرد، بەڵام ماڵی ماڵی (مام عەولا) بۆ کەفیل کێشەیان نەبوو, دوای یەک دوو رۆژ لەگەڵ مام شێمحەمەد چوونە دائیرەی ئەمن ، یەکسەر هەموویان گرتبوون, ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ لە دەستبەسەری ( حجز ) مانەوە

## دیتنی مەمۆ لەناو بازار

لە نیوەی دووەمی مانگی ٩/١٩٨٥ قسەیەک لەلای خزمێک بڵاوبۆوە کە (ناوبراو) ی لە بازاڕ دیوە لە جادەی باتا. ئەو قسەیە زۆر کاری لێکردم بڕیارم دا بەیانی بچم لەناو بازاڕ بە دوایدا بگەڕێم.

ئیتر بەیانی دەمانچە و دوو نارجۆکی دەستیم هەبوو هەمووم خستە بەر پشتێنم و چومە بازار تاکو نیوەڕۆ هەر گەڕام بازاڕ زۆر قەرەباڵغ بوو- ئەگەر هەڵەم نەکردبێت- پێش جەژن بوو. دوو رۆژ لەسەر یەک بەو شێوەیە، بەڵام تەنیا دانی بەیانییەکەی، بێهودە و هیچم دەست نەکەوت، بەناچاری رۆژی دووەم بەر لەوەی بگەڕێمەوە ماڵ سەرێکی مەکتەبەی ( تامیم ) م دا دیار بوو بەرگی دووەمی ( داغستانی من ) هاتبوو نۆرەی بۆ گیرابوو ، منیش چوومە نۆرە دانەیەکم کڕی, گوتم بۆ ئەو کاتەی من باشە خۆمی پێوە خەریک دەکەم، بەڵام ئەوەندە حەزم بە خوێندنەوەی ئەو شاکارە بوو بۆ بەیانی تەواوم کرد, هەرچەندە هیچ کاتی بۆ نەکوشتم، بەڵام چێژم لێوەرگرت و لە رووی دەروونی کەمێک ئارام بوومەوە.

# دەرچوونم لە هەوڵێکی دەستگیرکردن

هەر دوای ئەوە بە یەک دوو رۆژ بـۆ دیتنـی برادەرەکـانم- چـونکە ئەو ماوەیە زۆر دلتەنگ بـووم- چوومە (ئیسکان) دوای دیتنی دوو لە برادەرەکانم بەر لە نیوەڕۆ کاتێک ویستم بگەڕێمەوە ماڵەوە، برادەرەکانیشم لەگەڵم هاتن وەک بەرێکردن گەیشتینە ناو خانووی (ماڵە شەهیدەکان) لە نیوەی کۆڵانێک بـووین، هەردوو بـرادەرەکەم لە دەسـتی چەپـم دەرۆیشـتن هەسـتی دەنگـی سەیارەیەکی بەرازیلیم کرد کە ئەو کات هەمووی نوێ بوون و ئەگەر کەمێک خێرا ببونایە دەنگی تایبەتیان هەبوو هەتا مـن ویستم ئـاوڕ بدەمەوە، گەیشتە تەنیشتم کە سەیارەیەکی ( بەرازیلی مۆدیل ٨٣ یان ٨٤ بوو رەنگی سور و ژمارەکەی ١٩٨٣ هەولێر بوو ) لە تەنیشتم راوەستا , مـن بە حەزەرەوە تەماشام کـردن تەنیـا دوو کەسی تەمەن نـزیکەی ( ٣٥ - ٤٠ ) ساڵەی تێدابوو هـیچ سەیری منیان نەکرد , وەک بڵێی لە ماڵێک دەگەڕێن و هەڵەیان کردووە ئیتر رۆیشتن لە کۆڵانەکە دەرچوون و دیسان هەستم کرد دەنگی سەیارەکە بەرزبۆوە, ئەو جارە رووبەرووم هـات و بە تەنیشتم دا رۆیشت, گەیشتمە ئەو بڕوایەی ئەوە ئاسـایی نیـیە بەتـایبەتی کە ئەو جـارە نەفەری لای سـەکن کەوتە بەرچـاوم پیاوێکی رەشتاڵە بوو زۆر لە (نەقیب عەبدوڵا) دەچوو کە (مەسولی مەلەفی حیزبـی شـوعی لە ئەمنـی هەولێـر) و یەک لە کەسە سـەرەکیەکانی گرتنـی هاوڕێیـان بـوو , کە ناسیاوێک زۆر بـاش وەسفی بـۆ کردبـووم ، بیـرم کـردەوە ئەگەر ئەو جارە بێتەوە دەمانچەی لێدەرکەم و ئەگەر پێویستی کرد لێیدەم ، لەو کاتە دووبارە لە پشتمەوە هاتەوە زۆر بە خێرایی وا هەستم کرد خۆم لانەدەم هەر بەسەیارەکە لێم دەدا، یەکسـەر خۆم بەلای برادەرەکـانم دادا و رووم لە سـەیارەکە کـرد و دەستم بـۆ دەمـانچەکەم بـرد و کەمێـک دەرم کـرد یەکسـەر سـەیارەکە

لەتەنیشتم دەرچوو و لە کۆڵان سوڕایەوە و دەنگی نەما, برادەرەکانم زۆر لایان سەیر بوو گوتیان ( چاکترە هەتا زووە لێرە بزر بیت،ئەو شتە ئاسایی نەبوو ).

ئیتر بە پەلە لەو ناوە دوورکەوتمەوە چوومەوە ماڵ کە ئەو کاتە ماڵمان گواستبۆوە (گەڕەکی مامۆستایان لای لەنگە)ی ئێستا شوێنێکی زۆر ئەمین بوو.

دوای دوو رۆژ خزمێکم دیت کە کاتی خۆی ئەویش لەگەڵم هاتبووە ماڵی (ناوبراو) لە (گەڕەکی کوران) هەمان سەیارە ویستبووی بیگرێ، بەڵام ئەویش دەرباز ببوو.

ئەوان بە حوکمی ئەوەی کەس و کاریان لە ئەمن و مەفرەزەی ئەمن بوون دەیانناسین کە وەسفی دوو کەسەکەم بۆ کردن گوتیان ( رەشتاڵەکە نەقیب عەبدوڵایە و سورەکەش ملازم غەسانە کە ئەویش لە ئەمنی هەولێرە)

هەروەها دواتر زانیمان کە جارێکی دیکەش بەهەڵە بەسەر ماڵێکی گەڕەکی ئێمەیان داداوە و پرسیاری منیان کردووە کە ماڵی (مام حاجی سەعدی پایسکل فرۆش ) بوو کە ئێستاش ماڵیان لەوێ ماوە و خۆیشی لە ژیادا ماوە, زۆرجار ئەو قسەیە دەگێڕێتەوە پێموایە هۆی هەڵە کردنەکەشیان تەنیا ئەوە بوو کە ژمارەی خانووی ئێمە ( ١٣٢٧ ) بوو هی ئەوان ( ١٣٧٢ ) کە لە زمانی عەرەبی شوێنی دوو ژمارەی کۆتایی دەگۆڕێ و موختاری گەڕەکەکەش ئەو کات (مەلا عومێرە) پیاوێکی چاک بوو دەنا ئێمەی باش دەناسی ئەو رووداوە بەر لەوەی ئێمە لەو گەڕەکە بگوازینەوە رووی دابوو.

# شێوەی دەستگیرکردنی هاوڕێیان ( ١۴ )

هەرچەندە لە هەندێک شوێن وەک ئاماژەی بچوک ئاماژەی پێکراوە کە هاوڕێیانمان چۆن و لە کوێ و بە چ شێوەیەک دەستگیرکران، بەڵام دوای بەربوونی چەند هاوڕێیەک کە لەگەڵ هاوڕێیان گیرابوون, بەوردی و بەروونی باسی کات و شێوەی دەستگیرکردنەکەیان هەر ئەو کات بۆ مان گێڕایەوە.

بەر لە چەند رۆژێکیش پێش نووسینی ئەم یادەوەرییە چوومە سەردانیان و دووبارە داوام لێکردن بۆم بگێڕنەوە و بە ڤیدیۆ بە دەنگ و رەنگ تۆمارم کردووە کە چۆن و لە کوێ و تەنانەت ئەو کەسانەی یارمەتی (ناوبراو)یان داوە.

وەک لە بەشەکانی پێشوو باسم کرد پیلانی دەستگیرکردنی هاوڕێیان کردەیەکی گەورە و گرنگی رژێم بوو کە دژ بە هێزی پێشمەرگە و رێکخستنی ( حشع ) ئەنجام درابێت بەدرێژایی ساڵانی( ١٩٧٩ – ١٩٩١) بۆیە ئەم کارەساتە کاریگەرییەکی یەکجار زۆری کردە سەر ئەو حیزبە.

وەک بزانم لە تەواوی مێژووی بەعس شتی وای بۆ رێکنەکەوتووە تاوەکو بتوانێت گورزی ئەوها بوەشێنی بەبێ زەرەر و لەناو گۆڕەپان و مەیدانی بەرامبەرەکەیشی ، کە لە بەرواری ( ١٠-١١ /١١ /١٩٨٤ ) لە ناو شاری هەولێر ئەنجامیان دا .

وەک بڕیار بوو لە ئێوارەی ( ٩-١٠ /١١ / ١٩٨٤ ) بەڕێ بکەون، بەڵام لەسەر پێشنیازی هاوڕێ (بڕیار) کاتەکە دوا خرا بۆ رۆژی دواتر بۆ ئەوەی پەیوەندی بکەن بە هاوڕێیانی (مەفرەزەی بەڕانەتی ) هەتا هەموویان بەیەکەوە بڕۆن, بێئاگا لەوەی (ناوبراو) بەدزی ئەوان لەگەڵ (مەفرەزەی بەڕانەتی ) ش رێککەوتوە کە هەمان شەو لەگەڵ هاوڕێیان بیانبات واتە هاوڕێیانی (بەڕانەتی )

هەر بۆ خۆیـان بە تەنیـا و بەبـێ ئاگـایی هاوڕێیـانی هەولێـر لەگەڵ (نـاوبراو) ڕێکـدەکەون لەشـار دەربچـن, ئەویـش لە یەک کـات لەگەڵ هەردوو مەفـرەزە ڕێککەوتـووە بـۆ ئەوەی لە یەک شـوێن هەمـوان تەسـلیم بکـات بە بێئاگـایی یەکتـری! (هاوڕێیـانی هەولێـر) هەوڵیـان دا کە بەیەکەو لەشـار دەربچـن، بەڵام (هاوڕێیـانی بەڕانەتـی) هەر خەبەری ئەوانیشـیان نەدابـوو، بەڵکـو خۆیـان بە ئاگاداری (هاوڕێ پێشڕەو) لەگەڵ (ناوبراو) ڕێککەوتبوون.

بە قسـەی ئەو هاوڕێیـانەی کە یارمەتیـان دابـوون و ئەو هاوڕێیـانەی کە لەگەڵ ڕووداوەکە دەستگیرکرابوون و دواتر ئازاد کران و ئێستاش لە ژیاندا مـاون بەو شێوەیە بووە :

ئەوان ( مەفرەزەی بەڕانەتی ) لە دوو شوێن بووین لە نزیک ئەوماڵەی کە بۆ گواستنەوەیان دیاری کرابوو لە (گەڕەکی کوران ) کە ماڵی (خطاب ) کە زاوا و کەسێکی نزیکی (ناوبراو) بوو, خۆیشی دەستی لە پیلانەکەدا هەبووە بۆ شوێنی سەرەکی (گەڕەکی عەداله) کۆدەکرێنەوە, هەموویـان بەسەرپەرشتی و بەیـاوەری (هـاوڕێ پێشـڕەو) دەچـنە مـالی ئەو (خطـاب)ە و لەوێـوە بە دوو گـروپ دەبـرێنە شـوێنی سـەرەکی (گەڕەکـی عەداله), لە ڕێگـا لە بەردەم کۆگاکانی ( مواد غذائی ) دەکەونە ناو خاڵێکی پشکنیکی هێزێکی چەکداری هاوبەشـی ( مفـارز مشـترکە )، بەڵام (نـاوبراو) دەڵێـت (ئاسـاییە مەترسـن ), خـۆی دادەبەزێـت و قسـە لەگەڵ مەفـرەزەکە دەکـات و دەگەڕێـتەوە بـۆ نـاو سـەیارەکە و بەرەو شـوێنی خۆیـان دەڕۆن , تـا ئەو مـاڵەی بـۆ ئەو کـارە ئامـادە کـراوە, لەوێ دوو کـوڕی گەنج بە بەرگـی کـوردی و بە شێوەزاری هەولێریـانە بەخێرهاتنیـان دەکەن و سـاردی و ماسـتاویان بـۆ دێـنن و دوای کەمێـک لە

خواردنەوە، هاوڕێیان تووشی حاڵەتی بێهۆشی دەبن و ئەوانیش دەیانگوازنەوە بۆ ئەو شوێنەی کە خۆیان مەبەستیانە.

بە قسەی یەک لەو هاوڕێیانە دوای چوار رۆژ بە هۆی ئەوەی رۆژنامەیان بۆ دێنن، ئینجا بۆیان دەردەکەوێت کە ئەوە چوار رۆژە ئەوان دەستگیرکراون و ئێستا وا لە ئەمنی عامەی بەغدان.

شایانی باسە (هاوڕێیانی بەڕانەتی) جگەلەوەی خۆیان چوار کەس دەبن، دوو کەسی تریش پەیوەندیان پێوە دەکەن بەمەبەستی چوونە شاخ و بوون بە پێشمەرگە، هەروەها سێ هاوڕێی دیکە کە پێشمەرگەی (مەفرەزەکەی شەهید مەلا عوسمان) بوون و لەو شەڕەی کە هاوڕێیان (مەلا عوسمان و شالاوی مورتکە) شەهید دەبن ، ئەو سێ هاوڕێیە لەلایەن هێزە هێرشبەرەکەی (یەکێتی) دەگیرێن و دوای ماوەیەک ئازاد دەکرێن و دێنە (گوندی سەیدانی بەڕانەتی), ماوەیەک لەوێ دەمێننەوە بۆ ئەوەی رێگایەک بدۆزنەوە بۆ دەرباز بوون و گەڕانەوە بۆ بارزان ، بەڵام دیارە هاوڕێیانی (مەفرەزەکەی بەڕانەتی) لە شار (رەشۆی برای مەمۆ) رادەسپێرن کە بیانهێنێ بۆ ئەو ماڵە خزمەی خۆیان( خطاب) - کە وەک باسم کرد ئەویش دەستی لە پیلانگێرییەکە هەبوو - ئیتر لە کاتی دیاری کراو (رەشۆ) دەچێتە دوایان و دەیانهێنێتە هەمان شوێن، بەمەش لەگەڵ هاوڕێیانی دیکە تەسلیم بە بەعسیان دەکەن.

بەنسبەت (هاوڕێیانی دەشتی هەولێر) وەک پێشتر باسم کردووە سەرەتا هاوڕێیان (عەباس و بڕیار) دەبەن بۆ هەمان ئەو شوێنەی کە رۆژی پێشتر (هاوڕێیانی بەڕانەتی)یان لێ دەستگیرکردووە.

بە قسەی (یەحیا) کە لەگەڵ یان گیرابوو، هاوڕێ (بڕیار) لە زیندان بۆی باس کردووە کە ئەو هاوڕێیانە دەبەنە ماڵەکە بە هەمان شێوە پیپسی و

ساردییان بۆ دێنن و دوای خواردنەوەی ساردییەکە هاوڕێ (عەباس) بەدەمدا دەکەوێت , دیارە زوتر کاری لێکردووە هاوڕێ (بڕیار ) دەزانێ شتێک بووە، بۆیە یەکسەر هەوڵ دەدات دەمانچەکەی رابکێشێت بۆ دەست وەشاندن و خۆپاراستن، بەلاّم بەهۆی کاریگەری دەرمانە بێهۆشکەرەکە ناتوانێ دەمانچەکەی سوارکات , یەکسەر لە دواوە دەیگرن و دواتر بێهۆش دەبێت, هەرچی هاوڕێ (داود)ە لە ڕێگا کە تەنیا خۆی و یەک کەسی دیکەی بێ چەک لە ناو سەیارەکە لەسەر ئەو جادەی ئێستا بەبەردەم کۆلیژی ئادابدا دەڕوات مەفرەزەی موشتەرەکە دەبینن هاوڕێ (داود ) دەڵێت (ئەوە چیە ئەو هەموو مەفرەزەیە ؟) - دیارە ئەو ناوە هەمووی بەهۆی ئەنجامدانی ئەو پیلانگێڕییە خاڵی پشکنینی چەکداری لەلایەن هێزە جۆر بەجۆرەکانی ڕژێم لێدادەنرێت و بە هێزە چەکدارە جۆر بەجۆرەکانی ڕژێم دەتەنرێت — (ناوبراو) بە (داود) دەڵێت (بێنە دەمانچەکەت بدە من خەمی مەفرەزەت نەبێت).

بە حیساب ناسنامەی وای لایە دەتوانن بەئاسانی لە مەفرەزەکە دەرچن. هاوڕێ (داود) یش لە وەلاّمدا پێی دەڵێت (چیە چەکم دەکەیت) (ناوبراو)یش دەڵێت (عەیبە قسەی وا مەکە ), ئیدی ئەویش یەکسەر دەمانچەکەی دەداتێ و دەگەنە ناو مەفرەزەکە، (ناوبراو) و شوفێرەکە خۆیان لە سەیارەکە فڕێ دەدەنە خوارێ- دیارە ئەوە کۆدی نهێنییەکەیان بووە لەگەڵ چەکدارەکانی ڕژێم- مەفرەزەکەش یەکسەر و بە کۆمەڵ لولەی تفەنگەکانیان دەکەنە ناو سەیارەکە و بە ئاسانی هەردوکیان دەست گیر دەکرێن و دەستیان دەبەستنەوە و لە سندوقی سەیارەیەکی دیکە باریان دەکەن, لەناو سندوقی سەیارەکە هاوڕێ (داود) تەرمی هاوڕێ (سەرباز) دەبینێت, -دیارە ئەوانیان پێشوتر بردبوو-, ئیتر ئەوانیش دەگوازنەوە شوێنی مەبەست

هەرچی هاوڕێیان (سەرباز و عادل و عەبدولقادر و عەلاء) دەبن، ئەوا هەموویان بە یەک سەیارە دەبەن بۆ شوێنی دیاری کراو, لەوێ کە پیپسی و ماستاویان بۆ دێنن، هاوڕێ عەلاء - کە قوتابی کۆلیژی زراعەی بەغدا بوو هاتبوو پەیوەندی بکات- هەر دوای خواردنەوەی کەمێک لە ساردییەکە وەک خۆی بۆ ( یەحیا ) ی گێڕابۆوە زانیبووی ساردییەکە دەرمانی تێکراوە، بۆیە یەکسەر دەڵێت ( رفاق های مخدر ) واتە هاورێیان ئەوە بێهۆشکەرە و رادەکات بۆ دەرەوە یەکسەر هاوڕێیان (سەرباز و عادل) کە تفەنگەکانیان لێیانەوە نزیک دەبێت دەستیان دەدەنێ و ئەوانیش رادەکەنە دەرەوە تەقە دەست پێدەکات، بەڵام چونکە ئەو دەور و بەرە هەمووی بە هێزی ئەمن دەور دراوە و گیراوە ئەوەندەی بتوانن تەقە دەکەن و خۆیان و هاوڕێ (عەبدولقادر) دوای شەڕێکی کورتخایەن لەو دەوروبەرە شەهید دەبن, دوای کوشتنی عەریفێکی ئەمن و بریندارکردنی دوو یان سێ ئەمنی دیکە کە لە -کاتی لێپرسینەوە و دادگایی کردنیان وەک تاوانی ئەوان خوێندرا بۆوە- هەرچی هاوڕێ (عەلاءی عەرەبی نەشارەزای هەولێر) بوو قورتار دەبێت، بەڵام چونکە نەشارەزا بووە, ماوەیەک لەگەڵ خەتی سکە کە ئەو کات بە شوێنی جادەی دوو سایدی نێوان (عەدالەی کۆن و نوێی ئێستا) دا دەڕوات تا دەگاتە چۆلی -واتە لەترس دەردەچێت- ، چونکە نەشارەزا بووە ناچار دەگەڕێتەوە بەرەو شار و لەناو ماڵەکانی (گەڕەکی عەدالە) خۆی دەکات بەماڵێکدا و وەزعی خۆی بۆیان باس دەکات و دوای کەمێک ئەویش لە هۆش خۆی دەچێت .

کاتێک بەئاگا دێتەوە وا بەدەست بەستراوی لە نەخۆشخانەیە و دوای ماوەیەک (ناوبراو) دێت و دەیناسێ و دەڵێت ئەوەش بهێنن.

سەیر لەو رێككەوتە و عەكسییە، خۆ ئەگەر كوردێكی شارەزای هەولێر بوایە بێگومان دەربازی دەبوو, ئەوكات هەموو راستیەكان هەر زوو بۆ ئێمە ئاشكرا دەبوو.

ئیتر بۆ بەیانی هەموان دەگوازنەوە ( ئەمنی عامەی بەغدا ) دوای چەند رۆژێك دەست دەكەن بە لێكۆڵینەوە لەگەڵیان و دوای زیاتر لە شەش مانگ لە دادگای شۆڕشی بەغدا (مەحكەمە سەورە) و لە زیندانی ئەبو غرێب لە ( ٥ / ٦ / ١٩٨٥ ) حوكمەكەیان بەسەردا جێبەجێ دەكرێت.

شایانی باسە (هاوڕێ عەباس) هەر لەو كاتەوە لە هیچ شوێنێك هیچ شوێنەواری نییە تا ئێستاش تەنیا ئەوەندی كە لە دەمی( شەهید بڕیار) زانراوە كە لە كاتی خواردنەوەی ساردییەكە بەدەمدا كەوتووە.

بەڵام شتێك هەیە بە پێویستی دەزانم لێرە باسی بكەم ئەویش لە دوای ئەو كارەساتە بە چەند رۆژێك من و (یەحیا) چوینە ماڵی مام (حاجی حەمەد مامی شەهید بەكر جۆلا) كە ئەو كات كاری مەیتشۆری و شاردنەوەی دەكرد لە خەستەخانە و قەبرستانی ( معمل قیری هەولێر ) واتە بەرەسمی كرێكاری حكومی تایبەت بوو بۆ ئەو كارە.

لە دوای قسە و باس بە ئێمەی گوت ( ئەورۆ لە خەستەخانە جەنازەیەكم شوشتیە كە دائیرەی ئەمن ماوەیەكە هێناویەتی و بەیانی هەر ئەمنەكان بەسەیارەی خۆیان دەیهێنن بۆ قەبرستانی ( معمل قیر ) بۆ شاردنەوەی, ئێوە یان هەر كەسێك دەتوانێت بێت و داوامان لێبكات و بڵێت ( ماوەیەكە نەفەرێكمان بزر بووە دەمەوێ بزانم ئەو جەنازەیە هی ئەو كەسەی ئێمە نییە), ئەو وەختە منیش بە ئاسانی و بێ موشكلە سەری دەكەمەوە و پێتانی نیشان دەدەم, ئەگەر

ناسیتان یان نا هەر بڵێن هی ئێمە نییە ,تەنیا ئەگەر ناسیتان شوێنەکەی نیشان بکەن بۆ خۆتان.

ئەو کات ئێمە هیچ شکمان لە جەماعەتی خۆمان نەبوو، چونکە چەند رۆژێک بوو بزر ببوون، بەڵام شکمان لە تەرمی (شەهید ملازم ئارام) بوو هەر ئەو هاورێیەمان لەو ماوەیە شەهید ببوو, هەرچەندە (مام حەمەد) وەسفێکی زۆر جوانی ئەو تەرمەی بۆ کردین, تەنانەت جل و بەرگ و پشدێن و رەنگ و روخساری ئەوەندە جوان وەسف کرد من شکی تەواوم بۆ (هاورێ عەباس) چوو , وەسفەکەی ئەوندە جوان بوو بە شێوەیەک بوو تەنیا ناوەکەی نەگوت، چونکە نەیدەناسی, دەنا هەموو وەسفەکە ئەو بوو, هەروەها گوتی هیچ شوێنەواری گولله و شتی وای بەسەر جەستەیەوە نییە وەک ئەوەی بە مردنێکی ئاسایی مرد بێت.

من زۆر شکم بۆ ئەوە چوو دەبێت (هاورێ عەباس) بێت، چونکە ئێوارە کە لە ماڵی ئێمە دەرچوون ئەو جل و بەرگەی لەبەر بوو کە (مام حەمەد) باسی دەکرد, بە دەستی خۆم قەمسەلەکەم بۆ هێنا, کە لە کاتی هاتنەوەیان بۆ شار لە ماڵی ئێمە بەجێی هێشتبوو. بەهەرحاڵ لە ماڵی ئەوان هەتا چوینە (شوقەکانی ئیسکان) کە ماڵی (مامی شەهید ئارام) ی لێبوو بە حیساب ئەوە رەنگە تەرمی (شەهید ئارام) بێت، بەڵکو ئەوان یەکیان بێت و بیناسێتەوە و شوێنی گۆڕەکەی بۆ خۆیان نیشان کات ، هەموو مەسافەی ئەو رێگایە من هەر فکرم لای وەسفەکەی (مام حەمەد) بوو, چەند جار بە کاک (یەحیا)م گوت ئەو وەسفە هی (هاورێ عەباسە)، باشترە بەیانی وەک ئەوەی (مام حەمەد) بۆی دانابووین خۆمان بچین بۆ قەبرستان و بەدواداچونی بۆ بکەین، بەڵام کاک (یەحیا ) لەبەر دوو هۆ رازی نەبوو ئێمە

بچین یەكەم: مـن ئەو كـاتە ( متخلف عسكری ) بـووم رەنگە لەوێ كـاتی ئەمنەكان دێن توشی شتێک بم دووەمیش با كەس و كاری (هاوڕێ ئـارام ) ئەو كارە بكەن بە حیساب ئەوان خاوەنی مەسەلەكەن.

ئیتر كە گەیشتینە ئەوێ كاك (یەحیا) چووە ماڵەكە، منیش لەدەرەوە وەستام تاكو هاتەوە دیار بوو توڕە ببوو، چونكە بەدەنگیەوە نەهاتبون و رەتیان كردبۆوە ئەو كارە بكەن.

لە گەڕانەوە دیسان مـن پێداگریم كـرد، بەڵام ئەو بە بەهانەی پێشـوو رێگری كرد و كارەكە نەكرا.

((ئێستاش دلنیام ئەوە تەرمی (شەهید عەباس) بوو، هەرچەندە بەهانەكەی كاك (یەحیا) راست بوو كارەكە بۆ ئێمە پر مەترسی بوو، بەڵام ئەگەر بچووباین هەمـوو شتێكمان بۆ ئاشكرا دەبوو رەنگ بوو رووداوەكان ئاراستەیەكی دیكەی وەرگرتبوایە)) .

# کۆتایی ( ١٥ )

بەگشتی واهەست دەکەم لە کۆی نوسینی ئەو بابەتە کە وەک گوتم لەناو شوعیەکان بە ( قەزیەی مەمۆ ) ناوی دەرکردووە، بە دوور و درێژی تەواوی وردەکاری رووداوەکانم باس کردووە , بە شێوەیەکی وا کە تارادەیەکی باش توانیتم خوێنەر بە مەسەلەکە ئاشنا بکەم و زۆر لایەنی نادیار یان باس نەکراوی بۆ هەموان بەیان بکەم .

بە حوکمی ئەوەی باسەکە لەسەر (فەیسبوک) بلاو بۆوە زیاتر وەک مێزگردێکی گەورەی لێهات و هاورێ و دۆست و برادەرێکی زۆر چ بە کۆمێنت چ بە نامە راو سەرنجەکانیان کە هەندیکیان بۆ منیش تازە بوون، بەشدارییەکی گرنگیان کرد لە زیاتر رۆشنکردنەوەی رووی راستەقینەی پیلانگێڕی و (خیانەتەکەی مەمۆ) .

بێگومان لەو ماوەیەی کە باسی رووداوەکانم تێیدا کردووە، نزیکەی دە مانگ دەبێت رەنگە لە هەندێک شوێن پاش و پێشی شتەکان کرابێت یان هەندێ شت هەر باس نە کرابێت جا بە هەر هۆیەک بوو بێت ، کە جگە لە پیلانگێڕیی دەستگیرکردن و شەهیدکردنی ئەو هاورێ پێشمەرگانە و هاورێیانی رێکخستن کە ناوم هێناون یان بە درێژی باسم کردوون ، شتی دیکەی گرنگ و دیار لە هەولێر روویاندا لەوانە.

بەسەردادان و شەهید کردنی هاورێ (مامۆستا کۆچەر لە گەڕەکی کۆماری ) , (( کە ئەو کات دەنگ و سەدایەکی ئێجگار زۆری دایەوە، بەتایبەتی لە شێوەی بەسەردادان و بەرەنگاربونەوە و نەبەردی ئەو قارەمانە کە لەو کاتە ئەو نواندی وێنەی نەبووە لە مێژووی شاری هەولێر ئەگەر زیاتریش نەڵێم))

هەروەها بەسەرداان و شەهید کردنی (هاوڕێ پێشڕەو لە گەڕەکی کرێکاران) کە لە هەمـــان کـــات و بە هەمـــان شـــێوە دەنگێکـــی زۆری دایەوە.

ئەو دوو رووداوە هەرچەندە کاریگەری زۆریان کردە سەر ڕێکخستنەکانی ( حشع ) لە هەولێر، بەڵام بەهۆی ئازایەتی و دەست کردنەوەی ئەو دوو هاورێ گیانبازە جگە لە دوو جەستەی بێ گیان، هیچی تر نەکەوتە دەست پیاوانی رژێم کە بە حیسابی خۆیان دەیانگرن و نهێنی زۆریان دەکەوێتە دەست.

بەهەرحاڵ وەک گوتم رەنگە شت مابێت تۆمارم نەکرد بێت، دڵنیا بن بە ئەنقەست نەبووە یان نەمزانیوە یان رەنگە بەسەرم داتێپەڕی بێت، بۆ ئەو حاڵەتە داوای لێبوردن دەکەم، چونکە دەزانم و هاوڕێیەکیش لە کۆمێنتێک نوسیبوی ( چەندان فەرهاد رەسولی دیکەمان هەبوو ) بەڵێ بێشک وایە لەو کاتانەی باسم کردوون و پێشتر و دواتر دەیان ( فەرهادی ) دیکە هەبوون کە هەردەم ئامادە بوون گیانی خۆیان و ماڵ و منداڵیان لە پێناوی ئەو حیزبە بەگشتی و ئەو مەسەلەیە بەتایبەتی بخەنە مەترسی، بەڵام بە هۆی بە دوادانەچونی لایەنی پەیوەندیدار لەو حیزبە دەور و رۆلیان بزرە , خۆ ئەگەر ئەو کارەش من خۆم پێی هەڵنەستابام هەر وەک ئەوانی دیکە بزر و دیزە بە دەرخۆنە دەمایەوە , بە دەلیلی ئەوەی زیاترلە ٣٣ ساڵە کەس لەو حیزبە خۆی لەو مەسەلەیە نەکردۆتە خاوەن وەک ئەوەی هەر پەیوەندیشی بەوان نەبوو بێت , من تا ئێستاش لە هیچ بۆنەو کۆڕ و کۆبونەویەک یان لە میدیای ( حشع ) بەگشتی بە بینرا و بیستراو نەمدیوە وەنەشم بیستووە کە باسی ئەو کارەساتە گەورە و پر ئازارە کرابێت یان قارەمـــانیەتی و خـــۆڕاگری ئەو هاوڕێیـــانە بەیـــادبهێننەوە چ لە ژیـــانی پێشمەگایەتیان و چ لە خۆڕاگری و ورە بەرزیان لە زیندان و رووبەڕوو بونەوەی جەلادەکان و نەدرکاندنی ئەو ماڵ و ئەو کەسانەی کە هاوکاریان کردوون , بە

دەلیلی ئەوەی تاکە یەک کەسیش نەگیرا کە لە زمانی ئەوان ناوی درابێت، سەرەڕای ئەو ئەشکەنجە و ئازاردانە زۆرەی کە بەرامبەریان کرابوو لە زیندان ( بە قسەی ئەو هاوڕێیانەی کە لە گەڵیان بوون دواتر بەربوون )

## ناوی دەستگیرکراوەکان

کـــۆی گشـــتی ئەو هاوڕێیـــانەی لە رووداوی (خیـــانەتەکەی مەمـــۆ) دەستگیرکران و بەیەکەوە وەک گروپێک حوکم دران کە ( بە قسەی یەک لە زینـدانیەکان ) لە کـاتی هێنـان و بردنیـان بـۆ دادگـا و تەنـانەت رۆژی حـوکم دانیشیان بە گروپی ( مجموعە کاکل ) بانگ دەکران و ناسرابوون ژمارەیان ( ١٩ ) نۆزدە کەس بـوو واتە ئەوانەی بەیەک پەروەنـدە ( ملف ) لێکۆلینەوەیـان لەگەڵ دەکرا و دواتر حوکم دران نەک هەموو ئەوانەی ( ناوبراو) بەگرتنی دان , یـان بـووە هـۆی شـەهیدکردنیان کە ژمـارەکە زۆر لەوە زیـاترە، بەڵام مەبەسـتی ئـێمە هەر ئەو کـۆمەڵە هـاوڕێیەیە کە بەیەکەوە و بە کردەیەکـی ئەمنـی زۆر گەورە کە لەلایەن ( ئەمنی عامەی بەغدا ) پلانی بۆ دانرا و جێ بەجێ کرا بە هاوکاری ( ئەمنی شیمالی ) لەناو شاری هەولێر لە ئێوارەی ( ١٠-١١ / ١١ /١٩٨٤ ) لە گەڕەکـــی عەدالە  بە دەســـتی (مەمـــۆی خیانـــەتکار) و بە هاوکاری خەڵکی دیکە تەسلیم کران کە ئەوانیش:

## مەفرەزەی هەولێر

١ -عباس محمد اومر ( عباس)

٢ -کاکل محمد رسول ( بڕیار )

٣ -ادهم عثمان محمد ( داود )

٤ -فاضل سعدی بهاءالدين ( سەرباز)

٥ -طالب يابه محمد ( عادل )

٦ -عبدالقادر عزيز قادر

٧-عبدالحميد عبدالقادر امين

٨ -علاء حسين على

## مەفرەزەی بەرانەتی

١ -عباس عبدالله خضر ( سەرباز )

٢ -جعفر على خضر ( رێبوار )

٣ -صلاح احمد على ( دلۆڤان )

٤ -كمال شيخ محمد قادر ( دلشاد )

٥-شێرزاد مجيد محمد

٦ -على عثمان محمد

٧ -فهد الياس هرمز ( فرهاد )

٨ -زهير بهنام اوسا ( نەبەز )

٩ -موسى يونس گزار (فكرت )

## رێکخستن

١ -عبدالله اسماعيل عبدالله

٢ -يحى عثمان محمد

شایانی باسە کە چوار لەو هاوڕێیانە لە کاتی دەستگیرکردنیان شەهید دەبن کە (هاوڕێ عەباس )هەر بە خواردنەوەی دەرمانە بێهۆشکەرەکە دەکەوێ و

گیان لە دەست دەدات, (هاوڕێیان سەرباز ، عادل ، عەبدولقادر ) بەشێوەی شەڕ و پێکدادان بە چەک شەهید دەبن, بە گوتەی سەرۆکی (بەناو دادگا) کە لە کاتی بڕیاری دادگا خوێندبوویەوە .

هاوڕێیانی دیکەش یازدەیان حوکم دران بە لە سێدارەدان و چواریشیان بە زینـــدانی هەتاهەتـــایی دواتـــر بەر لێبـــووردن کەوتـــن و بەردران.

لێرە دەکرێ بڵێین ئەو کردە ئەمنییە گەورەیەی کە بە دەسیسەی سەرەکی (مەمۆی تاونبار) ئەنجام درا کاریگەرییەکی ئەوتۆی کردە سەر حیزب مەگەر هەر لە ساڵی ١٩٦٣ بەسەر ( حشع ) هاتبێت, بە جۆرێک بێ متمانەییەکی ئەوتۆ کەوتە ناو ڕێکخستن و هێزی پێشمەرگەی ئەو حیزبە هەمووی لێک کەوتبوونە گومان, بەتایبەتی لەناو شار کە ئەوەش مەرامی ئەمن و موخابەراتی بەعس بوو جگە لە شەهید بوون و دەستگیرکردنی ئەو هەموو کادیر و فەرماندە عەسکەرییە و لەبەر یەک هەڵوەشانەوەی ڕێکخستن. لەهەمان کاتدا ئەو کارە بووە هۆی ئەوەی کە چەند کەسێک بکەونە بەر لێپێچینەوە و سزادانی حیزبی و عەسکەری کە بە بڕوای من ناڕەواییەکی زۆری تێدابوو، بەتایبەتی لەلایەن کەسانی کە دژ بە وەرگرتنەوەی (ناوبراو) بوون, هەتا کار گەیشتە ئەوەی گورزی گەورەیان بەرامبەر نەیارانی خۆیان بە ناڕەوایی وەشاند و خەڵکانێک بەبێ تاوان بوونە قۆچی قوربانی وەک هاوڕێیان (مام ئەحمەد عەوێنە ، محەمەد سمایل), کە من دڵنیام لە پاکی هەردووکیان لەو ڕووداوە بە تایبەتی هاوڕێ (مام ئەحمەد عەوێنە) کە کادیرێکی بە توانا و پێشکەوتووی حیزب و ناوێکی دیاری ئەو حیزبە بوو لە هەولێر , کە دائیرەی ئەمن هەوڵی زۆریان دا بۆ دەستگیر کردن و لەناوبردنی ، بەڵام بەهۆی زیرەکی و وردبینی و لێکدانەوەی خۆی و هەست کردنی بە خەتەرەکان نەیانتوانی زەفەری پێببەن،

بەڵام سەرکەوتووبون لەوەی لەناو حیزب لە ڕێگای پڕوپاگەندەکانیان ئەوەی بەسەربهێنن کە بەسەری هات, ئەوە بە گوێرەی ئەوەی کە لە ناو فایلەکانی دائیرەی ئەمن دوای راپەرین دەست حیزب کەوتن بەو شێوەیە باسی دەکات کە گوتمان .

شایانی باسە لەو ماوەیەی خەریکی نوسینی ئەو یادەوەرییە تاڵە بووم، بۆم دەرکەوت کە کەس و کاری ئەو پۆلە شەهیدە چەند دڵگرانن بەوەی ئەو ماوە دوور و درێژە نە حیزب و نە کەسێک خۆی لەو کارەساتە نەکردۆتە خاوەن, بەشێوەیەک لە دوورترین شوێنی دونیا پەیوەندیان پێوەکردووم و دەست خۆشیان لێکردووم بۆ ئەو کارە و ئامادەیی هەموو هاوکارییەکیان نیشان داوە, ئەوە لە کاتێکدا بەوانم گوتوە و لێرەش دەیلێم من تەنیا ئەرکێکی سەرشانی خۆم جێبەجێ کردوە و ویژدانی خۆم ئاسودە کردووە بەرامبەر هاوڕێیان.

# بەســـەرهـــاتـــی شـــارێـــک

## بێستوون



سی و ســێ ســاڵ بــەر لە ئێســتا پــۆڵێ کـــەوی ســـەرشاخان لە شـــەقەی بالیانـــداو بەرەو شـاری، ناخیـان تـاقگەو کانـــی بـوو ،ڕوخسـاریان کوێستانی و ڕەنگیان خاکی بوو پێکرا ،نەغـمەی ئازادیـان بۆ بەهـارو جوانی سروشت دەچڕی ئەوان هـاتن ئاسـمانی شـار لەئـامێزی گـرتنەوە قـــەلاش هێلانەی بۆ چێکردن....

زەمەن تێپەڕێ و وەرزەکـان مالئاواییـان دەکـردو کـۆچ و بـاری ڕەوەنـدانیش بەرەو کوێسـتانەکان بەڕێ کـەوتـن...بەلام... .ڕەوە کەوی شـاخەکان .بەدەم ڕەشـەباوە .لە چاوان وونبوون...

کەســێ ســۆراخی نەکـردن قاسـیدێ نەهـات حکـایەتی کـۆچی بـێ وادەیـان بێنـێ...ئەوێ سـالێ لە هەشـتاکانی سـەدەی ڕابردوو لاوێکـی خـوێن گەرمـی ئەو شـارە لە تەمەنێکـی زۆر گەنجیـدا .لەخەمـی کـۆچی ئەو ئـازیزانەدا بڕیـاری دا دیرۆکی وونبوونی ئەو شۆڕە سوارانەی ناو شار بنوسێتەوە.

کات گوزەر دەکاو خەمی لەدەستدانی ئەو پێشمەرگانە لە دەفتەری یاداکانیا دەنوسێتەوە...

فەرهـــاد مەزنتـــر دەبـــێ و خەمـــی لەدەســـتدانی هاوڕێکـــانی دلـــی زامـــدار دەکەن.کەسـیش هەوالـی بێسـەرو شـوێنی پێشـمەرگەکان نـازانێ......لەو شـارەدا

سالانێکە مرۆڤەکان هەمیشە پرسیار لەیەکو دوو دەکەن ئەو قارەمانانە چۆن شەهید کران؟

...بۆ بێدەنگی لێکرا... هاورێ چەتۆ شەو رۆژ هەر بیردەکاتەوە لە هەولی نوسینەوەی هەوالەکانە نیازیەتی دیرۆکێکی وونبوو لەیادچوو زیندوکاتەوەو تا...رۆحی پێشمەرگە شەهیدەکان شاد بکاتەوەو ئارامیەکیش ببەخشێتە دڵی شارو رەنجدەران ...ئەو کاتی پێشمەرگەکان بێسەرو شوێن دەکرێن..ژیان بۆ فەرهادی سەخت ودژوار دەبێ بۆیە بریار دەدا شار جێبێلێ دەبێتە پێشمەرگەو پەیمان دەدا پەیامهەلگری هاورێ شەهیدەکانی شار بێت و ئەو چیرۆکە نهێنیەش لەگەل خۆی هەلدەگرێ و لەخەباتی سەختی پێشمەرگایەتی بەرجەستەی دەکا..سالە سەختەکانی پێشمەرگایەتی شایەتحالی جوامێری وئازایەتی و بوێری هاورێ چەتۆ یە چۆن رێبازی هاورێکانی گرتبوو...دوای چەندان جار لەشەری مان و نەمانە .فەرهاد سەربەرزانە ژیاو لەرۆژی ئازادی نیشتماندا.جارێکی تر فەرهاد بەباوەشی شار شاد دەبێتەوە.کات تێدەپەرێ و چیرۆکە نهێنیەکەش لەناخی گەورەتر دەبێ....دواجار بریار دەدات دوا کۆتایی نوسینەکانی و وێرگەکانی شەهید بوونی هاورێکانی بە پانزە زەنجیرەی رۆمان ئاسا پر لە ئازارو سەرنج راکێش خوێنەر بخاتە دۆخێکی سەرسورمان و چاوەروانی زنجیرە یەک بەدوای یەکەکانی .داستانەکە...... ..نۆبەرە نوسینێکی لەم چەشنە لەدەمی تێکۆشەرێکی ناو شارو پێشمەرگەیەکی شاخ

رۆحی شە هیدە سەربەرزەکان شاد.

من دیسان دەستخۆشیت لێ دەکەم ....هیوای سەرکەوتن و ژیانێکی ئاسودەت بۆدەخوازم....فەرهادەکەی ناوشارو ،،هاورێ چەتۆی پێشمەرگە..،،،

١٣..٥...٢٠١٧

# بێدەنگی ناكرێ

## خوێندنەویێ بۆ یاداشتەكانی هاوڕێ ( چەتۆ )

**هیوا رەش**



تا ڕۆ دەچومە نێو خوێندنەوەی ئەم یاداشتە تراژیدیە ، زیاتر موچڕكە جەستەی دەتەنیم و گەلێ جار ڕایدەچڵەكاندم و هەندێ جاریش تەزوی ئازاری ناخ هێندە سەری دەكرد دەبوە فرمێسـک و تنـۆک تنـۆک بە لا ڕومەتەكانمـدا شـۆڕ دەبـونەوە و ناچاریـان دەكـردم دەست لە خوێنـدنەوەی هەڵگرم ، تـا بەری چاوەكـانم لێڵایـی دەڕەویەوە و دوبـارە دەستم بە خوێندنەوەی دەكردەوە سەربوردەی چارەنوسی خوێناوی كۆمەڵە لاوێ جگە لە نیشتمانپەروەری هیچ تاوانێكیان نەبو ، كە بە كارەساتێكی جەرگبڕدا گوزەر دەكا ویژدانم دەوێ نەلەرزێ و كەسێكم دەوێ خۆ لە هەمبەری ڕاگرێ ، بە تـایبەتی ئێمەمانـان كە هـاوبیر و هاوڕێبـاز و هاوخەبـات و هاوسـەنگەری یەكدی بوین ، بێگومان وێنا كردنی ئەو كارەساتە لە خەیاڵ چوە كە زیاتر لە گێڕانەوەی ئەفسانەیەكی كۆن یان فلیمێكی ناواقیعی سەرنجڕاكێش دەچێ لە لایەن كاكە ( چەتۆ ) وە ، لە شاكارێكی ئەدەبی دانسقە و دەقێكی شانۆیی دەگمەن دەچێ ، بۆیە كاتێ بەشێكی بڵاو دەكردەوە بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی بەشی داهاتوم دەكرد ، هێند بە كارامەیی ڕەفتاری نوسینی تێدا بەرجەستە بو ،

گەر کـاکە ( چەتـۆ ) بـرادەر و هـاوڕێم نەبـوایە هەرچـیم لە دەسـت بهاتبـایە ئەنجامم دەدا تا خۆم دەگەیاندێ و بە خزمەتی دەگەیشتم و لە نزیکەوە دەمناسی ، بەڵام کە دەشیناسم نوسینەکەیم لا بەپێزترە ، چونکە بێ پەردە و بێ تـرس و ڕاستگۆیانە لە دەرگاکانی داوە ، ئەمەش ئەوەندەی تـر گیـانێکی زینـدوی وەبەر نوســـــــــــــینەکە خســـــــــــــتوە...

لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا ، سەرنجێکی زۆر گرنگ و هەستیارم لا گەڵاڵە بـو ، کارەسـاتێ بەو گەورەیـیە و بە خـوێنی چەنـدین هـاوڕێی قارەمـان و لە نێو جەرگەی شاری هەولێر و لە سایەی دڕندەترین ڕژێمی فاشیزمدا و ٣٠ ساڵ پتر لەمەوبەر ڕوی دابـێ ، بـۆچی هەتـا کـاکە ( چەتـۆ ) بـوێرانە لە تـاریکیەوە نەیخستە بەر ڕوناکی کەس باسی لێوە نەکردوە ؟؟، گەر باسیشی لێوە کرابێ بە لێوە لاقرتێوە بوە ، بە تایبەتی لە لایەن ئەوانەی لە سەرەوە دانیشتبون و لە تەڕ دەلەوەڕیـن و لە وشـک دەخەوتـن , تۆ بڵێێ ئەم ماسـتە مـویەکی تێدا نەبێ!

تـا زیـاتر دەچـومە قـوڵایی خوێنـدنەوەیەوە ، تەمـی گومـانێکی نەخوازراو چڕتـر باڵاپۆشم دەبو ، هەسـتم دەکـرد نهێنیەکـی شـاراوە لە دوتـوێی بـابەتەکەدا گینگڵ دەدا ، نە کاکی نوسەر و نە مـن و نە تەواوی خـوێنەران گرێکەیـان بـۆ نـاکرێتەوە ، مەگەر لە بـاوڵی ڕەشـی سـەرانی ئەو دەمەی حـزبەکەدا وەچنـگ کەوێ ، چـونکە نـالۆژیکیە کە خیانەتکـارێ بەو ڕابـردوە ناپـاکە و پاشـەڵ پیسیەوە چۆن تـوانی دوبـارە خۆی بخزێنێتەوە نێو ڕێکخستنەکانی حزبەکەوە و چۆنی بوێ بەو چەشنە زەبری گورچکبڕی نامەردانەی خۆی بوەشێنێ ؟ کێ لێی بەرپرسیارە و بۆچی لێپرسینەوەی لەگەڵدا نەکرا ؟ ئەم پرسیارانەی دوای خوێندنەوە بۆتە ئازارێکی تا هەتایی ژیانم ، دەبێ هەموان عەودالی وەڵامەکەی بـــــــــــــــین...

بەعسـیەکان لە سـاڵی ١٩٧٩ لە سـەروبەندی هاوپەیمانێتیـان لە ( بەرەی نیشـتمانی و نەتەوەیـی پێشـکەوتوخواز - جبهـة الوطنیـة و القومیـة التقدمیـة ) لەگەڵ حزبـی شـیوعیدا کە پەلامـاری حزبەکەیـان دا ، بـۆچی لە ئەنـدامان و کـادیرانەوە دەسـتیان پـێ کـرد و سـەرانی حزبەکەیـان بـوارد بـۆ ئەوەی یەدەکـی خۆیان وەرگرن و دەرباز بـن ، خۆ دەیانتوانی لەوانەوە پێدا بێـنە خـوار و شاڵاوی تێکشکانی حزبەکەیان باشتر بۆ خۆیـان مەیسـەر بکردایە ، دیـارە لەوێ دەمێوە سەرانی حزبەکەیان لە هەلپەرستی و نەفـامی و خۆپەرسـتیدا لە مەحەک داوە و زانیویانە لە سایەی ئەواندا هەر کاتێ بیانەوێ ، حزبـی شـیوعی دەکەنە خوانی ڕازاوەی زەماوەنـــدی فاشـــیزمانەی خۆیـــان ، بە هەر حـــاڵ...

ئەم نوسـینەی کـاکە ( چەتـۆ ) هەویـرێکە و ئـاوی زۆر دەوێ ، دەبـوایە هەمـو سـاڵێ لەو بـۆنەیەدا بە شـکۆوە یـادی ئەو هاوڕێیـانە بە جۆرەهـا شـێوە بکـرایەتەوە ، هـیچ نەبـوایە بە قەد خانەنشـینی وەزیـری و بەڕێـوەبەری گشـتی خۆیـان و دەسـوپێوەندەکانیان غەمیـان لـێ بخـواردایە ، هەرچەنـدە دەزانـم ئێسـتا شەهیدانەی ئەو قارەمانانە بە موچەی لوسکە ماستاوچیەکانی خۆیان ناگا ، لەو بـاوەڕەدا نـیم بە هەمویـان مـوچەی سەرەکجاشـێکی ئەنفـالچی داڵـدەدراوی پارتی و یەکێتیان بۆ بڕابێتەوە!

متەق لێوە نەهاتن لە هەمبەر ئەم کارەساتە گەورەیە لە کارەساتەکە قێزەونترە...

**تێبینی : تاوانی شەهید کردنی پۆلێ هاوڕێی شیوعی جوامێر لە پیلانێکی تۆکمەی داڕێژراو لە ناوجەرگەی شاری هەولێردا ، ( مەمۆ ) ی سیخوڕ کە سەر بە ڕێکخستنەکانی حزبەکە بوو، کەسی سەرەکی جێبەجێکار بوو...**

# فەرهاد رەسول و زامی کۆنو نوێی هاورێیان

**جاسم خەیلانی**



سـەرەتا بە پێویسـتی دەزانـم پانتاییێـک بـدەم بە نوسـینەکانی بـراو هاورێمـان فەرهـاد ڕەسول ، کە بەم پشوە درێژو مۆراڵە پۆلاینە توانی چەند زنجیرێک لە بابەتەی دڵ تەزێن و کارەسـاتە شـاراوە کـانی مەمـۆی خـائین پێشکەش بکا، بە خانەوادەو هـاورێ و کەسو کــاری ئەم پــۆلە ســەربازە ونبــوە ، کە ســالی ١٩٨٤ مەمــۆی تاوانبــار بە پشتبەستن بە مخابەراتی عێراقی کۆمەڵێک پێشمەرگەی قارەمـانی حزبمـان ژەهراوی بکاتو تەسلیم بەڕژێم بکات ، دواتر هەموو هاوڕێیان حوکمی أیعدامیان بەسـەر دا سـەپێندرا لە لایـانی ڕژێمـی گـۆڕ بە گـۆڕی بەعسـی لە نێوچـو ، شایانی باسە حەفتاکانی سەدەی ڕابردو مەمۆ بەهۆی جاسوسي و مندەستی لەگەڵ بەعس لە ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراق بە بڕیاری سەرکردایەتی حزب دەردەکرێت لە ڕیزەکـانی هاورێیـان دور دەکـرێتەوە ، تـا سـالانی هەشـتا ئەوکـات ئێمە پێشمەرگە بوین لە گەڵ هاورێ شهیدانی دەستی خیانەت لە سالی ١٩٨٢ لە دەڤەری خۆشـناوتی لە گونـدی نـازەنین مەمـۆم دیـتەوە ، ئەوکـات لەگەڵ مەفرەزێکـی پێشـمەرگەی حزبـی سۆشیالیسـت دوای گفتوگـۆ لەگەڵ شـەهید پێشرەو ئەوکات کادری مەنتیقەی بەرانەتی بو ، مەمۆی تاوانبار داوای کردبو

پێشڕەو هەوڵی بۆ بدات تا لە ریزەکانی حزبی شیوعی وەبگیردرێتەوە ، جێگای وەبیر هێنانەوەیە لەوێ من مێژووی مەمۆم وەبیر پێشڕەو هێنایەوە ، لە سالانی ١٩٨٣ تا ١٩٨٤ ئەوکاتە بارەگاکانی هاوڕێیان لە لۆلان و دەراو ناوچەی بارزان بوین ، مەمۆ جارێکیتر خۆی خزاندەوە نێو ڕیزەکانی حزبی شیوعی ، شێوەی وەرگرتنەوەکەی زیاتر کۆنە دۆستو خزمایەتی دەوری خۆی دیت ، کێشە کەوتە نێو هاوڕێیانی قاتع و هەرێمی حزب کە زۆر لە هاورێیان ڕازی نەبون مەمۆ بگەڕێندرێتەوە ، لەوانە نەمر نەجمەدین مامۆ بەئاشکرا کەوتە دژایەتی ئەو بڕیارە تەنانەت لای من خۆی باسی کرد کە ئەو کێشەی بۆ دروست بوە لەگەڵ هاورێیانی تر لەسەر مەسەلەی وەرگرتنەوەی تاوانبار ، لەم کاتو ساتە دا لەلایەکی تر تا دەهاتو شەڕی شیوعی یەکێتی گەرمتر دەبو ، حزبی شیوعی لای خۆی وا نەخشەی کێشابو تۆزێ تاکتیکی عەسکەری خۆی بگۆڕێ بەرانبەر بە نەیارەکانی ، لۆیە بڕیاری دا مەفرەزەی بچوک بچوک ڕەوانەی نێو شارەکان و دەورو بەر بکات ، تەشکیلی یەکەم بەسەر پەرشتی شهید عباس بۆ ناو شاری هەولێر بۆ دەست وەشاندن لە هێزەکانی ڕژێم ، مەفرەزەی دوهەم بە سەرپەشتی دڵشاد کەمال سەیدانی بۆ دەڤەری بەڕانەتی بە چاودێری شهید پێشڕەو بو ، چەند ڕۆژێک پێش وەڕێکەوتن ئێمە هەموومان لە گوندی ئاستە خۆمان بۆ ئەو مەفرەزەیە ئامادە کردبو گفتوگۆ گەرم بو لە بارەی چۆنیەتی جموجۆڵی مەفرەزەکان ، پێش وەرێکەوتن شهید پێشرەو باسی چۆنیەتی و یارمەتیەکانی کرد لە ناوەوە باسی مەمۆی کرد کە دەتوانێ لە ڕێگی خزمانی زرارەتی هاوکاری باشمان بکات ، لەوێ دوبارە ئەوەم بەبیر شهید پێشڕەو هێناوە کە مەمۆ کەسێکی پاک نیە ، ئەم کارە زۆر ئەستەمە ، من لەوێ لەو مەفرەزە دابڕام ڕەنگە هۆکارەکە هەر ئەوە بوبێ کەمن بەشداری ئەو مەفرەزە

نەبوم ، دوای ماوەیێکی کورت دەنگۆی نارەزی رێخستنەکان لە جموجۆڵی مەفرەزەکان گەیشتەوە سەرێ ، بۆ ئەم مەبەستە چەند هەوڵێک بەڕێوە بون بۆ گەڕانەوەی مەفرەزەکان ، بۆ دەرەوەی شار لەوان بەڕێکردنی مەفرەزێک بو بە سەرپەرشتی شهید مەلا عوسمان بو کە هەڵگری ئەو نامەیە بو کە بۆ دەربازبونی هاوڕێیانی پێشمەرگە لە ناو شار لە ڕێگای عینکاوە ،کە بەپەلە شار بەجێ بێلن بەداخەوە کە ئەم نامەیە نەگەیشت ، پەیوەندیەکانی هاورێیانی نێو شارو سەرکردایەتی قاتع نیمچە پچڕاو مابۆوە بێ ئاگای دروست ببو ، دوبارە دەست خۆشی لە هاورێ چەتۆ بەرانەتی دەکەم بۆ ئەم ئەرکو ماندوبونەی جێگای شانازی ئێمەن ، لەم کارەساتە بەندە براو ، ئامۆزاو ، پۆلێک هاورێی گیانی بەگیانی سەردەمی شخ و پێشمەرگایەتی م لە دەست دا، فەرهاد رەسوڵ بڕیاری برای و چەندا هاوڕێی گیانی بەگیانی لەم کارە ناپاكي و خیانتکاریە مەمۆ لە دەست دا

٢٠١٧/٥/١٤

# هاورێ چەتۆ
# دەرگای بەسەر زۆر پرسیاردا کردەوە

**شوکراللە حمدامین سعید**



گێرانەوەی روداوێك لە دوای ٣٣ سال تێپەربون بەسەر روداوەکە لە لایەن کەسێك کە لە نزیکەوە ئاگاداری کۆمەلیك وردەکاری و نهینیەکانی کۆی پرۆسەکە بوە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە کە بە بروای من تێپەر بونی کات لە گرنگی بابەتەکەی لەبیرهێنانەوە کەم نەکردۆتەوە ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك یەکەم گەورەی روداوەکە کە ژمارەیەك کادیرو پێشمەرگە لە رێی دەستیکی خیانەتکارانەوە زۆر بە پەنهانی و نهینی دەستگیرکران و شەهیدکران .دوەم :ئەم روداوە دەرهەق بە ژمارەیەك پیشمەرگەو کادیری حزبێك کراوە ئەم حزبەش دورو نزیك تا ئیستا وەك پیویست خۆی لێنەکردۆتە خاوەن ولای لەم مەسەلە نەکردۆتەوە .

بابەتەکە لای کەس و کاری ئەم پیشمەرگانەو رێکخستەنکانی ئەم حزبە وەك لوخزیك ماوەتەوە ، بۆیە ئەم هەولەی هاورێ چەتۆ وەك هەولێکی تاکە کەسی لە بە دواداچون و گیرانەوەی وردەکاری چۆنیەتی وەرگرتنەوەی مەمۆ بۆ ناو حزب و شیوەی کارو چالاکی ئەم هاورێیانەی کە کەوتنە داوی پیلانەکە و وردەکاری جێبەجێ کردنی پلانەکە بەرچاورونیەکی زۆری دا بەوانەی تا ئێستا لایان رونەبو ، گیرانەوەی ئەم روداوە وەلامی زۆر پرسیاری داوەو دەرگای بەسەر زۆر پرسیاریشدا کردەوە ، منیش بەش بە

حالی خۆم وەك کەسێك لەم رۆژانە لە نزیکەوە ئاگاداری بەشێك لەم رواوانە هەم و چەند جارێك مەمۆم بینی و چەند هاورێیەکیشم لەو هاورێیانەی کە شەهید بون لە مالی شەهید یوسف دەبینی و هەمان تێبینی هاورێ چەتۆم لەسەر شێوەی کاری هاورێیان لە کاری رێکخستن و چالاکی پێشمەرگانەی ئەو پێشمەرگانە هەبو کە ئەو لە گیرانەوەکەی زۆر بە وردی خالە لاوازەکانی ئەم شیوە کارەی دەست نیشان کردوە ، جگە لەمەش هاورێ چەتۆ لە گیرانەوەی ئەم روداوە بە هیچ شێوەیەك نەکەوتۆتە ژێرکاریگەری سۆز و عاتیفەی خزمایەتی و نزیکی لەو هاورێیانە بە تایبەتیش یەکێك لە شەهیدەکان برای خۆیەتی، ئەو زۆر راشکاوانە باس لە رۆل و کاریگەری ئەو هاورێیانە دەکا لە وەرگرتنەوەی مەمۆ بۆ ناو حزب کە بە بروای من ئەمەش زیاتر راستی و باوەری دەداتە گیرانەوەکان، کە دەکرێ ئەگەر بەدواداچون لەسەر ئەم بابەتە بکری ئەم نوسینانەی هاوری چەتۆ وەك سەرچاوە پشتی پێببەسترێ، دیارە ئەوەی لە ناوەرۆك و وردەکاری ئەم نوسینە بۆمان روندەبێتەوە باسکردنە لە قۆناغێك لە خەباتی نهینی پێشمەرگانەو ریکخستنی حزبی شوعی لە ناوەراستی هەشتاکان ، ئەم حزبە کە لە سەرەتای سالی ١٩٧٩ وە دەست بە خەباتی چەکداری و پێشمەرگایەتی دەکا لەو کاتەوە تا سەرەتای سالی ١٩٨٣ گۆرەپانیکی فراوانی بەدەستەوە بو بۆ چالاکی سیاسی و عەسکەری بەس ئەم روداوەی کە هاورێ چەتۆ باسی دەکا هۆکاری سەرەکی بەرتەسك بونەوەی گۆرەپانی خەباتی پیشمەرگانەی بوو بە هۆی شەری ناوخۆوە ، ئەو پرسیارەی لە دەرەنجامی ئەم روداوەوە دەبێ لە سەرکردایەتی حزبی شوعی بکرێ حزبی شوعی بۆ گەیشتە ئەم دۆخە کە گۆرەپانی کارو چالاکی وا تەسك بیتەوە کە ناچاربێ پەنا بۆ کەسێکی وەك مەمۆ ببا کە خەتیکی پەیوەندی و هاتوچۆی بۆ بکاتەوە بەو پێیەی خوارزای عەشیرەتیکی سەربەرژیمی دەست رۆیشتون ، لەوانەیە بۆ ئەو کەسانەی کە مامەلە بەس لەگەل دەرئەنجام دەکەن بلێن جا لەبەر یەکێتی نەیاندەتوانی بێنەوە ناوچەکە، بەلام هۆکار چی بو کە حزبی شوعی کەوتە سەنگەر

بەندی نیوان دوو هێز کە شەری مێژوویان لەسەر دەسەلات و پاوانخوازی بزاڤی رزگاری خوازی نەتەوەی کورد هەبوو حزبی شوعی چ گای لەم گیرە دابوو بە پیی چ پێوەرێك پارتی لە خەتی فکری و سیاسی حزبی شوعی نزیکتر بو تا ئەو سەنگەرە هەلبژێرێ ؟ بەرژەوەندی چینی رەنجدەرو زەحمەتکیش و بزاڤی دیموکراتی و نەتەوەیی چی بوو لەم شەرە؟ براوەو دۆراو کێ بون لەم شەرە کێ بەرپرسیارەتی ئەم هەمو خوێنە هەلدەگرێ لەم شەرە رژا؟ئەم پرسیارانەو دەیان پرسیاری تر لەسەر ناوەرۆکی ئەم روداوە دێتە پێش کە بەبروای من ئەمە هۆکارێکە لەوەی **٣٣** سالە بابەتیکی ئاوا گەورە بە نهینی و بە پەنهانی بمینیتەوە، دیارە ئەمە تاکە روداوی خیانەتکردن نیە لە مێژوی بزاڤی سیاسی حزبی شوعی و حزبەکانی تریش ، ژمارەو زۆری و کەمی قوربانیانی دەست خیانەت لە جەوهەری کاری خیانەتکارانە ناگۆرێ خیانەت هەر خیانەتە ئەگەر قوربانیەکە یەك کەسیش بێ دەبێ بەسەریەوە نەچێ ، هاورێ چەتۆ دوای **٣٣** سال ئەم بابەتە دەورژێنێ دەبێتە قسەو بابەتی گەرمی هاورێ و هاوسەنگەرانی ئەم شەهیدانە لە کاتێکا دەبو ئەم حزبە تا سالی ١٩٩٢ و دروست بونی حکومەتی هەرێم لەسەر ئاستی بالا سنور دانان بۆ کەسی خیانەتکارو خۆ بە خاوەن کردن لە خوینی شەهیدان بابەتی هەرە زیندوی ناو سیاسەتی حزب بوایە ، لە دوای ئەم بەروارەش واتە دوای دروست بونی حکومەت و پەرلەمان هەولی ئەوە بدرایە لە ریگەی دەرکردنی یاسایەکی تایبەت و کردنەوەی دۆسیەی تایبەت بۆ هەر خیانەتکاریك بکرایەتەوەو حزبەکان داواکار بونایە لە جولاندنی داوا لەسەر کەسانی خیانەتکار ، لە هەمو حالەتیك هاورێ چەتۆ کارێکی باشی کرد لە بیرهینانەوەو گیرانەوەی ئەم روداوەو دەکرێ هەر یەك لە لای خۆی و ئاگاداری هەر کارێکی خیانەتکارانەی لەم شیوەیە بینوسیتەوەو لە کۆتایدا کۆبکرێتەوەو چاپ بکرێ و وەك دۆسییەکی خیانەتکاری لە میژووی بزاڤی سیاسی کاری لەسەر بکرێ.

# خیانەتەکەی مەمۆ..

**عمر خدر کاکیل**



من پێم باشبوو بۆ سالیادی شەهیدانی خیانەتەکەی مەمۆ بۆ مانگی (٦) ی ئەمساڵ، پێکەوە کارێکی شایستە بکەین کە لە ئاست گەورەیی ڕووداوەکە و قوربانییدانی شەهیدەکانی بیت. بۆ ئەم مەبەستە هانام بۆ چەند هاوڕێیەک برد، بە تایبەت ئەوانەی کە لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکە بوون. ئەوە بوو هاوڕێ (چەتۆی بەڕانەتی) و چەند هاوڕییەکی دیکە و کۆمیتەی پارێزگای هەولێری (حشک) ئامادەیی هاوکاریان دەربڕی

ئەوەی من لێرەدا دەربارەی کارەساتەکە دەیگێڕمەوە، لەو گۆشەیەوەیە کە خۆم لەناو ڕووەداوەکە بووم .

ماوەیەکی زۆر بوو چەند مەفرەزەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزب لەناو شاری هەولێر بوون، و چەندین چالاکی جۆراو جۆریان ئەنجام دابوو. من و (ئەیوب کەوڕەبەنی ) کە ئەوکات لە یەک خەلیەی حیزبی بەیەکەوە کاری ڕێکخستنمان دەکرد، پەیوەندیمان لەگەڵ کادیری ناو شار هاوڕێ (پێشرەو) هەبوو. هەر لەڕێگای ئەویشەوە ئاگاداری چالاکیەکانی ئەو مەفرەزانە بووین. بۆ هەندێ چالاکیش من و هاوڕی (ئەیوب حمد رسول ـ فورات) "کە ئیستا لە نەرویج دادەنیشێ" هاوکاریان بووین

ئێمە هاوڕی (پێشڕەو)مان هەندێ جار لە ماڵی خۆیان لە (لەتیفاوە) و هەندێ جاریش لەماڵێ ئێمە لەگەڕەکی (کوران)، دەدیت. ڕۆژێک لە کۆبونەوەیەکمان هاوڕی (پێشڕەو) وتی: "نامەیەکم لە سەرکردایەتیەوە بۆ هاتوە و دەڵی هەوڵبدەن بەزوترین کات هەموو ئەو مەفرەزانەی ناو شار بگەرینەوە بارەگای (قاتع ی هەولێر) لە (بارزان). چونکە هەست دەکەین مانەوەیان زیاتر لەناو شاری (هەولێر) جێگای مەترسیە! بۆیە ئەبێ ئەم هەواڵە بە هاوڕێیان بگەیەنیم و ڕێگای گەڕانەوەیان بۆ دابین بکەین ".

ڕۆژێک هەواڵمان بۆ هات کەهاوڕێیان رێککەوتون کە لە ڕێگای(مەمۆ) بگەڕینەوە بۆ (بارزان). دیاربوو (مەمۆ) بەوەی زانیبوو کە هاوڕێیان بەنیازی گەڕانەوەن، بۆیە خۆی گەیاندبوە هاوڕێیان و پێی وتبون کە ئەو ئەتوانی زۆر بە ئاسانی و سەلامەتی بە ئوتومبێل بیانگوازێتەوە بۆ بارزان. ئەوانیش بە قسەکانی (مەمۆ) باوەڕ دەکەن و بڕیار دەدەن کە لە ڕێگای (مەمۆ) بگەڕێنەوە . شەوێک (ئەیوب) بۆ دیدەنی هاوڕێیان لە ماڵی خاڵی (علی) باوکی شەهید (ڕێبوار) دەبێت کە بە درەنگانی شەوە لەدەرگای دەدرێت. ئەوان کە دەرگایان کردبوەوە، (مەمۆ) یان لێ هاتبووە ژوور کە قاتێکی کری جوانی لەبەر بوو و دەمانچەیەکی چواردەخۆریشی لەبەر پشتێنی نابوو. ئەو هات و دانیشت و خاڵە (علی)یش دوای بەخێرهێنانی ، پێی وت: "کورە (مەمۆ) ئەتو بەو قاتە خاوێن و باوێنە چ بە پێشمەرگان ناچی، ئەترسێم ئەو منداڵانەمان "مەبەستی کوڕەکەی و برازاکەی بوو" بفەوتێنی. (مەمۆ) بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: "نا نا خار (علی) خەمت نەبێ من کارەکانی خۆمم جێبەجێ کردووە. دوای ئەوە بە (ڕێبوار و دلشاد) ی وت من بە ئێوەم نەوت، من دەتوانم بە ئاسانی بە ئوتومبیل بتانگەڕێنمەوە بارزان. ئێوە بۆ خۆتان دەخەنە مەترسی، چەند ڕۆژەک خۆم لێبگرن ئامادەکاریەکان

دەکـەم و بـەڕێتان دەکەمـەوە." دوای ئەم قسـانەی (مەمـۆ) ئـەوان ڕەزامەنـدیان دەربڕی .

هاوڕێ (پێشرەو) کە زانی هاوڕێیان لەگەڵ (مەمۆ) ڕێکەوتون، هەواڵی بۆ ناردن کە بە هیچ شیوەیەک نابێ لە ڕیگای (مەمۆ) بگەڕێنەوە. بۆیە شەوێک لە دانیشتنێکدا لەگەڵ شەهیدان (دلشاد و ڕێبوار) پێی وتن: "(مەمۆ) نە بەرپرسی ئێوەیە و نە ئێوەش مافی ئەوەتان هەیە لەگەڵ (مەمۆ) یەکتر ببینن. وە زۆر بەتوندی سەرزەنیشتی هاوڕێ (ئەیوب)ی کرد کە چاوی بە (مەمۆ) کەوتوە. بەڵام هاوڕێ (ئەیوب) ووتی من بۆ دیدەنی هاوڕێ (ڕێبوار) چووبوم نەك (مەمۆ) . دوای ئەوە هاوڕێ (کمال شیخ محمد قادر سەیدانی) ناسراو بە (دلشاد) کە بەرپرسی سەربازی مەفرەزەی (بەرانەتی) بوو. بریاریان دا بە پێیان بە ڕێ بکەون، ئەوە بوو هاوڕێیان (دلشاد و ڕێبوار و دلۆڤان و سەرباز) بە یەکەوە لە هەولێر دەرچوون و بۆ شەوێ لە گوندی (کەوڕەبەن) لەماڵی باوکی هاوڕی ئەیوب حمد رسول (فورات) مانەوە. بۆیە (ئەیوب) یش بۆ چاوساغیان گەڕابووەوە (کەوڕەبەن .(

شەوی دواتر هەر چوار هاوڕی پێکەوە لەگەڵ (ئەیوب) دەبن هەتا ئەم شوێنەی کە داوای لێ دەکەن کە وەک (ئیسناد) لەسەر گردێکی نزیک شەقامەکە بمێنێتەوە، و دواتر هەر کە ئەوان ڕۆیشتن و لەبەر چاوان بزر بوون، ئەو بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. ئیدی هاوڕێیان بە ڕێ دەکەون و لەسەر ڕێی خۆیان لە شەقامی (موسل) سەیتەرەیەک دادەنێن. سەرەتا چەند سەیارەیەک ڕادەگرن و ماوەیەک قسە بۆ خەڵکەکە دەکەن و سیاسەتی حیزبیان بۆ باس دەکەن. دواتر بەیاننامە و ڕۆژنامەیان بەسەردا دەبەش دەکەن و کەمێک کۆمەک و پیتاک کۆدەکەنەوە و ئینجا بەڕێیان دەکەن. خۆشیان بەرەو (سەیدان) بە ڕێ دەکەون هەتا لەوێ بەرەو بەستۆڕەو دیوین بڕۆن .

پاش چەند ڕۆژێک هەواڵمان بۆ هات کە هاوڕێیان نەیانتوانیوە دەربچن، بۆیە گەڕاونەتەوە ناو (کەوڕەبەن). (ئەیوب) هەر ئەو ڕۆژە گەڕایەوە کەوڕەبەن و لە ماڵی خۆیان چاوی بەهاوڕێیانی کەوتەوە. ئەوان پاساویان ئەوەبوو کە هێزێکی زۆری (یەکێتی) لە ناوچەی بەستۆڕە و دوین و دەشتی هەریر هەیە و بۆ خۆ بە دوور گرتن لە شەڕی یەکێتی نەڕۆیشتون و گەڕاونەتەوە. دیاربوو لە ڕێگاش هاوڕی (ڕێبوار) پێی وەرگەڕابوو و ئازاری هەبوو و وتبوی کە تا ئوتومبیل هەبێت، بە پێ نەڕوات چاکترە. دیارە لە باسکردنی ئۆتۆمبێل مەبەستی پێشنیازەکەی (مەمۆ) بووە. بۆیە دوای چەند ڕۆژێک بوو و دووبارە هاتبوونەوە ناو شاری هەولێر، پەیوەندیان بە (مەمۆ) کردبووەوە تا ئەو بیانگەڕێنێتەوە بۆ (قاتع) ئەوەبوو شەوی ( ١٩٨٤/١١/١٠ ) لەگەڕەکی کوران هاوڕێیان (ڕێبوار و سەرباز) کە لەماڵی سەید نامیق بوون لەگەڵ دوو (ئیلتیحاقی نوێ ) بەناوی (شیرزاد - برای سید نامیق و سید علی ساتوری)، هەموو پێکەوە ڕۆیشتن بەرەو ئەو ماڵەی (مەمۆ) بۆی دیاری کردبوون. (سەید نامیق و ئەیوب) هەتا ئەوێ بە دوای ئەوان دەڕۆیشتن. هاوڕێیان (دلشاد و دلۆڤانیش) لە شوێنی خۆیان گەیشتنە هەمان ماڵ و، دیار بوو (مەمۆ) لەوێ چاوەڕێیان بوو. درەنگی شەو هاوڕێ (ئەیوب) هاتەوە ماڵی ئێمە و کە هاوڕی (پێشرەو) یشی لێ بوو. هاوڕێ (ئەیوب) هەواڵی هاوڕێیانی هێنابوو کە بە سەلامەتی گەیشتوونەتە شوێنی مەبەست و بە مەزندەی ئێمە وتمان لەوانەی بە دوو ڕۆژێک بگەنەوە (بارزان . (

پاش چەند ڕۆژێک هاوڕێ (پێشرەو) هەواڵی لە سەروو بۆ هات کە بۆچی هەتا ئێستا هاوڕێیان نەگەڕاونەتەوە؟ ئیدی لێرەوە پرسیار و گومان و بینەوبەردە دەست پێ دەکات. بە تایبەت لەم ڕۆژگارانەی تێیدابووین کە هەواڵ و نامە گۆڕینەوەی نێوان شاخ و شار هەتا بڵێیت کارێکی دژوار و ئەستەم و درێژخایەن بوو .

بەهەر حال دوای ئەوەی هەواڵمان بۆ هات کە هاورێیان نەگەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان، هاورێ (پێشرەو) ناچار بوو پەیوەندی بە (مەمۆ) وە بکات. سەرەتا وتی کە ئەوان بە کارێکی نهێنی حیزب لە شوێنێکن، پاشان وتی کە ئەوان چوونەتە ناو یەکێتی، دوای ماوەییکی دیکە وتی ئەوان لە حیزب جودا بونەتەوە چونەتە لای (بهاءالدین نوری) "کە ئەو کاتە لە ناوچەی سلێمانی لە حیزب جودا ببووەوە " ئەوە بوو چەند کەسێک ڕەوانەی لای (بهاءالدین نوری) کران ، بەڵام ئەو وتبوی کە شتی وا ڕووی نەداو و کەسێک نەهاتۆتە لای ئەو. دوای ئەوە وەفدێکیش بۆ ناو یەکێتی ڕەوانە کرا ، ئەوانیش ووتیان کەس بۆ لای ئێمە نەهاتوە ..

دوای ئەوە فشاریان لەسەر (مەمۆ) زیاد کرد هەتا چارەنوسی هاورییان ئاشکرا بکات. ئەوە بوو بڕیار درا (سەید نامیق) کە ئەوکاتە سەر بە ڕێکخستن بوو و چەکداری ڕژێمیش بوو و برایەکیشی لەگەڵ پێشمەرگە ونبووەکاندا بوو. (کیژۆ) ی خێزانی (مەمۆ) وەک بارمەتە بگرێت، هەتا (مەمۆ) بە ناچاری چارەنوسی هاورێیان ئاشکرا دەکات. (مەمۆ) کە زانی خێزانی کەوتۆتە بەر مەترسی و هەڕەشە ، دوو نامەی بەو پیشمەرگەکان نوسیبوو، یەکیان بە هاوڕی (ڕیبوار) بۆ هاوڕی (ئەیوب) و ئەوەی تریان بە هاوڕێ (دلشاد) بۆ هاوڕێ (پێشرەو). لە نامەکان پێشمەرگەکان نووسیبویان کە ئەوان زۆر باشن، لە شوێنێکین بە کاری حیزب و باشترە پەیوەندی بە هیچ کەس نەکەن هەتا ئەوان هەواڵ دەنێرن .

ئەم نامانە کەمێک بارودۆخەکەیان هێور کردەوە، بە تایبەتی کە پشتڕاست بووین لەوەی کە نامەکان بەخەتی خۆیان نوسرابوون و هەندێ وشەو دەستەواژەی وا هەبوون لە نێوان دلشاد و پێشرەو و لە نامەکەدا نوسرابوون ، ڕەنگە کەسی تر پێشتر ئاگاداری ئەو دەستەواژانە نەبوویێت .

بـەڵام زۆری نەخایانـد دووبـارە دەنگوباسـی گـرتن و بزربـونی هاوڕێیـان سـەری هەڵدایەوە. بۆیە هاورێ (ئەیوب) ڕاسپێردرا کە بچێتە کۆیە لای (ئایشە گـور) بـۆ ئەوەی ئـەویش لە لای خۆی هـەوڵێک بدات لەگەڵ خوشکی (کانەبی گـەورە) کـە ناوی (فەهیم) بوو. ئەوە بوو هاوڕی (ئەیوب) و (ئایشە گور) پێکەوە هاتنە هـەولێر و بـە یەکـەوە چـوون بۆمـاڵی (فـەهیم) و، (ئایشـە گـور) پێـی وتبـوو کـە ئـەو پێشمەرگە ئازایانـە بزر بووینـە و گشـتیان کـوڕی بنەمـاڵەی هـەژار و شۆڕشگێڕن. ئەگەر هەر شتێک دەربارەی ئـەو مەسـەلەیە دەزانێت بـۆ ڕووسـپی کردنـی براکـەی بەوانی بڵێت. بەڵام (فەهیم) وتبـووی کـە هـیچ شتێک نـازانێ و ماوەیـەک دەبێ (کیژۆ) سەردانی ئەوانیشی نەکردبوو. کەچی ئەوە بەڵێنی بە (ئایشەگور) دا بـوو کــە هەوڵبــدات و ئەگــەر شــتێکی چنــگ کــەوت هەواڵــی پــێ بــدات .
دوای ماوەیەک (مەمۆ) بە یەکجاری خۆی بزرکرد و ماڵەکەشی گواستەوە . دوایی دەرکەوت کە هەموو ئەو هاوڕێیانە تەسمیل بە رژێم کراون و گیراون. ئینجا دوای ئەم کـارەی، ئەو بە دوای کادیرانـەوە بوو هەتـا دەسگیریان بکـات. شـەوێک هـاورێ (پێشـرەو) کـە لـەماڵی ئێمـە بـوو، و وتـی خەبـەرم هەیـە کـە (مـەمۆ) بەدوامەوەیە و خەڵاتێکی گەورەی ئامادەکردوە بۆ هـەر کەسێک کە بەزیندوویی یان بە مردوویی ڕادەستم بکات. منیش پێم وت کە باشتر وایە بۆ ماوەیەک خۆی بشارێتەوە و جولە نەکات. باشترین شوێنیش بۆ ئەو ماڵی ئێمە بوو چونکە (مەمۆ) شـارەزای نەبـوو و بە شـوێنەکەی نـە دەزانـی. بـەڵام ئـەو بـە گیرانـی براکـەی و هاوڕێیـانی دیکە زۆر دڵتەنـگ و پەشۆکابوو، و بـە ڕوونی لـە سیمای دیـار بـوو. هەروەهـا مـن لە نـزیکەوە هەسـتم بـەم خەمـە قووڵـەی نـاو دڵ و دەروونـی دەکـرد . بۆیە (پێشڕەو) هـەر ئـەم شـەوە وتـی کە بـەیانی زوو دەڕوات و کـارێکی گرنگـی هەیە. هەرچەنـدە مـن پـێم وت کـە نـەڕوات بـەڵام ئـەو سـوور بـوو لەسـەر ئەوەی کە

کارێکی گرنگ و بەپەلەی هەیە هەر دەبێت بڕوات. ئیدی درەنگ دا هات و دەستێکی خستە سەر شانم و گوتی " هاوڕێ، لەخەمی مندا مەبە من ناترسم، چونکە چوار یەدەگی دەمانچە و دوو نارنجۆکم پێیە ، پێش خۆم یەک دوو کەسم لە ئەمن و سیخوران هەر پێ دەکوژرێ

ئەوە بوو بەیانی زوو کە لەخەو هەڵسام بۆ ئەوەی بچمە سەر کار، دیتم ئەویش خۆی ئامادە کردبوو. ئیدی نانی بەیانیمان پێکەوە خوارد و هێشتا ڕۆژ هەڵنەهاتبوو وێکڕا لە ماڵ دەرکەوتین.هەرووکمان ئەملاوئەولای یەکترمان ماچ کردوو و من پێم وت کە ئاگاداری خۆی بێت و زوو بگەڕێتەوە. ئەو لە وەڵامدا وتی کە وا دەکات و زوو کارەکەی ڕاپەڕێنێت و دەگەڕێتەوە .

بۆ ڕۆژی دووەم کە لە کار گەڕامەوە لەو کاتەی ماوەیەک لە هۆتێلی شیراتۆن کاری کارەباییم دەکرد، دایکم وتی کە شەوی ڕابردوو لە گەڕەکی کرێکاران شەڕێک ڕویداوە و پێشمەرگەیەک شەهید بووە. من یەکسەر خورپەیەکی کرد و هەستم کرد کە لەوانەیە هاوڕێ (پێشڕەو) بوو بێت. دوای پرسین و بە دوا داچوون بۆمان دەرکەوێت کە هاوڕی (پێشرەو) لە ماڵی ( عوسمانە سور ) بوو کاتێک ئەمن بە چاوساغی (مەمۆ) بەسەر ماڵەکەدا دەدەن و پاش ئەوەی(پێشڕەو) زۆر ئازایانە بەرگری دەکات لە کۆتاییدا شەهید دەبێت. بەڵام (عوسمانە سور ) بەسەر بانی ماڵەکەیان خۆی قوتار دەکات. شەهید بوونی (پێشرەو) هێندەی شەهیدبوونی باوکم کاری لێ کردم

دوای شەهیدبوونی مامۆستا کۆچەریش، ئێمە بۆ ماوەیەکی درێژ لە ڕێکخستن دابڕاین..

# تۆماکردنی یادەوەریی: بەردەوامییەک لە برین و بەرهەڵستاریی

## هەندرێن



دوای دووهەزەراکان بە گشتیی و بە تایبەتیش لەم چەند ساڵەی دواییدا، نووسینەوەی یادەوەریی بوو بە دیاردەیەکی باڵکێش. هۆکاری بە دیاردەبوونی ئەو جۆرە ژانرە لە نووسین لە زمانی کوردییدا، هۆکارگەلی سیاسیی، تاکەکەسیی، ئەخلاقیی هەیە؛ بە واتەیەکی دیکە، مانای بوونی تەرزە تەنگژەیەکی سیاسیی، کولتووریی و جڤاکیی لە پشتەوەیە. کەواتە دەکرێ بڵێین، نووسینەوەی یادەوەریی پەیوەندی بە ئاوابوونی بەهای مێژووی یاخیبوونی بەشێک لەو نەوەیەی هەشتایەکانەوە هەیە کە تەمەنی بە پیشمەرگایەتی لە چیایەکانەوە گوزەراند .لەوەش زیاتر، نووسینەوەی یادەوەریی و ژیاننامەی کەسێتیی مرۆڤەکان، دیاردەیەکی جیهانییە، چونکە لە رۆژگاری ئێستادا، بە واتەی فەیلەسووفی پۆستمۆدێرنی فەرەنسیی، ژان فرانسوا لیۆتار، "حیکایەتە مەزنەکان" واتا شۆرشە بە کۆمەڵییەکان ئاوابوون، بۆیە مرۆڤی ئەمرۆ لە بری ئەوە خەریکی "حیکایەتە چکۆڵەکان"، واتە نووسینەوەی ژیاننامە و سەرهاتی خۆیەتی .لێرەوە دەکرێ نووسینەوەی یادەوەریی لە کن مرۆڤی کورد، بەو دیاردە جیهانییەی رۆژگاری ئێستادا گرێ بدەین، چونکە ئەوانەی لەو چەند

ساڵەی دواییدا کە یادەوەریی دەنووسنەوە، چیتر بەناوی هێزێک یان شۆڕش وەک خۆی نانووسنەوە، بەڵکە ئەوەی کە هانیاندەدا یادەوەرییان بنووسنەوە، چینەنەوەی ئەزمموونی خۆیان؛ "حیکایەتی چکۆڵە"ی خۆیانە لەناو ئاپۆرەی ئەو "حیکایەتە مەزن"نانەدا .بۆیە دەکرێ ئەنجامدانی دیاردەی نووسینەوەی یادەوەریی لە لایەن پێشمەرگەری دێرین، سیاسیەتکارێک لە دۆخێکی سەختی سیاسیی، وەک نموونە، هەشتایەکانی سەتەی رابردووە، وەک چەشنە بەردەوامییەک لە بەردەوامی بەرهەڵستکاریی لە پێناو دەستپێوەگرتن بە بەهای ئەو "شۆڕش_ حیکایەتە مەزن"انە و بەهای هەڵوێست نواندن بەرانبەر دۆخی دارماوی دوای ئەو خەباتە بە کۆمەڵییە بخوێنینەوە، لێ ئەو کردەیە تەنێ لە نووسیندا خۆی بەرجەستە دەکاتەوە؛ واتە بەرهەڵستکاریی لە کردەوە دەبێت بە نووسین و بە گۆ دێت .هاوکاتیش یادەوەریینووس، بە نووسینەوەی ئەزموونی ئەو برین و شکۆییە تایبەتییانەی خۆیەوە، دەخوازێت لەو ئەنجامگیرییەی ژیانی خۆی بهزرێت .لێرەوە ئەو کردەی نووسینەی هاورێ چەتۆ ( فەرهاد رەسووڵ)، تەنێ نووسینەوەی یادەوەریی ئەو "حیکایەتە مەزنە"، واتە خەباتە چەکدارییە نییە کە لە هەشتایەکاندا وەک کەسێکی شیوعی بە گوشت و ئێسقان، واتە گیانبەختکارانە بەشداری تێدا کردووە، بەڵکە نووسینەوەی "حیکایەتی ژیان"ی تایبەتی خۆیشی بە بەڵگە دەکا. بەمەیشەوە دەخوازێت لە ئەنجامگریی ژیانی کەسایەتی خۆیدا رابمێنێت. ئەو رامانە تەنێ بۆ ئەوە نییە، وەک ئەوەی کە لە کن مرۆڤی هەنووکەدا بوو بە باو، خۆی جەختبکاتەوە، بلێ منیش هەم، بەڵکە لە پێناو ئەوەیە، تا جەخت لە عادەلەتیی، یەکسانیی، شکۆمەندیی مرۆڤبنوونی خۆیی و هاورێیەکانیشی بکاتەوە. ئەمەیش جۆرە کردەیەکە، تا ئەزموون لە برینەوە بکا بە شادیی؛ تا یادەوەرییەکی بە کۆمەڵیی شاخ لە بەدەم بیرچوونەوە بکات بە نەمریی. هەر ئەم کردەیە ئێتیکیی،

ئاکار چاکییەیە، کە پێشمەرجێکە بۆ شۆڕشگێڕیی، رووحی بەرەنگاریی بە دژی بەها و برینی شۆڕش بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوازێتەوە .بۆیە لێرەوە ئەو بە دیکۆمێنتکردنەوەی ئەزموونی خەباتی هەشتایەکان، کە من خۆیشم یەکێکم لە شایەدحالی راستەخۆی ئەو ئەزموونە، مایەی خوێندنەوە و فراژاندن و بەشداریکردنی دیوە لە بیرکراوەکان، نادیارەکانی ئەو ئەزموونەیە .ئەم نووسینەی من، کە ستاییشی ئەو ئەرکەی هاوڕێ چەتۆ (فەرهاد رەسووڵ)ە، بۆیە ناخوازێت روونکردنەوە و مشومالکردنی کۆی ئەو ئەزموونەی کە لەم کتێبەدا تۆمارکراون، کە خۆم لەگەڵ بەشێک لەو رووداوانەدا ژیاوم یان ئاگاداریانم، بخاتە روو، بۆیە بۆ خوێنەری هاوئەزموون و ئەوانیتر بەجێدەهلێم .لە کۆتادا، کە کۆتایی نییە، گەرەکە بێژم، ئەو کتێبەی هاوڕێ چەتۆ، هەرچەند بە زمانێکی گێڕانەوەی بە بێ خەیالاندنی ئەدەبی نووسراوە، لێ وێڕاوی ئەمەیش خوێندنەوەی دلکێش و تامدارە، چونکە مرۆڤ بەرەو ئەو رووداوە تاڵ و شیرین؛ لە توانابەدەر و ناسۆرانەوە پەلکێش دەکا، کە خۆی و هاوڕێیەکانی ئەزموونیان کردووە.ئەمەیش وا دەکات وەک حەقیقەتێکی سادە لەگەڵیدا هۆگر و هەندێک جاریش، بەتایبەتیش بە هۆی عەیبە و عار و کارە گەندەلییەکانی بەرپرسانی ئەو ئەزموونە، وەک ئاکامی ئەو خەباتە، بێزار و بریندار بین .هەندرێن ٢٠١٨,١١,١٤

# من تأريخ حركة الانصار في أربيل

## محمد على



(قضية ممو))جريمة اغتيال كوكبة من آلمع أنصار قاطع اربيل.
عطفا على ما كتبه رفيقي وصديقي فرهاد رسول( (جتو) حول تلك القضية في الفترة الماضية .
قبل كل شيء أرى من الضروري جدا ان تترجم مقالة الرفيق جتو المنشورة في صفحته على الفيسبوك الى العربي لما فيها من تفاصيل مهمة ودقيقة على ظروف وملابسات تلك الجريمة الشنيعة والتي للأسف لم يلتفت لها الحزب الشيوعي العراقي ومن ثم الكردستاني ,بذلك القدرمن الاهتمام الذي تستحق ولم يتعامل معها ومع نتائجها كما ينبغي

## كلمة لابد منها

من هو ((ممو))؟؟؟ وكيف ومن جيء به الى بيشمركة وأنصار الحزب الشيوعي ومن منحه الثقة للعمل ومعرفة الاسرار ومن الذي يتحمل وزر هدر دماء قرابة العشرين شهيدا, والذين تم الإيقاع بهم على مراحل. الاجابة على تلك التساؤلات يعرفها جميع من عمل في قاطع أربيل و بأي مستو

من المسؤوليات. فالذي يتحمل المسؤلية الكبرى والاولى عن تلك الجريمة هم قيادة قاطع اربيل آنذاك وهم كل من ( ابوحكمت, ابوسيروان, ابو ربيع). وتقع المسؤلية الكبرى والمباشرة على الرفيق ابو حكمت بوصفه مسؤل القاطع الاول. والسبب واضح وجلي , فالمجرم ممو شيوعي ارتبط بالتنظيم منذ آواخر الستينات و كان على علاقة مباشرة وقريبة من الكثير من اسماء المناضلين في مدينة اربيل و ما حولها. وتدرج في مراتب وهيأت قيادية عائدة الى محلية اربيل آنذاك كما وانه يرتبط بعلاقات قربى مع البعض من رفاقنا الجيدين في اربيل ومنهم على سبيل المثال الرفيق ( كانبي صالح)

بدأ ممو خياناته للحزب ولمنظمته منذ السبعينات يوم استولى على مالية محلية اربيل وصادرها وتكررت هذه الحالة مرتين. ومن المؤسف عفي عنه واعيد الارتباط به بعد تلك الافعال. حتى ان طرد آخيرا او بالاحرى ابتعد هو بنفسه عن تنظيمات الحزب, ويحكى ومنذ ذلك التأريخ لاحظ الكثير من الرفاق مؤشرات ارتباط ((ممو)) بمخابرات صدام واجهزت القمع البعثية.

عاد ممو الارتباط بالحزب وبحركة الانصار أعقاب معارك بشتأشان الثانية وتحديدا في ربيع ١٩٨٤ حيث شوهد قادما من اربيل الى مقرات القاطع التي انتقلت الى منطقة بارزان. وهناك قام بعمله المخطط له سلفا وأعاد علاقته بالحزب من قبل الرفيق ابو حكمت, حيث منح الثقة مجددا. وعاد الى اربيل. وبذلك وما أتضح لنا فيما بعد بأن النظام عاد الى أختراق تنظيمات الحزب الشيوعي من اوسع الابواب: وهي بوابة ابو حكمت. وحتى لا ترمى التهم جزافا أدعو اي رفيق شيوعي او غير شيوعي معترض على ذلك بالادلاء بدلوه حول تلك الحقائق.

## كيف نجح ممو بمهمته المخابراتية ؟

حيث استدرج رفاقنا الانصار السبعة أولا من مفرزة الرفيق عباس (أربيل) ثم الآخرين الى كمينه وتم الايقاع بهم, في المدينة اربيل١٠-١١/١١/١٩٨٤ وتحديدا في محلة العدالة في واحدة من اوكار مديرية أمن أربيل.

كانت مجموعة الانصار وهم الرفاق (عباس آمر سرية اربيل, بريار, داود, سرباز وعادل) كانوا اصلا متواجدين في المدينة اربيل قبل وقوع الحادثة. وسبب وجودهم كان زيارة لعوائلهم والاختفاء لفترة حتى تبيان آفاق العمل .ثم تطورت الفكرة لديهم بالبقاء في المدينة وتشكيل المفرزة وجاء اتفاقهم لاحقا مع قيادة القاطع على البقاء في مدينة اربيل والعمل كمفرزة مدينة تقوم بتنفيذ مهمات غاية في الدقة. وجاءت تلك التطورات بعد انحسار العمل الانصاري التقليدي في منطقة اربيل, وكذلك بعد موجة تهجير للكثير من القرى.وبعد اتخاذ قرارهم بالخروج من المدينة اضيفت لهم مجموعة ثانية من أنصار مفرزة خوشناوتي ومن معهم من الملتحقين الجدد سواء من مناطق أربيل او من بغداد, وهؤلاء الرفاق كانوا أيضا بالمدينة أربيل. ثم مجموعة ثالثة متفرقة من الانصارالغير منظوين تحت قيادة مفرزة عباس وكذلك بعض من الملتحقين.

السؤال المهم هنا كيف تم الربط بين المجموعتين داخل المدينة والتنسيق بينهما ثم الاتفاق على الخروج بمفرزة موحدة صوب بارزان؟ كذلك أضافة المجموعة الأخرى المتفرقة من الملتحقين ومن.

الأجابة على تلك الأسئلة يعرفها من كان يقود التنظيم داخل محلية أربيل المدينة ويعرفها أبو حكمت على وجه التحديد، وربما رفاق آخرين عرفوا بالنسيج بعد وقوع الكارثة. والمهزلة المأساة ان المجرم ((ممو)) هو من كان ينسق ويتولى

تسهيل مرور الأنصار وانتقالهم من منطقة الى أخرى.
كانت المجموعة تنوي الخروج من المدينة اربيل والذهاب صعودا الى بارزان حيث مقرات قاطع اربيل بناءا على قرار من هيئة قاطع اربيل كما اشيع فيما بعد. والحقيقة هي ان تلك المجموعة من الرفاق أدركت عدم الجدوى من بقاءها في المدينة ولهذا فكروا بالالتحاق في الجبل. وبكونهم استلموا التوجيهات من ابو حكمت شخصيا بالثقة بالمدعو ممو والتنسيق والتعاون معه, فقد أصبح ((ممو)) هو الموجه والقائد الفعلي للمجموعة فهو العارف بمجراها ومسراها. قدم ((ممو)) للمجموعة مقترحه بأن يخرجهم جميعا الى منطقة بيخمة بالسيارات ومن هناك يكملوا مسيرة ساعات على الاقدام الى مقر القاطع في منطقة بارزان. وكانت الاجواء التي خلقها ((ممو)) واسياده للمجموعة ايجابية وتبعث على الثقة والآطمئنان, بحيث لا أحد يشك بالذي يحصل. فقد قام بأكثر من حالة تنقل للأنصار داخل المدينة وهم في عتادهم واسلحتهم والعبور من العديد من السيطرات والمطبات، فالرجل ممو مزكى من قبل ابو حكمت وهو من دعى المجموعة للثقة به والعمل معه. جرى تجميعهم في واحد من المنازل وتم أطعامهم و سقيهم الشراب المخدر الممزوج بالكوكا كولا ،فوقع بتلك الفعلة القذرة من وقع, اما من احس بالخطر بانه مقبل على الآسر وكان بعيدا عن المجموعة الاولى, فقد جرى تصفيته جسديا في معارك امتدت لدقائق كما جرى للشهيد عباس عبد الله خضر وبريار وغيرهم. وكان الذي يشرف على العملية من كبار ضباط مديرية امن أربيل ، والذي بدأ يسخر مما سمعه بأن المجرم ممو هو من دبر ذلك فقد كان رده (ممو شنو، ممو قندرة، هذا تخطيط دائرة الامن العراقية.(

# شهادتي الشخصية بتلك القضية

كنت في مفرزة جوالة مع النصيروالرفيق السابق والخائن لاحقا(( صادق)) في سهول أربيل ولعدة شهورخلت من صيف وخريف ١٩٨٤، واتفقنا على تفكيك المفرزة واللجوء الى المدينة لبعض الوقت ثم الخروج والعودة ثانية الى سهول أربيل. وكانت تلك الخطوات لها علاقة أيضا بحالة الاقتتال الداخلي مع بيشمركة الاتحاد الوطني آنذاك، فالاجواء لم تصفى بعد. وفي تلك الظروف جرت أحداث درماتيكية ، فقد سلم صادق نفسه للسلطة في أربيل وهو- آمر مفرزتنا- ، وقام بالتعاون معهم لاحقا وكان معه أكثر من اثنين من الأنصار، أتذكر واحدا منهم اسمه سرهنك، كذلك انقطعت أخبار البعض مثل اخبار النصير سوره وغيره. هنا قررت الخروج السريع جدا من المدينة، وكنت يومها في بيت رفيقنا وفقيدنا اسطه كريم ((أبو دارا)) الذي ساعدنا في الوصول الى محلة لطيفاوه وكان بصحبتي الشهيد دارا. وبعد جولة لعدة أيام في منطقة سهول أربيل قررت الصعود الى بارزان خاصة وان هناك مجموعة ملتحقين جدد يجب أيصالهم الى هناك. قررت الذهاب الى المدينة لغرض اللقاء واقناع الرفاق داود وسرباز وبريار بالخروج معي الى بارزان. وكان خوفي واحساسي ان هناك أشياء واحداث سوف تقع، خاصة وان الاخبار على مفرزة عباس او مفرزة أربيل أصبحت على لسان الغالبية من أصدقاءنا ورفاقنا في أربيل المدينة وفي الأرياف أيضا. فقد شاهدهم البعض يتجولون سوية بسيارات داخل المدينة اربيل بشكل اشبه بالعلن في أسلحة وعتاد. ترى اين هي عيون السلطة من نشاطاتهم وتحركاتهم خاصة وان قبضتها ما تزال قوية وفاعلة ونجحت للإطاحة بالكثير من المناضلين؟ هل يعقل ان مفرزة مدينة من خمسة رفاق تتجول سوية بسيارات التاكسي او الخصوصي في شوارع تكتظ

بسيطرات آمراء الجحوش وكذلك السيطرات الإرهابية المشتركة من المخابرات والجحوش، وتكون في مأمن من عيون السلطة.؟

ذهبت بصحبة الأخ مقديد الذي ينحدر من واحدة من العوائل الشيوعية العريقة في أربيل والتي قدمت اكثر من خمسة شهداء، ذهبت الى بيت الرفيق ((داود)) منطلقين من محلة لطيفاوه ،وهناك التقيت بالرفيق(( وريا)) الأخ الأكبر للبطل (داود)، والذي لم يصبح بيشمركة بعد. وبعد الغداء جاءت المجموعة ودخلت الدار وهم ( داود و عباس وسرباز وسورة ثم ممو) ولا أتذكر ان كان معهم بريار او لم يكن. وبعد السلام وتبادل الحديث حيث أردت الاختلاء بالرفاق داود وسرباز ودعوتهم للذهاب معي الى بارزان، هنا بادرني ((ممو)) بالسؤال والدعوة الى الانضمام الى مفرزتهم والتجول معهم والقيام بالعمليات داخل المدينة ، وانه سوف يعمل الوثائق اللازمة لي من عدم التعرض. ( سوف أعمل لك هويه). قلت له شكرا دعني افكر واسئل القاطع بذلك.

خرجت بسرعة البرق بعد رفض الرفاق دعوتي وفكرتهم بانتظار القرار من القاطع، طلبت من (سوره) ايصالي الى لطيفاوه، حيث بيت الشهيد خالد حمه امين (اخ الشهيد سفر)، ثم انتقلت الى بيت الاخ مقديد الذي أوصلني عند حلول الظلام الى اطراف لطيفاوة بعد التأكد من عدم وجود كمائن هناك . ومن هناك واصلت السير ليلا حتى قرية ((ماستاوة)) ثم ((هيلوه))، واللقاء بالرفاق البيشمركة والرفيق الشهيد (هاشم) — احمد-. على ما أظن ،حيث حدثته عن انطباعاتي ورأيى بعمل الرفاق داخل المدينة وكان متفقا معي بالتمام بانه من غير المجدي البقاء في المدينة، خاصة وان لا أعمال وعمليات تذكر.
وللتأريخ ، وبعيدا عن الملامة للرفاق الابطال المغدور بهم جميعا، وبعيدا عن

الادعاء بالنباهة واليقظة والحس الثوري من جانبي الشخصي، أقول ان وضع المفرزة او مجموعة عباس كان في غاية التحلل وبعيدا كل البعد عن العمل السري، الذي يقتضي عدم معرفة حتى أفراد العائلة او المقربون بوجود المناضل. وبعيدا عن التنظير فقد كان الجميع يتحرك بسلاح المسدس، وسوية في سيارة خصوصي أو تأكسي لا اعرف عائدة لمن. وكان حديثهم ينم على تواصل وعلاقات كثيرة مع الناس والأصدقاء. كذلك عدم الاحتراس من الجيران في المحلة ، فقد شاهدت الرفيق داود مغرم بفتاة الجيران حيث يبادلها الغزل ، هو وقوفا في باب الدار وهي على السطوح. وكان هناك همس بتورط البعض بعلاقات غرامية .

عند وصولي الى بارزان التقيت بالرفيقين من مكتب القاطع وهما أبو حكمت وأبو ربيع وتحدثت لهم عن انطباعاتي عن عمل ووضع مفرزة عباس، بل أقترحت عليهم سحب الرفاق فورا ودون ابطاء. لكن للأسف كانت الإجراءات بطيئة، ولم ترتقي الى حجم المخاوف.

## ترى ماذا يدل كل ذلك؟

في رأيء المتواضع لقد نجح النظام بمخططاته بالايقاع بالمناضلين، وفشل الحزب الشيوعي في صيانة عمله السري، بل فشل حتى في ملاحقة المجرم طوال تلك السنوات ،أخيرا ما هو المطلوب عمله من الحزب الشيوعي الكردستاني خصوصا والعراقي عموما لملاحقة هذا المجرم الخطير قضائيا. فالاخبار تشير الى انه ما زال طليقا يتجول في بيروت او سوريا او الأردن.

هذه الجريمة لا تخص الشيوعيين وحدهم. هذا المدعو ((ممو)) يجب ملاحقته قضائيا عبر الانتربول والشرطة الدولية ليس بوصفه مجرم قاتل وسفاح فحسب، بل

بوصفه عميل خطير لنظام الجلاد صدام حسين، قام بخدمة النظام لاكثر من ثلاثين عاما.

- أن تلك القضية يجب ان لا تهمل.
- أن دماء الشهداء يجب ان لا تذهب هدرا.
- يجب محاكمة حتى الموتى أمثال أبو حكمت وغيره.

**ملاحظة** أخيرة ادعو الرفاق من لديه المعلومات حول هذه القضية بالكتابة والنشر لغرض الاستفادة منها، خاصة الرفيق العزيز دكتور صادق.

# سەرکردایەتی مەڵبەندی هەولێری حزب خیانەتکاری تێدا بوو؟

کاوە حەسەن

لە نوسینی ١٧ دێسەمبەری٢٠١٦"هاتنم بۆ لقی دەشتی هەولێر "نوسراوە" :



دوای خیانەتی مەمۆ و شەهید بوونی پولێک پێشمەرگەی قارەمانی دەشتی هەولێر، خۆم داوام لە حزب کرد کە نەقلی دەشتی هەولێرم کەن. بەڕاستی ئەوەیان لەبەر دوو هۆ بوو. یەکەم: کۆمەڵێ شەهیدیان دابوو. دووەم : من خۆم خەڵکی ئەو ناوچەیە بووم ".بابەتی خیانەتی مەمۆ کارەساتێکی گەورە بوو، دەبو حزب هەر لەسەرەتاوە هەڵوەستەی جددی لەسەر بکردابایەو بەدواداچونی وردی بۆ بکردایە. لەلایەک بۆ پتەوبونی ڕیزی حزب و لەلایەک بۆ لەبیرنەکردنی خوێنی شەهیدان، بەڵام بەداخەوە، دوای نزیکەی سی و سێ سال زۆر لایەنی شاراوە لە هاوڕێ چەتۆ دەبیستین. هاوڕێ چەتۆ بە حوکمی ئەوەی ١ :برای شەهید بڕیارە، کە لەو کارەساتە شەهید بوە، ٢: لە ڕێکخراوی نهێنی حزب کاری کردوە، ٣:ماڵیان وەک ماڵی حزبی لێهاتوە ٤:

نەبونی پرنسیپی کاری نهێنی بەشێوەی پێویست ئاگاداری زۆر نهێنی گرنگی تەواوی مەفرەزەکان بوە .من دەستخۆشی گەرمی لێدەکەم و هیوای تەمەندرێژی و سەرکەوتنی بۆ دەخوازم لەبابەتی سەبارەت بە دروستبوونی پارتی کار نوسراوە: "لە گەڵ شەهید حەمەی حەللاق بە دو ڕستەی سادە ڕام لەسەر ئەبو حیکمەت دەربڕی. ئەبو حیکمەت هۆیە لە کارەساتی شەهیدبونی هاوڕێیانی هەولێر. جا ئەگەر بەخیانەت بوبێ یان بەهەڵە، بۆ من گرنگ نیە، بۆیە من دژی بونی ئەوم لەو حزبە ."هەندێ پرنسیپی سادەم هەیە، بەڵام مەحەکن. سەرکردە نابێ لە ئەلف و بێی سیاسەت هەڵە بکا .هاوڕێ چەتۆ لە زنجیرەی پێنجەمی بابەتی مەمۆ باسی نامەی ئەبو حیکمەت، بەرپرسی یەکەمی مەڵبەندی هەولێری حزب دەکا کە بەدەستی گومانلێکراو وە براى تاوانبار دەنێرێ ، لە نامەکە نوسیوەیەتی" : بەزووترین کات بگەرێنەوە ، مەمۆ لەگەل خۆتان بهێننەوە کە ئەوکاری تەنهاو تایبەتی هەبوو وە پارەکەش دەبێت دە قات تەعویز بکرێتەوە ." من دەپرسم کام عەقڵ و دڵسۆزی ڕێگەی ئەوە دەدا کە نامەیەکی وا هەڕەشە ئامێز بۆ سەر گیانی گومانلێکراو وە تاوانبار بەدەستی خۆی بنێردرێ؟؟ !!یان لەو چاوپێکەوتنە کورتەی کە لە نێوان هاوڕێیانی شەهید، بەکر جۆلا و بڕیار لە زنجیرەی هەشتەم هاوڕێ چەتۆ وەک شاهیدێک باسی دەکا و دەڵێ" :هاوڕێ بریار ) داوای لێکرد ( ئەگەر دەتەوێ بگەرێیەوە بۆ سەرەو ئەوە دەتوانین یارمەتیت بدەین یان هەر شتێک خۆت مەبەستتە ) ( هاورێ بەکر جۆلا ) رێک بەو شێوەیە و بە تەعبیرێکی ناواخندار گوتی ( سلاوم بگەیەنە هاورێیان و پێیان بلێ کە ئێمە چیتر کەلکی حیزبمان نەماوە ) دووجار ( هاورێ بریار ) لێی دووبارە کردەوە کە بۆچی کەلکی حیزبتان نەماوە ، ئەو بە ناچاری گوتی ( لەبەر دەربازکردنی گیانی خۆمان گشتمان وەعدمان بە ئەمن داوە کاریان

لەگەل بکەیـن چ بەگەرانەوەمـان بـۆ نـاو حیـزب بێت چ بە دانیشـتن لەمـالی خۆمـان "ئەو هەواڵە بۆ مەڵبەندی هەولێری حزب نێردراوە، وە حزب زانـی کە صادق، هەم لە تەسلیمبوەکان بوو وە هەم سەردانی دائیرەی ئەمنی کردبوو وەک لە پەیـامی بەکـر جـۆلا دیـار بـوو، وە بە سـەیارە گەیـانرایەوە بـارزان و کەچـی سـەرکردایەتی مەڵبەنـد " ئەبـو حیکمەت" جارێکی تـر نـاوبراوی بـۆ نـاو شـاری ناردەوە .

حزب لە هاوینی١٩٨٣ چاک خۆی بۆ شەڕی دووەمی پشت ئاشان ئامادە کرد، وا بزانم سەرجەم حزبەکانی بەرەی جودیش هاوبەشی ئەو شـەڕە بون، بەڵام بەداخەوە دەبـێ بڵـێم جـگە لە قوربـانیەکی زۆرو شـکان لەشـەڕەکە ئەنجامێـک نەبـوو، لەکاتێکـدا یەکیەتـی تـا ئەوکـاتەش ئەگەر مفـاوەزاتی لەگەڵ ڕژێمـی بەعـس هەبوبێ، ئەوە هەر ژێر بەژێر بو. زۆر ئاسایی بـو کە تێ بگەیـن ڕژێم کارئاسـانی بـۆ هەڵگیرسـان و درێژەپێـدانی شـەڕی براکـوژی بکـا. هەر لە یارمەتیـدانی لایەنـی شـەڕکەر بە چەک و زەخیـرە، بە چاوپۆشـیکردن لە گواستنەوەی هێز بە ڕۆژی ڕوناک بەبەرچاوی هێزی ڕژێم. گومـان لەوە دانـیە کە یەکیەتی لەو ڕووەوە ئاسانکاری بۆ کرابـوو .دوای شـەڕی پشتئاشـان حزب زۆربەی بارەگاکـانی نـاوچەی سـۆران جگە لە بەشێ لە هاوڕێیـانی مەڵبەنـدی سلێمانی کە هـاوڕێ بەهـائەدین نـوری سیاسـەتەکی جـودا لە سیاسـەتی حزبـی پەیڕەو کردو شەڕی لەگەڵ یەکیەتی نەکرد، دواتـرئەو سیاسـەتەی بەهـائەدین نـوری وای کـرد ئەو بکەوێـتە دەرەوەی حـزب، دەنـا ئەوانـی تـر وەک، سەرکردایەتی، مەڵبەند، لقەکـانی پشدەر، بیتـوێن، گەرمیـان، کـۆیە، قەرەجـوغ، دەشتی هەولێر، خۆشناوەتی،بەڕانەتی و مەفرەزەی تر بەرەو بارزان، ڕۆست، لۆلان، گەلیڕەش، گەلیخواکورک برۆن .سەرکردایەتی و ڕاگەیاندن بەشێکیان لە لۆلان

بون بەشێکیان لە گەلی خواکورک، لقی پشدەر لەگەڵ کەرتێکی لقی شەهید خدر کاکیل لە گوێمەرز بەرامبەر گەلیخواکورک بوون. ئەوانی تر کە لەسەرەوە ناویان هاتوە بۆ بارزان، ڕێزان، بلێ، ئاستێ و بارەگایان لەوێ کردەوە .ئێستا وەک پێشمەرگەیەکی دێرین، بەو ئەزمونەی هەمە ڕێگە بەخۆم دەدەم بڕیاری ناردنە خوارەوەی مەفرەزەکان بۆ ناوشار بەوشێوەیە کە کرا، ناردنی مەفرەزەی گەورەی حزب لە بارزانەوە بۆ خوارەوە، کە توشی چەند شەڕێکی زەرەرمەند بوون هەڵسنگێنم .ڕێگەی چونەخوارەوی مەفرەزە لە ناوچەی بارزانەوە تا ناوچەی سەفین ڕێگەیەکی پڕ لە سەرچلی و مەترسی بوو لە بەر زۆر هۆ کە لێرە دەتوانم بڵێم: ١: پەڕینەوە لە زێی گەورە بە هۆی کەڵەک ٢: بڕینی دەشتی هەریر کە خەڵکەکە هەمو چەکداری ڕژێم بوون و لە گوندی جەمەسۆر شەڕیان لەگەڵ هاوڕێیان کرد و وابزانم هاوڕێیەک بەناوی خەسرەو لەو شەڕە شەهید بوو. ٣:ناوچەی دیوین توانای ئیستیعابی هێزی گەورەی نەبوو.٤: پەڕینەوە بەرەو سەفین و ڕۆیشتن بۆ قولایی دەشت دیسان مەترسیەکی گەورە بوو، وەک بەلەمێکی بچوک لە ناو ئۆقیانوسێ بێ، نە دەستت بەیارمەتی ڕابگا و نە کەنارت لێ دیار بێ. ٥: حساب نەکردن بۆ ماندوبوون، بریندداربوون، بەدەستهێانی فیشەک و پێویستیەکانی تری شەڕ .ناردنەخوارەوەی هێزی گەورە لەلایەن حزب لەکاتێ یەکیەتی لەگەرمەی دانوستان بوو لەگەڵ ڕژێم، پرسیارەکی سادەی لوژیکی بە ناچاری خۆی دێنێتە پێش، ئایا هێزێکی سەد پێشمەرگەیی حزب لەناو جەرگەی دوژمن، بە بەعس و بە یەکیەتیەوە، چۆن خۆی لەشەڕی سەپێنراو دەپارێزێ؟ بێگومان ئەوە ئەستەمە و ناکرێ. ئەدی کە شەڕت بەسەر سەپێنرا، لە مەیدانێک نە کات و نە شوێن لە بەرژەوەندیت بێ، چ ئەنجامێکی ئەرێنی بەدەست دێنی؟ بێگومان ئەنجامی ئەرێنی نابێ .کەچی سەرکردایەتی

مەڵبەند لە ١٩٨٤ و ١٩٨٥ هێزی گەورەی ناردە خوارە وە. لە شەڕی سەفین، کۆڕێ، ئیلنجاغ..هتد خەسارەتی قەرەبونەکراوەمان دا، چ لە شەهیدبونی کۆمەڵێ ئەستێرەی پێشمەرگە و سەرکردە، بریندار و تەسلیمبۆنەوەی کۆمەڵێکی تر .ئەوە جگە لە ناردنی مەفرەزەی دەشتی هەولێر، بەڕانەتی و قەرەچوخ، لە هەمان کات ناردنی مەمۆی دەرکراو لە حزب بە تاوانی خیانەت بۆ هەمان شوێن .من گومانێکم لە ناپاکی ئەو سەرکردایەتیە نەما کە بوە هۆی لەدەستدانی ئەو هەمو هاوڕێە و دروستکردنی حاڵەتێکی وا لە ناو پێشمەرگەو جەماوەری حزب کە کەس خۆزگەی پێ نەخوازێ

# مەمۆ لە گاوانیەوە بۆ ناپاکی

**ڕێکار ئەحمەد**



ناسیاوی ئێمە لەگەڵ بنەماڵەی مەمۆ بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە باوکم بۆ ماوەی پێنج ساڵان مەلای گوندی دالداغان بوو .خانەوادەی مەمۆ لە هەشت کەس پێکهاتبوو .مام سمایل کسێر باوکی مەمۆ کابرایەکی هەژارو نەدار بوو، دەگوترا لە هۆزی کەلهوڕە . دایکی مەمۆ ناوی عەیشێ بوو، لە هۆزی زراری بوو .مەمۆ دووبرای بەناوەکانی رەشۆ و قوشە) خورشید(، هەروەها سێ خوشکی بەناوەکانی' غەزال 'و' کارێ 'و' باغە 'هەبوو .مەمۆ تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندبوو، کەسێکی هێمن و لەسەرخۆ بوو، لە گوند گاوانی دەکرد .خەڵکی گوند مەمۆیان خۆشدەویست، بەڵام رەشۆ بەدز دەناسراو دەگوترا کە دەست لە هیچ شتێک ناپارێزێ، ئەوەی دەستی بکەوێ، دەیدزێ.

مەمۆ کەسێکی کەمۆ و مەکرۆ و کەمدوو بوو .ناخ و هەستی خۆی دەشاردەوە، بەوهۆیەشەوە سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیەوە رادەکێشا .بنەماڵەی مەمۆ لەنێو هەژاری و نەداریدا نغرۆ ببوون، ئەوەش دەرفەتەی وەرگرتنی لە حزبی شیوعی عێراق بۆ کردەوە .لە حەفتاکاندا دڵسۆزانە وەک شیوعییێک

دەستی بەکارکرد و بەخێرایی لەنێو حزبی شیوعی هەڵکشا و لەناو خەڵک ناسرا .وێڕای هەموو ئەوانەشەوە کەسانێک هەبوون کە ناخی مەمۆیان خوێندبۆوەو دەیانزانی کەسێکی نەفسنزمەو دەیانگوت) :زۆر حەزی لە پارەو سامانە و بە ئاسانی خۆی دەفرۆشێ .(زۆرێک لە خەڵکی دەرەوەی حزبی شیوعی عێراق، بەتایبەتیش ناسیاوانی ئێمە لە ساڵی ١٩٧٧ەوە لەوە دڵنیاببوون کە مەمۆ لەپشت حزبی شیوعیەوە سیخوڕی بۆ حزبی بەعس دەکات .هەر بۆیە کاتێک پەیوەندی بە ریزەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە کرد، رێکخستنەکانی حزب لە شار و لە دەشتی هەولێر چەندین راپۆرتیان لەسەر نووسی و داوایان لە سەرکردایەتی حزب کرد کە وەرینەگرن .مخابن هەندێک کەس لە سەرکردایەتی حزب پشتیوانیان لێدەکرد، بەتایبەتیش مامۆستا سەعد عەبدوڵلا پێیوابوو کە مەمۆ کادرێکی خۆڕسک و پێگەیشتووەو سوودی بۆ حزبی سۆسیالیست دەبێ !!بەلام پێداگری رێکخستنەکان و ناردنی راپۆرت و زانیاری بەردەوام وایکرد کە سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، بەتایبەتی رەوانشاد مام قادر شۆرش بە گومانەوە لێیبڕوانێ .هەروەها کادرەکانی حزب بە پارێزەوة رەفتاریان لەگەڵدا دەکردو خۆیان لێنزیک نەدەکردەوە .ئەو کادرانەی کە بەنهێنی دەهاتنەوە شار، مەمۆ داوای لێدەکردن کە بچنە ماڵەکەی لە ئیسکان و سەردانی' کیژخان'ی خێزانی بکەن، بەڵام کادرەکان یان بایەخیان پێنەدەدا یان بە پارێزەوە خواستەکەیان جێبەجێ دەکرد . لەو رێیەوە مەمۆ هەستی بە خۆی کردبوو، دەیزانی کە کادرەکانی حزبی سۆسیالستی کوردستان بە پارێزەوە رەفتاری لەگەڵدا دەکەن و بە ئاسانی لە داو ناکەون .لەو پێوەندەدا مامۆستا موحسین عوسمان کە ئەوکات کارگێڕی لقی هەولێر بوو، دەڵێ ) :جارێکیان گوتم ئەوە دەچمەوە شارو دەورو تەسلیمی رێکخستن دەکەم .

مەمۆ  هاتە لام و زۆر لێبڕاوانە داوای لێکردم کە دەبێ هەرچۆنێ بێ بچیە گەڕەکی ئیسکان و سەرێکی کیژخانی خێزانم و منداڵەکانم بدەیت .ڕاستیەکەی من گومانم لێینەبوو، چونکە زۆر کەمۆ بوو، بەڵام من بۆ خۆم بە پارێز بووم، زۆر لە ناکاو چووم، تەنیا پێنج خولەک دانیشتم، دوایی هاتمە دەرێ و خۆم بزر کرد .ئەگەر پارێزم نەکردبا، لەوانەیە منیش دەربازم نەدەبوو.(

لە ساڵی ١٩٨٢ بۆ کاری ڕێکخستن و دیداری ڕەوانشاد مام قادر شۆڕش کە بەرپرسی لقی هەولێری حزبی سۆسیالیستی کوردستان بوو، بە لاندرۆڤەکەی خۆم سەردانی سماقولیم دەکرد .هەندێکجار بەتەنیا دەچووم و هەندێک جاریش هەڤاڵێکی دیکە لەگەڵم دەهات .شەهید مام قادر شۆڕش تێکۆشەرێکی بەئەزموون و شارەزاو کەموێنەبوو، وەک باوک لە ئێمەی دەڕوانی .من بۆ خۆم جگە لە کاری ڕێکخستن، باسی کێشەی خۆم و خوێندنیشم بۆ دەکرد .هەر کاتێ دەچووم بۆ سماقولی، چونکە ڕەوانشاد مام قادر شۆڕش زۆر لە خەمی پاراستنی گیانی ئێمە بوو، هەموو هەوڵێکی دەدا تا ئاشکرا نەبین، نەیدەهێشت کادرو پێشمەرگەکان بمبینن، هەرچەندە هەندێک لەوان هەڤاڵی دێرینی ڕێکخستن و ناسیاوی پێشووترم بوون .بۆیە لە ماڵی ئەواندا میوان دەبووم و شەو لەوێ دەمامەوە .جارێکیان ڕاپۆرتێکی زۆر تایبەتمان سەبارەت بە مەمۆ نووسی بوو، زانیاری وردی تێدابوو .شەو بە یەکەوە دانیشتن و سەبارەت بەو ڕاپۆرتە پرسیاری لێکردم، منیش هەندێک زانیاری زۆرترم خستە بەردەستی و پێمگوت کە ئێمە بنەماڵەکەی مەمۆ دەناسین و زۆر دەمێکە گومانی خۆفرۆشتنی لێدەکرێ و دەگوترێ کە لە ساڵی ١٩٧٧ەوە کاری سیخوڕی بۆ بەعس دەکات . ڕەوانشاد مام قادر شۆڕش کەسێکی دڵپاک و خەڵک خۆشەویست بوو، بەڵام هەستم کرد کە ئەو بۆخۆیشی گومانی لێپەیدا کردووە .لە نێو قسەکانیدا

تێیگەیاندم کە ڕێی پێنادرێ هیچ ئەندامێکی ڕێکخستن بناسێ و لە دەرفەتێکیش ڕەوانەی بارەگای مەکتەبی سیاسی دەکرێ!

زۆر جاران مام قادر لە ڕێی خێزانی ئەو پێشمەرگەکانەوە نامەی بۆ دەناردین کە سەردانی دۆڵی سماقولیان دەکرد، بەڵام هیچ جارێک لە ڕێی کیژخانی خێزانی و خزمەکانی مەمۆوە نامەی بۆ کەس نەنارد .ئەوەش دەریدەخات کە مام قادر شۆرش گومانی لە جولەی مەمۆ هەبووە.

سەرەنجام مەمۆ لەخۆی گەیشت و زانی ئەو ئەرکەی کە پێی سپێردراوە لەنێو حزبی سۆسیالیستی کوردستان بۆی ئەنجام نادرێ، بۆیە وازی هێناو گەڕایەوە نێو ڕژێم.

هاتنەوەی مەمۆ بۆ ناو ڕژێم لەلایەن ڕێکخستنەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان کاردانەوەی پێچەوانی هەبوو، هەندێک زۆریان پێباشبوو کە لە کۆڵ حزب بۆتەوە، هەندێکی دیکەش ترس و گومانیان لێیهەبوو، دەترسان کە هەندێک کەسی ناسیبێ و دواتر تووشیان بکات .بەتایبەتیش کەسوکاری ئەو پێشمەرگانەی کە سەردانی بارەگای لقی هەولێریان کردووە.

ڕاستیەکەی ڕێکخستنەکانی حزبی سۆسیالیست لەوە دڵنیاببوون کە' مەمۆ 'و 'قوشە'ی برای دەستیان لەگەڵ دەزگەی سیخوڕی بەعس تێکەڵاوکردووە . هەرچەندە کە مەمۆ نمایشی دەکرد و هەوڵی فریودانی خەڵکی دەدا، بەڵام هەڵسوکەوتەکانی قوشە زۆر بە ئاسانی دەناسرانەوە .کاتێک زانرا کە خۆی لە حزبی شیوعی نزیک کردۆتەوە، لە ناوەڕاستی مانگی ئابی ١٩٨٤ جارێکی دیکە بەمەبەستی ئەوەی زانیاری بە حزبی شیوعی عێراق بدرێ، ڕێکخستنەکانی پارێزگای هەولێری حزبی سۆسیالیستی کوردستان راپۆرتێکی پڕ لە زانیاریان سەبارەت بە مەمۆ بۆ مەکتەبی سیاسی حزبی سۆسیالیستی

کوردستان رەوانە کردو لێیانخواستن کە ئەوان لە رێی خۆیانەوە ئاگاداری حزبی شیوعی عێراق بکەنەوە .رێکخستن لەوە دڵنیاکرایەوە کە سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیست لە رێی هاورێ ئەبوحکیمەت، بەرپرسی مەڵبەندی هەولێر ئەو زانیاریانەیان بە حشع گەیاندووە.

بەداخەوە لە ناوەراستی مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٨٤ مەمۆ دەستەگوڵی ناپاکی خۆی وەشاند و ژمارەیەکی زۆر تێکۆشەری حزبی شیوعی عێراقی رادەستی رژێمی بەعس کرد .دوای ئەوە ژیانی مەمۆ گۆرانی بەسەرداهات . پاسەوانی تایبەتی بۆ داندرا وماڵەکەی بۆ خانووەکانی بەرانبەر بەرێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر گوسترایەوە .

مەمۆ بەرنامەی زۆری بۆ بەگرتندانی تێکۆشەران دانابوو، بەڵام خۆشبەختانە دوو ساڵ بەسەر ناپاکیە گەورەکەی تێپەر نەببوو کە لە گەرەکی کرێکاران دەستریژی لێکراو بریندار کرا .سەبارەت بە بریندارکردنی مەمۆ گەلێک گوتراوە، بەڵام هەموو جەختیان دەکردەوە کە پێوەندی بە حزبە کورستانیەکانیەوە نیە .بەوشێوەیە مەمۆ ترسی لێنیشت و خۆی بزر کرد .دواتر دائیرەی ئەمنی هەولێر ترۆی کردو پەتکی لە ملی کردەوە.

لەدوای ئەو ناپاکیە گەورەیەدا ئیدی دەرگەی خۆشگوزەرانی بۆ مەمۆو دوو برایەکەی کرایەوە .رەشۆی برای مەفرەزەی تایبەتی هەبوو، بەڵام قوشە سیخوری دەرکردو بنەماڵەی پێشمەرگەی بە دائیرەی ئەمن دەناساند و بە گرتنی دەدان .لەو پێوەندەدا نموونەیەک دەهێنمەوە .لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٦، بە رێکەوت لە گەرەکی مزگەوتی سپی، قوشە چاوی بە برا گەورەکەم دەکەوێ .قوشە ئەوە بە دەرفەت دەزانێ و دەیەوێ تووشی بکات، بەڵام برا گەورەکەم لە مەبەستی قوشە تێدەگات، بۆ دەربازکردنی خۆی لە دەرگەی

ماڵێکی ناسیاوی خۆی دەدات ودەچێتە ژووری .قوشە بەراکردن بۆ هێنانی مەفرەزەی ئەمن دەڕوات .کاتێک مەفرەزەکە دێن و لە دەرەگەی ماڵەکە دەدەن و سۆراغی کاکم دەکەن، خاوەن ماڵ دەڵێ ئێمە ئەو کابرایە ناناسین بەس تینووی بوو، جامێک ئاوی خواردەوەو رۆیشت .مەفرەزەکەی ئەمن باوەڕ بە خاوەن ماڵ دەکەن چونکە چەکداری فەوجێکی جاشان بوو.

لە ساڵی ١٩٨٧ براکانی مەمۆ زۆر شێلگیرانە بە دوای خەڵکانی تێکۆشەر دەگەڕان و دەیانویست راویان بکەن و رادەستی ئەمنی هەولێریان بکەن . بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی بە دەست ئێمە گەیشت بوو، تەنیا لە مانگی حوزەیراندا دوازدە کچ و ژنیان لە دایک و خوشک و کچی پێشمەرگەکان لە داوخستبوو.

قوشەی برای مەمۆ لە هاوکاریکردنی دائیرەی ئەمن بەردەوام بوو .لە ساڵی ١٩٨٧ لە بازگەی رێی گوێڕ دەوامی دەکرد، لەو ماوەیەدا دەیان ژن و منداڵی بەگرتن دا .کە لەنێو ئەو گیراوانەدا خاڵۆژن و پورو کوڕە خاڵێکی منی تیدابوو. راستیەکەی ئەو سێ برایە کە لە بنەماڵەیەکی هەژار و نەدار چاویان کرابۆوەو گەورە ببوون، کاتێک خۆیان بە بەعس فرۆشت، ئیدی ویژدان و مرۆڤبوونیان لەژێر پێنا، بۆ ماوەی چەندین ساڵ وەک گورگی دەمبەخوێن بەدوای نێچیردا دەگەڕان و شانازیشیان بە مرۆڤکوشتنەوە دەکرد.

سەربردەی کەسێک لە گاوانیەوە بۆ ناپاکێکی کەموێنە لە فیلمێکی هندی دەچێ، کەچی هێندە دوور نیەو هەمووومان لەبیرمانە کە مەمۆی سمایل کسێر ئەو دڕندە دەروون نەخۆشەبوو کە زیاتر لە ٢٥ مرۆڤی تێکۆشەری رادەستی دوژمن کرد، ئێستاش لە گوڵ گرانتری پێنەوتراوە .هەندێک دەڵێن : سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لە سڵی ١٩٩١ لێبووردنی بۆ هەموو تاوانبار و

ناپاک و وڵاتفرۆشێک دەرکرد کە لەنێویاندا هەیە هەزاران مرۆڤی سڤیل و لاشەڕی رادەستی سوپای ئەنفال کردووە، هەیە دەیان تێکۆشەری شەهید کردووەو تەرمەکەی بردووەو وەک دیاری پێشکەش بە سوپای داگیرکاری کردووە، سەرەنجام هەموویان وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون!

لە دوای راپەڕین دەیان چیرۆک سەبارەت بە مەمۆ گێڕدرانەوە .بە دەیان شێوە باس لە ژیانی مەمۆ کرا .سەرەتا گوترا لە باوەشی رژێمی بەعس ماوەتەوە .لە ساڵی **١٩٩٦** وابڵاوکرایەوە کە هاتۆتەوە هەولێر و سەردانی خزمەکانی خۆی کردووە .دوای رووخانی سەدام بەرەو سوریا رایکرد، لەوێ شوێنپێی هەڵگیرایەوە، ناسیاوێکم لە دیمەشق بە چاوی خۆی بینی بووی؛ پاشان گەڕایەوەو لە شاری موسڵ درێژەی بە ژیان دا .دوای هاتنی داعش گوترا هاتۆتەوە کوردستان و لەلایەن خزمەکانی دایکی داڵدەدراوە !ئیدی دەکرێ دەیان فیلم لەسەر تاوانەکانی ئەو ناپاکە دروست بکرێن.

**٢٠١٧-٥-١٢**

# کۆمێنتەکان



**Farsat Xaelany**

دەست خۆش هاورێ چەتۆ هیوادارم ڕووداوی خیانەتکاریەکەی مەمۆ لەهەولێرو ئەوئاشەوانە خائینەی لەبێخمە کەچەندەها هاورێ بوونە قووربانی لەگەڵ چەندەهانی تر لەتەواوی ژیانی پارتیزانی لەگەڵ داستانە پڕلەقارەمانیەتی هاوڕێیانمان لەکتێبێکا کۆبکرێنەوە و چاپ بکرێن منیش بەشێکی تێچووی پارەی کتێبەکە ئەگرمە ئەستۆ تاکوو نەوەی نووێ کەلکی لێوەرگرێ هاورێ گیان دووبارە دەست خۆشیت لێدەکەم



**Tahsin Mam Husein Marzani**

لە ساڵی ١٩٨٤ مانگی ٤ بوو لە بلێ بوو نازانین چۆن زوو گەیشتەوە ناو شار, لە شەهید کردنی هاورێ ملازم ئارام دەستی هەبوو کە توشی کەمین بوون لەسەر ٦٠ مەتری لە فلکەی ملعب و هاوری داود لەو کەمینە دەرباز بوو.



**Saman Qarachuxy**

دەستت خۆش هاورێ گیان ، من زۆر جار لە بارەگا دەڵێم ژیانی هاوڕێیانی ڕێکخستنی نهێنی و دۆستەکانمان زۆر لە ژیانی پێشمەرگەی شاخ زەحمەت تر

بووه ! کەچی حکومەت و یاسای کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان و هەندێك کادیرو سەرکردەی ئێستا نرخی ئەو قوربانی دانانەی ئەو هاوڕێیانە نازانن



**Mezin Selah**

کاتێ پیوەندی بە ڕێکخستنەکانی سۆسیالست کرد لە ولێر،ئەمن هۆشداریم دانێ،کە وریای بن لێی، بەڵام دوار هەر لە ڕێگەی سۆسیالست خۆی گەیاندە شاخ و لەوێش لە حیزب نزیک بۆوە،سەروبندی شۆرشی گەلانی ئێران و روخانی شا بو ،رێک بەهاری ١٩٨٠ بو، کاتێ لە مهاباد دیتم لێی نزیک نەبومەوە،دەمزانی پەیوەندی لەگەڵ ئەمنی هەولێر هەیە،تەنانەت برادەرانی دیموکرات لێی هەراسان و پڕ بوبون، دواتر نازانم چۆن هاتەوە ریزەکانی حیزبی شیوعی و چۆن نێردرایەوە نێو شاری هەولێر،کە بوە هۆی شەهدبونی ئەو پۆلە هاوڕێ نەمرەو زیان گەیاندن بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی شار!!



**Handren Handren**

دەست خۆش هاوڕێ فەرهاد بۆ وەفاداریت بۆ هاوڕێیانت. بەڵام ئەو کارەساتانە بەرپرسیاری سەرەکی بەرپرسانی قاتع بوون. ئەگەر پێویست بێ ئەو رووداوە . دەبێ پەردەکان هەڵماڵدرێن. سەلامەت بیت



**Jange Ahmed**

دەستەکانت خۆش هاوری چەتۆی ئازاو قارەمان بەرای من ئەوە گەورەترین ئازایەتی وقارەمانیە کەزۆر بەجوانی و بە ئەوپەری جورئەتەوە باسی مەلفیکی زۆر حساس و شاراوە دەکەیت کە ئەوە باشتر ین بەلگەی راست گۆیی و ئازایەتیە وە وە ریزو وەفاشە بۆ شەهیدەکان خۆزگە جوانترو باشتر باسی ئازایەتی و قارەمانی ئەو هەلۆیانە پیشانبدرا با چ لە لای تۆ وچ لە لای حزب و چ لە لای سەرجەم هاوریان بەرای من ئازایەتی و قارەمانیەتی ئەو هاورییانە زۆر ئاسن نیە هەرچی بۆیان بنوسی کەمە بەس نازانم چۆن (ابو حکمت) ئاوەها بە ساویلکەیی ئەو شتەی قبول کرد وە چۆن متمانەی پی کردن ئا ئەوە بەرپرسی قاطعي هێولیر بوو بێراستي بێداخەوە ئیتر چاوەریین بزانین دەگەین بەکوی دوبارە دەستەکانت خۆش



**Luqman Malaqadr**

دە ست خوشیە کی گە رمت لیدە کە م هیوادارم پینوسە کە ت هە موو کات نووک تیژبیت و کول نە بیت وە داواکاری لە گشت هاورییان دە کە م یادە وە ریە کان بنووسنە وە و راستیە کان بخنە بە رچاو .دووبارە دە ست خوش هە ربژیت.



## Shukralla Hamadamin

بۆ پشتراستکردنەوەی قسەکانت یەکەم لەسەر مەسەلەی ئیهمالی و پێزانین بە کارو چالاکیەکان رۆژی پێش شیهید بونی ملازم ئارام شەهید هادی برای مەغید باشەی کە هەردوکمان خوێندکاری ئامادەیی پیشەسازی بوین گوتی بەیانی هاورێیان عەملیاتیک دەکەن من چوم لای شەهید یوسف باسم کرد گوتی وەلا وایە ئەمە چۆن باسکراوە . دوەم بۆ وەرگرتنی پیتاک لەگەل شەهید قارەمان چوین گوتی بابچین پیتاکیکان دایتە مالێک بزانین والامیان چیە مالەکە لە گەرەکی موفتی بوو لەسەر ئەو جوت جادەی پشتی قەبستانی سەید مەعروفی ئێمە ئەو کات سەیارەیەکی بیجۆی پیکابمان هەبو بەو سەیارە جوین کە چوین بینیمان چەند چەکدارێک لە پێش مالەکە وەک حەرسیات لە پێش دەرگە بون شەهید قارەمان گوتی خیرا بسوریوە با نەمان بینن منیش خێرا سورامەوە ئەر کات جادەکە قیر نەبو لەگەل سورانەوە تایەکی کەوتە ناو جۆگەکە سەیارەکەمای جەقی چەکدارەکان تەماشایان دەکردین دیاربو شەهید قارەمان نامەکەی بەو مالە دابو گوتی خێرا جیی منکە بێن دەمناسنەوە من دابەزیم پالمدا باشبو دەرچوێن



## Bakhtiar Salih

هەمــوو بابەتەکــان بە پەرۆشــەوە ئەخــوێنمەوە هــاوڕێ چەتــۆ ، ئەگەرچــی مێژوویەکی تاڵی خیانەت و یاری بە ڕۆحی پۆلێک هاوڕێی ئازا و قارەمانە ،

بەڵام ئاشکرا کردنی ڕاستیەکان ئارامیەک بە گیانی هەموو هاوڕێیان ئەگەیەنی و خیانەتکارانیش ڕیسوا ئەبن ، دەست و قەلەمت خۆش و بە هیوای بەردەوامی ، سڵاو لە گیانی پاکی هاوڕێ ملازم ئارام و هاوڕێیانی سەرشۆری بۆ خیانەتکاران.



**عمر خدر كاكيل**

كانيةكةى دلى هاورئ جةتؤ بةو بةهارة وةك كانياوةكانى كويستان تةقيةوه و ئةو هاموو زانيارى لي هةلقولا .. دةستةكانت خؤش بمزانيبوايه زؤر بيشتر ئةو باسةم بير دةهينايةوه



**Bestun Ahmad**

دەستخۆش هاوڕێ چەتۆ من وەکو برای شەهید ئارامی..سوپاسی ماندو بون و گرنگی دانت لەچۆنیەتی شەهید بوونی ئارامی دەکەم.دیارە بۆ من چیرۆکی شەهید بوونی دوای ٣٣ساڵ کولانەوەی زامەکانەو خەمناکم دەکات .هەر جەند ئێمە وەکو خانوادەکەمان من و مامم و لەو سەردەمی پێشمەرگە بووین و دەمانزانی ڕێگای تێکۆشان قوربانی دەوێ..بەلام ئەوەی زۆرنیگەرانی کردوین ئەو کاتی تاکو ئێستاش .شەهید بوونی ئارام بەدەستی خیانەت و بەهۆکاری بەرپرسە فاشل و بەرژەوندی خواز.و نەزانانە.هەزاران کوڕە هەژاری ئەو گەلەیان

بە شەهید بووندا و لە پێناوی حەزوئارەزوە گلاوەکانیان و دوا جاریش لەنێو باوەشی حزبێکدا مردن.کە چەند سال بوو دژایەتیان دەکرد......،ئەوەی مەلبەندی هەولێری بەڕێوە دەبردو کەسی یەکەمی بڕیار دەربوو ..ئەو بوو مەمۆی تاوانکاری وا لێکردو دیکتاتۆرانە گوێ لە هیچ لیژنەو هاوڕێی تری نەگرت بە حەقلی پیسی مەلبەندی هەولێری حزبی شیوعی فەوتاند.سلاو لەڕۆحی شەهید ئارام و گشت شەهیدانی کوردشتان ڕووڕەشیش بۆ خیانەتکاران و..نەفرەتیش لە بەرپرسە فاشلەکان کە بوونە دڕکی چاوی گەل.



**Bakir Haji**

یادی هاوڕێ ئەکرەمی بەخێرو رەوانشاد بێت.هاوڕێ ئەکرەم جگە لەوەی سەربازێکی وونی حیزب بوحیزبی لە خۆی زیاتر خۆش دەویست،تا بلێی مرۆڤێکی دڵسۆز،پاك،سەرراست،بە وەفاو واتە چ ئاکارێکی باش هەبوو بێت لەو مرۆڤە دا هەبوو بنەماڵەکەشیان وەکو خۆی بون.من نێزیکترین هاورێ و برادەری بوم و کە من ترشیح کرام بۆ بە ئەندام بون لە حیزب لەو شانە دانرام کە ئەو بەرپرسی بوو وەرگرتنی کارتی ئەندامەتیشم لە ساڵی ١٩٧٢ لە دەستی ئەوم وەرگرت.٣ ساڵ لە ئامادەی هولێر و ٢ ساڵیش لە پەیمانگای کارگێری و ئابووری لە بەغدا و ٢١ مانگیش لە سەربازگەیەك لە بەسرا پێکەوە بووین و هەروەها لە کاتی پەیمانگاش بۆماوەیەك بەر پرسم بو.هاورێ ئەکرەم ئەو کات ماڵیان لە گەرەکی ماجیداوە بو و لەسەر خانوەکەیان کۆشکێکیان هەبوو رەنگە زێدەرۆی نەبێت گەر بڵێم کەم لە شیوعیەکانی هەولێرهەیە کە لەو کۆشکە کۆبوونەوەی نەکردبێت و ئەو کۆشکەرۆلی زۆر زیاتر بو بۆ کۆبوونەوەو جێگاو رێگای هاورێیان لە بارەگایەکی

حیزبـی.من و هـاوڕێ یـادی هەزار جـاران بە خێـر رووداو و بەسـەرهاتی خـۆش وناخۆشی زۆرمان پێکەوە هەیە بۆیە هەر چەند لەسەر ئەم مرۆڤە کەم وێنەیە بنوسم بە چەنـد دێرێك تەواو نابێت.پاش راپەریـن یەکتریمـان دەدیت و سەری هارومـاری رابووردومان لە گەڵ یەکتری باس دەکرد و یەك لە باسەکانی باس ئەوەی بۆ کردم کە بۆ چەنـد جارێك مەمۆ ئەوی دیتیە و پرسیاری سەبارەت بە هاوڕێیانی لـێ کـردووە و جارێکیـان لێی پرسیوە کە دەنگـو باسی بکـر حاجی نـازنی و دەبێت لە کوێ بێت.گەلەك بە داخەوە کە گەلەک زوو بە نەخۆشیەکی کوتـو پڕو لە ناکـاو ماڵئاوای لێکردین.ئەو بنەماڵەی هاوڕێ ئەکرەم و ماڵ و منداڵەکانی هەرچیان بۆ بکرێـت کەمـو حیـزبیش بە چەنـدین جـار قەرزاری ئەو بنەمـاڵەیە و منـیش کەمتەرخەمـیم هەبـووە بەرامـبەر خـانەوادەکەی و بنەماڵەیەکەیان.هـاوڕێ چـووە ئارامگەی هەتا هەتایێ و بەڵام ئەو هەر لە یادگەم دەمینێت



## Rezgar Ibrahim

▪ بژیت ، سەرپۆش لەسەرِ زۆرِ نهێنی هەلدەگرِی کە ئێمە وامان نەبستبوو ، راستگۆیی و پەرِۆشیەکی شیرِین بەدی دەکرێ لە گێرِانەوەت ،



## Umed Baban

شێوازی دارشتن و راستگۆی لە بابەتەکانتا بەدی ئەکرێ لە درێژی بەبەتەکان کورت ئەکاتەوە ، بەراستی هونەریکە لەکەم نوسینا بەدیئەکرێ نـاوی بەرِێزتـان لای من وەک مارکە وایە هەر بەبینینی ،، خوێنەرتم



## Jassm Xailani

